




# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ زانیار حوسێنی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- خەباتی نەتەوایەتیی گەلێک کە دەبێ بنچینەکانی ڕێک بخرێتەوە ........ ٤

٢- وتووێژی بەهێز و هێزی وتووێژ ........ ٩

٣- کۆمەڵگە لە ڕێڕەوی بوون بە نەتەوەدا ........ ١٣

٤- چەکداریی زۆرەملی بۆ گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی ........ ١٧

٥- مەجلیس و پرۆژەیاسای دەستئاوەڵاکردنی حکومەت بۆ کوشتنی خەڵک ........ ٢٣

٦- و دیپلۆماسی؛ تاران و تێرۆر ........ ٢٧

٧- کورد و ئەسڵی دەسەڵاتی جیهانیی دەزگای دادی وڵاتان ........ ٣١

٨- ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ قانوون لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا ........ ٣٥

٩- پۆڵا دەشکی، بەڵام ناچەمێ ........ ٤١

١٠- لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین ........ ٤٤

١١- کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە ........ ٤٨

١٢- کاریگەرییەکانی وەئەستۆگرتنی سیاسیی پارلەمانتارانی جیهان ........ ٥٣

١٣- مافی چارەی خۆنووسین، ڕەوا و بۆ هەمووان ........ ٥٧

١٤- بارمتەگیری و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی ........ ٦٣

١٥- بەهەشتی زەهرا، ئاوێنەی کارەساتی دوو دەسەڵات! ........ ٧٠

١٦- هێلانەی هەڵۆ ئی هەڵۆیە! ........ ٧٤

١٧- کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا و ئاسۆکانی بەردەمی ........ ٧٧

١٨- ئایا بە کوژرانی ڕەئیسییەکان دیسان دڵخۆش دەبن؟........................................................ ٨١

١٩- ئاسنی ساردکوتان.......................................................................................... ٨٦

٢٠- قاسملوو زیاتر لە ناوێک و پتر لە زەمەنێک............................................................ ٩١

٢١- ٢٥ی گەلاوێژ، نوێنگەی دامەزرانی کوردایەتیی سەردەمیانە.............................................. ٩٧

٢٢- بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی و میکانیزمی ماشە.................................................. ١٠٢

٢٣- ویلایەتی فەقیهـ کۆماری ئیسلامی ئێران؛ قەیران لە هەموو ئاستەکاندا............................... ١٠٧

٢٤- ئابووریی ئەشکەنجە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.......................................................... ١١٣

٢٥- ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە (خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەمزێک لە کوردستان).......... ١١٧

٢٦- بنیاتنانەوەی متمانە یان قووڵکردنەوەی کەلێنەکان.......................................................... ١٤٣



## خەباتی نەتەوایەتیی گەلێک کە دەبێ بنچینەکانی ڕێک بخرێتەوە



لە دوای شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی ئەوەی گرینگ بوو و لە جیهانی سیاسەتدا بوو بە یەکێک لە پرسەکان، بە دەوڵەتبوونی میللەتان بوو کە چەندین هۆکاری سەرەکیی هەبوو. یەکەم، دەوڵەتانی داگیرکەر چیتر لەڕووی پۆتانسیەلەوە توانایی مانۆڕدان و داگیرکارییان لەو ئاستەدا نەمابوو. بەهۆی ئەوە کە هێز و توانا تەنیا لە دەست چەندین وڵاتدا نەبوو و وڵاتانێکی تریش هاتنە مەیدان و گۆڕەپانی کایەی سیاسییەوە. لەلایەکی دیکەشەوە میللەتان وشیارتر بوونەوە بەنیسبەت پرسەکانی وەک ماف، شەڕ، و دەسەڵات و گرینگیی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەدەستی خۆیان. هەروەها لەبەر ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان و خێرایی گەشەسەندنی پیشەیی وڵاتان و پێویستی پێوەندییەکی زیاتر لە بوارەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەو پێشچوونی کاروباری ئابووری و پیشەیی و دۆخی هەنارده و هاوردە، هەست بەبوونی ئاسایش و ئەمنییەتێکی زۆر زیاتر لە جاران لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا دەکرا.

بۆ ئەوەی بەربەستەکانی پێش ئاڵوگۆڕەکان و خێرایی ئەو ڕەوتە لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و پیشەیی کە پێشکەوتوویی و گەشەسەندنی بەدوادابوو، نەبێتە هۆکاری بەستێنی ململانەیەکی تری قورس لە گۆڕەپانی ڕکەبەری وڵاتاندا؛ بەدەوڵەتکردنی میللەتان، یان بەدەوڵەتبوونی میللەتان وەک پرسێکی گرینگ کە دەبێتە هۆی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات و ناوچە و نەزمی زەنجیرەی ئاسایشی گشتی هاتە نێو کایەی سیاسی و بوو بە مەسەلە و بابەتی ڕۆژ و دارشتنێکی نوێی جوغرافی و سیاسی، لە داهێنانی نەزمێکی نوێی جیهانیدا. هەرچەند کە بەدەوڵەتبوونی میللەتان بەو مانایە کە میللەتێک خۆی دیاری بکا کە لە جوغرافیای دیاریکراویدا چۆن سیاسەت و پێوەندییە نێوخۆییەکانی بەپێی



سەرچاوە Serchawe

بیروبۆچوون و کولتوور و کۆمەڵێک بابەتی دیکە دابڕێژێ، بابەتێکی زاتییە و مافی هەر گەلێکە. ئەگەر نەتەوەیەک وەک پەیکەرە و هەیکەلێک لە نەزەر بگرین، دەکرێ تەواوی ئەو مافانەی کە بۆ تاکێک ڕەچاوی دەکەین، بۆ ئەویش لەبەرچاوی بگرین، سەرەڕای مافە گشتی و نەتەوەییەکان و ئەو دەستە بەرژەوەندییەی کە بەپێی پێشکەوتنی زانست و چەمکەکان دێتە پێش.

کە وایە میللەت بۆ دەوڵەت و دەوڵەت بۆ میللەت، هەر وەک هەوایە بۆ سییەکان سییەکان بۆ گیانلەبەر. بەو مانایە کە ئەو بابەتانە زاتین و تایبەت بە نەتەوەیەک یان قەوارەیەک و قاڕڕەیەک نین. هەرچەند کە ئەو بابەتە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک خاڵەکانی تری جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنەکاندا هاتوە و مەشرووعییەتی جیهانیی پێ دراوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە پێش ئەوە، ئەو مافانە نەبوون یان بۆ نەتەوەکان بەحەق و ڕەوا نەزاندراوە. لە ڕاستیدا نەزمی جیهانی بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوا کە بە پتەوکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کەمڕەنگکردنەوەی خاڵە جیاوازەکان و تەعاموول و گفتوگۆ لەو بارەدا هەوڵ دەدەن بۆ پێکهێنانی ئاسایش و نەزمی نێونەتەوەیی. هەر بۆیەشە دەبینین کە جۆری هەڵسوکەوتی وڵاتان لە هەمبەر بابەت و کێشەکاندا ڕووی ڕەقی خۆی گۆڕیوەتەوە سەر بابەتە سیاسی و ئابوورییەکان.

یەک لەو بابەتانە کە زۆر بە کەمی باسی کراوە بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکان و میللەتانە و یەک لەو هۆکارانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی میللەتان کەم و زۆر بوون بە دەوڵەت. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوە کوردەکانن کە سەرەڕای حەشیمەتی چەند دە میلیۆنی بەڵام هێشتا دەوڵەت نەتەوەیان نییە و تەنانەت ئەمە دەکرێ بە پرسێکی نێودەوڵەتییش دابندرێ. لەم ڕووەوە کە چوار وڵات بە داگیرکردنی خاکی کوردان خەڵک و نەتەوەی کوردیان لە مافەکانیان بێبەش کردوە. ئەوەش کە کۆمەڵگەی جیهان بە پێکهێنان و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێکخراو و نەهادە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دابینکردنی ئەو نەزمە پێکهاتووە و پتەوترکردنی نەزم و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدا، خۆی شاهیدی ئەو باسەیە. بەڵام کورد وەک تەنیا نەتەوەی بەرچاوی بێدەوڵەت لەو بەشەی جیهاندا دەبێ چ بکا؟

ئەوەی کە لەلایەکەوە هێژموونیی وڵاتانی داگیرکەر و پلان و پیلانەکانیان بۆتە هۆی تێکدانی کولتوور و داب و نەریت و لێک دووربونەوەی بەشەکانی ئەو نەتەوەیە لە زۆر بابەتدا لە یەکتر؛ لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەش بۆتە هۆی پێکهاتنی بیروڕای جۆراوجۆر و تەنانەت زۆر جار دوور لە مەنتیق و کێشەساز. جیا لەوەی کە بە تێکدانی ئابووری و بەربست سازکردن لە هەمبەر ماف و پێداویستیە سەرەتاییەکان، ئەو مەترسییە هاتۆتە ئاراوە کە مێژوو و نەریت و زمانی ئەو گەلە یان بەشێک لەوانە بسڕدرێتەوە و ئەو ناوچەیە تووشی کۆمەڵێک حاڵەت و بابەتی دیکە بکا و مەیدان بۆ هێندێک دۆخی مەترسیدار بڕەخسێنێ. بۆیە لە باسە نێودوڵەتی و جیهانییەکاندا دەبێ ئەو باسە بکرێ بە پرسێک، کە کێشەی کورد ئیتر تەنیا کێشەی کورد نییە و چارەسەر نەبوون یان هەوڵی چارەسەر نەکردنی تەنیا زەرەر و زیان بە کورد

ناگەیەنێ. ئەوە مەسەلەیەکی هەستپێکراو و ئەزموونکراوە لە مێژووی جیهاندا، کە هەر نەتەوەیەک کە قەوارەی جوغرافی و زمان و کولتوور و مێژوو و ئابووریی دیارە و بۆتە دەوڵەت، نەتەنیا بۆتە هۆی ئارامی و سەقامگیریی دەسەڵات و دەسکەوتە ڕەوا و ئوسوڵییەکان لەو ناوچەیە، لە هەمان حاڵدا بۆتە هۆی چارەسەری زۆر کێشە و لاچوونی پاڵسی نەگەتیڤ و حەزفبوونی پۆتانسیەلە مەترسیدارەکان؛ هەروەها سەقامگیریی ئەمنییەتی و ئابووری و سیاسییش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ بووژانەوەی ئاشتی و گەشەسەندنی ئابووری و نەهێشتنی هیچ مەیدانێکی نەگەتیڤ بۆ بوون بە گۆڕەپانی ئیدئۆلۆژیکە نەباش و نابەجێیەکان. ئەوەش خۆی بۆتە کۆڵەکەیەکی دیکە بۆ باشتربوون و سەقامگیرتر بوونی نەزم و سەقامگیریی نێونەتەوەیی لە زۆر خاڵە هاوبەشەکاندا.

دیارە بۆ پێکهاتن یان پێکهێنانی ئەو حاڵەتانە ناکرێ تەنیا پشت بە چارەسەری سەرەتایی پرسەکان یان هێندێک لە کێشەکان ببەسترێ. بۆ ئەوەی ویست و داخوازییەکانی ڕەوا و ئوسوولی لە ناوچەیەک بێتە دی و لە ڕەوتی نێودەوڵەتی و بەجیهانیبووندا بتوانێ هەماهەنگ و هەودەنگ بێ، دەبێ هەموو پرس و کێشە سەرەکییەکان وەک خۆی ببیندرێ، تەفسیر و لێکدانەوەی دورووستی بۆ بکردرێ، ڕێگەچارەکان دیاری بکردرێ و ئەوجار لەسەر موافقەت و خواستی ئەو خەڵک و نەتەوەیە بێ. بە جۆرێک کە بالانسی ویست و خواست و مافەکانی هەموو لایەنەکان و سازکردنی فەزای گفتوگۆ و دانووستان و ئەزموونکردنی زۆربەی هەرە زۆری ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات، یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە دەکرێ دەرگای چارەسەری کێشەکانی پێ بکرێتەوە و پێی هیوادار بین.

چارسەری پرسی کورد نەتەنیا لەبەر بەرژەوەندی کوردی، بەڵکوو دەستەبەری بەرژەوەندیی ڕەوتی نوێی جیهانییشە بە تایبەت لە بواری ئابووری و ئەمنییەوە کە وڵاتانی زلهێز پتر چاویان لە سەقامگیری ئەو بەشە لە جیهانە. کە وابوو ئەوەی ئێستاکە بۆ کورد لە ڕۆژهەڵات گرینگە سازکردن و پێکهێنانی هاودەنگی و هەماهەنگی لەسەر مێحوەرێکی هاوبەشی نەتەوەییە ڕوو بە تاران، کە تەواوی پۆتانسییەلەکانی ئەو بزاڤە لەخۆ بگرێ و لە هەموو کارتەکانی نێوخۆیی وڵات و دەرەوەی وڵات و ناوچەکە کەڵک وەربگرێ، بە بەرنامە و پلانێکی ڕوون داواکارییە نەتەوەییەکان لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانەوە بەڕوونی شی بکاتەوە، و مودیرییەتی ئەگەرە خوازراو و نەخوازراوەکانیش بکاتە بەشێکی بنەڕەتیی ئەو مێحورە. هاوکات خەباتی مەدەنی لە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە بچێتە قۆناغێکی نوێ و بەربڵاوبوونی چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە ڕەوتە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پۆتانسیەلەی کە لە نێوخۆی وڵات هەیە، ببێتە هۆی هاودەنگی و هەماهەنگیی ڕێکخراو و گرووپ و کەسانی سەربەخۆش بۆ بڕیارە نەتەوەییەکان و وەدووکەوتن و پێڕەویی خەڵک لەو بابەتانە. ئەوە دیار و ڕوونە کە لە خەباتی مەدەنیدا تا ئەو جێیەی بکرێ هەزینە بۆ خەڵک بهێنرێتە خوارێ و لە هەمان کاتیشدا شوێندانەریی کارەکان و جموجۆڵەکان لەو بزاڤەدا زیاتر بێ. بەڵام هێنانەخوارێی تێچووی چالاکی و تێکۆشان بەو مانایە نییە کە بەشێک لە ڕەهەندی خەبات ڕوو لە لاوازی بنێ، یان وەلا بندرێ. بەڵکوو ئەسڵی کەڵکوەرگرتن لە

ڕەهەندەکانی خەبات ئەوەیە کە هەر بەشێکی ئەو ڕەهەندانە لە باشترین و ئامادەترین حاڵەتی خۆیدا بێ. چون ڕەهەندەکانی خەبات وەک ئاڵقەی زنجیرەیی بزاڤن و لاوازبوونی یەکیان یان بەشێکیان کاریگەریی نەگەتیڤ دەخاتە سەر بەشەکانی دی. بۆیە دەکرێ ئەو بابەتە وا پێناسە بکەین کە کەنگێ و چۆن و لە کوێ لە ڕەهەندێک کەڵک وەربگیردرێ؛ بەڵام ئەوەیکە بەشێک وەلا بندرێ یان وەک خۆی لە شوێن و پێگەی خۆی نەمێنێ، بۆ دوارۆژ بەپێی چاوەڕوانیەکانمان ناتوانێ ببێتە هەوێنی کاریگەرییەکی باش. بە تایبەت لە حاڵەتی ئێستادا کە کۆمای ئیسلامی جۆری سەرکوتەکانی گۆڕیوە و هەوڵ دەدا کە سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازیی کورد لەوپەڕی بێدەنگی و بە هەمان زەبروزەنگی ڕابردووش بێت، بۆ نموونە ڕفاندنی خەڵک یا کوشتنیان لە زیندانە کاتییەکاندا پێش ئەوەی بگەنە دادگاکان، یان دەستبەسەرکردن و بەردانیان بە دانانی بارمتەی قورس لەو دۆخە ئابوورییەدا، بانگکردنی خەڵکانی جۆراوجۆر بۆ ترساندن و تۆقاندنیان و ڕەشبگیرییەکانی ئەو ماوەیە. دەکرێ دەسەڵاتی داگیرکەر بە چەند حەرەکەتی سادەی مەدەنییانە هەڵسەنگێندرێ و ڕادەی بەرپەچدانەوەی ئاشکرا بێت بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازان.

ڕەهەندێکی دیکەی پرسەکە ئەوەیە کە بۆ تێپەڕاندن و بڕینی هێندێک قۆناغ لە خەباتدا پێویستە بنچینەکانی نەتەوەیی بەڕۆژ بکرێنەوە. ئەو بەشە تێکەڵاوەی نێو سیاسەت، هونەر، زمان و کولتوور کە دەستی ڕێژیمی تێدایە، بسڕدرێنەوە و لە هەمان کاتدا لایەنە باشەکانی نێو ناخی چینەکانی کۆمەڵگە پتەو و تۆخ بکرێنەوە و لایەنە نەباشەکانیش کاریان بۆ بکردرێ بۆ ئاڵوگۆڕ و جێگرەوەیان. ئەوەی کە زۆر گرینگە، ڕەوشی بزووتنەوەکان بەتایبەت بزووتنەوەی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات گرێ دراوە بە دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری خۆی و گەلانی دیکەی نێو ئێران کە ئەوانە بەشێکی بنەڕەتین لە بەشە گرینگ و پێویستەکانی بزاڤی نەتەوەیی. هەر بۆیە جیا لەوەی کە پێکهێنانی یەکدەنگی لە نێوماڵی کورد و سازکردنی مێحوەرییەتێک کە زۆربەی زۆری گەلانی دیکەی ئێران لە دەوری کۆ ببنەوە و بەدەنگێکی بڵێند و یەکدەست ڕووبەڕووی سەرەڕۆییەکان و چەوساندنەوەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و لەو بەشەدا بە تێڕادوویەوە دەکرێ بڵێین کە کورد دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ. لە لایەکیترەوە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەو بزووتنەوەیە وشیارکردنەوەی کۆمەڵان و چینەکانی خەڵکی کوردە لە ڕەهەندەکانی خەبات، بە تایبەت خەباتە کەم هەزینە و شوێندانەرەکان. بۆ ئەوەش پێویست و گرینگە بنچینەکان ڕێک بخرێنەوە، سەرلەنوێ تاریف بکرێنەوە و لەو شێوانەی کە پێویستە جۆر و چەمکیان بەپێی دۆخی کۆمەڵگە و نەتەوە دیاری بکرێ و بەپێی ئوسوول و ئیمکاناتی ئێستا لە ئاستێکی بەرچاو بڵاو بکردرێتەوە. دەبێ ئەو بابەتەش لەبەر چاو بگیردرێ کە ڕەنگە زۆر جاریش پێویست بە داهێنانێک بێت کە تا کوو ئێستا لە هیچ بزاڤێکیتر نەبووە؛ بەو مانایە کە ئەوە لەبەرچاو و ڕوونە خەباتەکان و شۆڕشەکان کەم و زۆر لە هێندێک حاڵەت و بابەتدا لە یەکتر دەچن یان ڕەهەند و جۆری چالاکییەکان لە یەکتر وەر دەگرن و ئەزموونەکان بۆ یەکتری دەگوازنەوە. بەڵام ئەوەی کە مەبەستە لە نووسینەدا ئەوەیە، کە جیا لەوانە لەو بەشانە کە کولتوور و جۆری پۆتانسییەلە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە و یان هێندێک بابەت هەیە کە لە بزاڤەکانی کەڵکوەرگرتوی دیکەدا نەبوون، دەبێ ڕێوشوێنی



سەرچاوە
Serchawe

نوێی بۆ بدۆزرێتەوە و لە چەند بوا دا بە شێوەی مەیدانی تاقی بکردرێتەوە و ئەگەر لە خەسارناسی چوارچێوەی دیاریکراوی بزاڤی ئاراییدا خۆی دیتەوە و جێی گرتەوە و بوو بە هۆی بڕینی قۆناغەکان لە حاڵەتی ئاسایی پێشوودا، یا بوو بە هۆی چارەسەر و یان ڕێخۆشکەر بۆ ڕەهەند وو حاڵەتەکانی دیکە، بهێندرێتە نێو ڕەهەندەکانی خەبات و لەو پرسە و مەسەلەیەدا پێناسە و تێئۆریزە بکرێ و هەوڵی بردنە نێو مەیدانی خەباتی بۆ بدرێ. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی مافخوازانە و ئازادیخوازانەی میللەتان زۆرن ئەو بابەتانەی کە بەپێی دۆخ و وەزع و ئیمکانات و پۆتانسییەل داهێنانیان بۆ کراوە و بەباشی وڵامدەر و پڕ دەسکەوت بوون؛ لە هێندێک حاڵەتیشدا بوونەتە هەوێنی ئاڵوگۆڕی بەشی دیکە و یان داهێنانی نوێی دیکە بۆ تەکمیلی ئەو زەنجیرە تێکۆشان و چالاکییانە.

ئەوەی کە دەبێتە زەنجیرێکی پتەو و قایم بۆ پێکهێنانی مێحوەرێکی هاودەنگ و هەماهەنگ بەکوردی کردنی ئەو بابەت و مەسەلانەیە کە بەپێی ڕاستییەکانی نەتەوەی کوردە لەو بەشەی کوردستان. ئەوە لە ڕاستی و تێگەیشتنێکی باشتر نیزیکە کە چەمکەکان و واتاکان بەپێی ئەو دۆخەی ئێستا پێناسە و شی بکرێتەوە، و هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەڕۆژ دەکرێنەوە حاڵەتی سیستەماتیک بەخۆی بگرێ، کە لە بەزایەچوونی کات و دەرفەتەکان کەم بکاتەوە. بۆ ئەوەش پێویستە بە زانیاریی زیاتر و وردبوونەوە لەسەر هەموو بابەتەکان و هەڵسەنگاندیان لەگەڵ ڕابردووی و داهاتوویان. بۆ ئەوەی بەسیستەمکردنی بزاڤ پێویستی بە زانیاریی دەقیق و ورد و ڕاست و واقعبینانە هەیە، بۆ ئەوەی چوارچێوەکان لە ڕەوتی ئەسڵی ئوسوولی خۆی لا نەدات. بە زمانێکی تر کوردانی خواستەکان و چوارچێوەکان دەبێتە هۆی گشتگیرترکردنی ئەو پرسە، کە بە وشیاربوونی کۆمەڵگە لە زۆربەی چینەکانی، و بە مۆزووع کردنی لە ئاستەکانی جۆراجۆردا بۆ خەڵک لە هەمبەر دەوڵەتی داگیرکەر، دەکرێ لاپەڕەیەکی نوێ و گرینگ هەڵبدرێتەوە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاوات و ئامانجەکانی نیزیکتر بکاتەوە.

٥ی جانێوێری ٢٠٢٢ = ١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# وتووێژی بەهێز و هێزی وتووێژ



وتووێژ جۆرێک لە کردەوەیە لە نێوان دوو یان چەند کەس و ڕێگایەکە بۆ پێوەندی لەنێوان خەڵک بەپێی داب و نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک. لێکۆڵینەوەی گفتوگۆ لقێکە لە کۆمەڵناسی کە موتاڵای جۆر و پێکهاتەی ڕەفتاری ئینسانی دەکا و قووڵتر دەڕوانێتە ڕەفتارەکانی گفتوگۆ. هەر وەک زانایان باس لەوە دەکەن کە وتووێژ بەر لەوەی کە پێوەندییەک بێ بۆ بە قەناعەت گەیاندن یان دژایەتیکردن، پێوەندییەکە بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن و لە ڕاستیشدا گفتوگۆ ڕێگەیەکە بۆ زانین و خۆی بەشێکە لە بازنەی ژیری. کە وایە دەتوانین بڵێین گفتوگۆ پێوەندییەکە لە نێوان دوو تاک، دوو کۆمەڵگە، دوو وڵات یان باشتر بڵێین پێوەندییەکە کە دوو یان زیاتر لە دوو بەرەدەنگی هەبێ.

وتووێژ و دانوستان شێوە و چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە. بەپێی دۆخ، کات، زەمەن و جۆری پێوەندی و خواستەکان دەگۆڕدرێ. یەکێک لەو ئامرازانەی کە مرۆڤ بەپێی تەمەنی شارەستانییەتی خۆی گرینگی پێداوە یان پێویستی پێی بووە و تاکوو ئێستاکەش پێویستی پێیەتی، گفتوگۆیە.

لە ڕاستیدا گفتوگۆ بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ و لە بنەڕەتدا ناکرێ ژیانێکی بێ گفتوگۆ بۆ مرۆڤ لە ئارادا بێ. قسەکردن، دواندن، داوا کردن و کۆمەڵێکی زۆر لەو دەستەواژانە، هەمووی دەگەڕێنەوە سەر ئەو بابەتە کە مرۆڤ و گفتوگۆ، بکەر و کردەوەی یەکترن کە هیچیان بێ ئەوی دیکە، ئیمکانی نییە. بناغەی هەموو پێوەندییەکان گفتوگۆیە و ئەوە لە ڕاستیدا یەکێک لە پێوەرەکانی پێناسەکردنی کۆمەڵگە یان پێکهاتنی کۆمەڵگە وتووێژە. گفتوگۆش وەک تەمەنی مێژووی مرۆڤ لە ئاڵوگۆڕی بەردەوام و پێشکەوتن و تاریف و لێکدانەوەی جۆراوجۆردا بووە و لە مێژووی هاوچەرخیشدا، لەبەردەم ئاڵوگۆڕدایە؛ چونکە جیهان بەو ئاقارەدا دەڕوا کە کێشە و ئاریشەکان بە تایبەت کێشەی نێوان وڵاتان لەسەر

بەرژەوەندییەکانیان بە زمانی قسە و پێکهاتن چارەسەر بکەن، تا ئەوەیکە پەنا بۆ زەبر و زۆر ببەن. بە زمانێکی تر وڵاتان لەو سەردەمەدا بەو ئاستە گەیشتوون کە گفتوگۆ زمانێکی بەهێزتر لە زمانەکانی تری ویست و خواستەکانە کە دەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیردرێ و بە خەسارێکی کەمتر لە درێژماوەدا، داخوازییەکان و بەرژەوەندییەکانی پێ بپارێزرێ.

گفتوگۆ و زمانی گفتوگۆ حاڵەت و تایبەتمەندیی جۆراوجۆر بە خۆیەوە هەیە. تەنانەت بۆ هەر کەیس و بابەتێک بەپێی دۆخ و شوێن جیاوازیی هەیە. ئەوە هونەری لایەنەکانی بەرانبەرە کە چۆن و بە چ شێوەیەک لەسەر مێزی گفتوگۆ هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و وەدەستهێنانی خواست و بەرژەوەندی زیاتر بدەن. جیا لەوانەش داهێنان لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و ئەوەی کە وردەکارییەکان چۆن دیاری بکرێن و سنوورەکان سەبارەت بە جۆری پێوەندی و گفتوگۆ چۆن دیاری دەکرێن، دەگەڕێتەوە سەر ئاستی وشیاری، ژیری و زانیاری لایەنەکان. لە ڕاستیدا گفتوگۆ خۆی دەبێ وەک زانستێکی جیا چاو لێ بکرێ و لە بازنەیەکی تایبەتیدا تاریف و ڕوون بکرێتەوە و بایەخێکی زۆری پێ بدرێ. ئێستا زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان، گفتوگۆ وەک چەکێکی بەهێز و کاریگەر چاو لێ دەکەن کە مەشروعییەتی یاسایی و نێودەوڵەتیشی لە پشتە. لە ئاکامی گفتوگۆ کە بە پەسندی لایەنەکان دەگا، لە باسی ماف و یاسادا بە گرێبەست نێو دەبردرێ و لایەنەکان بێ هیچ زەبر و زەنگێک مەجبوور بە پێبەندبوون بە نێوەرۆکی هەموو ئەو بابەتانە دەکا کە لە نێوەرۆکی گرێبەستەکەدا هاتوون؛ هەرچەند کە پێبەندنەبوون بەو ماف و خاڵانەی کە قبووڵ کراون، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی بەرانبەر بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی یان دیاریکراو لە گرێبەستەکەدا، گوشار بخاتە سەر لایەنەکەیتر بۆ بەجێهێنانی ئەرک و حاڵەتە دیاریکراوەکان یان قەرەبووکردنەوەی جێبەجێنەکردنی بەڵێننامەکە.

ئەوەی کە گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە گفتوگۆ کۆمەڵێک بنەما و کۆڵەکەی پێویستە بۆ بەهێز بوون. یانی کاتێک لایەنەکان بە مەبەستی پێکهاتن یان قسەکردن لەسەر بابەت یان کێشە یان باسەکان کۆ دەبنەوە، دوو مەسەلە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن؛ یەکەم هێزی گفتوگۆیە، بەو مانایە کە دوو لایەن یا چەند لایەن بە چ هێزێکەوە لەسەر مێز دادەنیشن. بچووکترین ڕووداوەکان هەتا گەورەترینیان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەپێی پێویست لەسەر پرۆسەکە دادەنێ. هەربۆیەش لە گفتوگۆدا بە تایبەت لە گفتوگۆی سیاسیدا، جگە لە ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسیی لایەنەکان سەبارەت بە خۆیان و بە یەکتر، پێویستیانە کە ڕۆڵ و کاریگەرییە سیاسییەکان لە ناوچە و جیهانیش بە هەمان ڕادە لەبەرچاو بگرن و خوێندنەوەیان هەبێ لەسەر کارتێکەرییەکان لەسەر خۆیان و ئەو دۆخەی کە دەیانهەوێ پێکیبێنن، یان ئالوگۆڕی بەسەردا بێ. ئەوەش جێگەی ئاماژەیە کە بەهێزی لە گفتوگۆدا، پێویستیی بە کۆمەڵێک هێز و توانا هەیە لە زۆر بواردا، بە تایبەت لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی، ڕادە و چۆنیەتیی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە و دۆخی نێوخۆی وڵات.

ئەوەی کە لە زۆربەی کاتەکانی مێژووی مرۆڤدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە و ئێستاش یەکێکە لە دەورگێڕانی لە گفتوگۆکاندا،

ئابوورییە، کە لەو سەردەمەدا وەک چەکێکی قورس چۆنیەتیی ڕێککەوتنەکان، هەڵوێستەکان، بەرژەوەندی و داڕشتنەکان و زۆربەی چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان و چوارچێوەکان دیاری دەکا. لە لایەکی دیکەوە مێدیاکان، ڕای گشتی، کولتوور و کۆمەڵگەش لەو ماتەوزانەن کە ناکرێ چاوپۆشییان لێ بکرێ. بە تایبەت کولتوور کە خۆی بەشێکی دانەبڕاوە لە گفتوگۆکان، کە وەک ئامرازێکی ڕێخۆشکەر بۆ لە یەکتر نیزیک بوونەوە یان دوور کەوتنەوە لە هێندێک بابەت و باس کەڵکی لێ وەردەگیرێ. زۆر سادەتر دەتوانین بڵێین هەر پوتانسییەلێک کە هەر یەک لە بەرانبەرەکان لە بازنەی هێز، دەسەڵات، ئیمکانات و لە دەسکەوتەکانی خۆیان هەیانە، لە ڕەوتی گفتوگۆ ا ڕۆڵ دەگێڕێ. بەڵام لایەنەکی دیکەی گفتوگۆ، گفتوگۆی بەهێزە، کە بەشێکە لە پرۆسەی گفتوگۆ. ئەوەی کە کام لایەن لەو دووانە زیاتر کەڵک لە کام یەک لەوانە وەردەگرێ، دەگەڕێتەوە سەر پوتانسیەل و ئیمکانات و تواناکانی خۆی. بەڵام گفتوگۆی بەهێز چییە؟

دەکرێ بگوترێ ئەو گفتوگۆ و باسەیە کە لایەنێک بە هێنانە بەرباسی بابەتەکان و شیکردنەوە و وێناکردنی حاڵەتەکان لە کورتماوە و درێژماوەدا، بەرانبەرەکەی بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە مەبەستی لە دیاریکردنی ئەو حاڵەتانە یان ئەو پێکهێنان و تێبینییانە، بەرژەوەندیی دوو لایەن زیاتر دەپارێزێ و دەبێتە هۆی پێشگیری لە خەسارەکان بۆ هەردووک لایەن. بۆ نموونە دیتراوە کە لایەنێک هێزی گفتوگۆی لە لایەنی بەرانبەر کەمتر بووە، بەڵام توانیویەتی گفتوگۆیەکی بەهێز ساز بکا و دەسکەوت و گرێبەستێکی باشیش پێک بێنێ. ئەوەی کە ڕوونە لەسەر مێزی گفتوگۆ، هیچکات دوو لایەنی بەرانبەر لە ئاستێکدا نەبوون؛ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەموو ڕەهەند و حاڵەتەکان و دۆخی وڵاتان. بە تایبەت ئەگەر گفتوگۆ لەنێوان دەسەڵاتێک و بزاڤ و بزووتنەوەیەکی ئارایی لەو وڵاتەدا بێ. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە هێزی بەرانبەرەکان نە تەنیا هاوسەنگ نییە، بەڵکوو زۆریش نابەرابەرە. هەربۆیە گفتوگۆی بەهێز خۆی وەک چەکێک وایە بۆ بەرانبەرێک کە هێزی گفتوگۆی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری لە ئاستێکی هاوسەنگدا نییە. بۆ ئەوە دەبێ جیا لە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەسەر ویست و داخوازەکانی لایەنی خۆت، دەبێ خاڵی لاواز و بەهێزیی بەرانبەر بەتەواوی بناسی، کاری لەسەر بکرێ و لە هەمان کاتدا ئەوە ڕوون بێتەوە کە چۆن دەکرێ ئەو خاڵانە بکرێنە مەسەلە یان ببنە ئامانج بۆ شوێندانەری لەسەریان. لە ڕاستیدا بەرانبەرێک کە هێزی گفتوگۆی لە ئاستی لایەنی بەرانبەریدا نییە، دەبێ بتوانێ گفتوگۆیەکی بەهێز ساز بکا کە دوور لە ڕاستییەکان و ئیمکانات و زەرفییەتەکانی خۆی نەبێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆری ویست و داخوازییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆخی خۆی و هەروەها هێزی داهێنان و گۆڕینی حاڵەتەکان بۆ هێنانە سەری گفتوگۆیەکی بەهێز.

ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی ڕۆژهەلات و خەباتی حیزبی دێموکرات لەسەر ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان، مێژوو ئەوە دەردەخا کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمەوە لەسەر ویست و خواستی گەلی کورد سوور بووە و بە شانازییەوە ئەرکی نوێنەرایەتیی خەڵکی وەئەستۆ گرتوە و لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بەپێی دۆخ و زەرفییەت و ئیمکانات

کۆتایی نەکردوە. بەڵام ئەوەی کە لە نێو حیزبدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە دیالۆگ و گفتوگۆ جێگە و پێگەیەکی زۆر بەبایەخی هەیە و ئەوەش دەکرێ بە وردبینی و لێکدانەوەی باشی دوکتوورینی حیزبی دێموکرات دابندرێ کە لە هەموو هەلومەرجێکدا و تەنانەت لە کاتی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی دژە گەلیی حکوومەتی ئێران؛ هاوکات ئامادەگی خۆی بۆ دانوستان و دانیشتن لەسەر مێزی وتوویژ دەربڕیوە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات و پوتانسییەلەکان و تێگەیشتنێکی باش لەو ڕاستییە کە وتوویژ و گفتوگۆ لە ئاکامدا چارەسەری زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانە، ئەو ڕەوتەی کردۆتە پێوەر و ئەساس بۆ ڕەخساندنی هەلی بە ئاکام گەیشتنی ئامانجەکان. هەر بۆیە بۆ حیزبێکی سیاسی کە دژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی وڵاتە، پێکهێنانی گفتوگۆیەکی بەهێز گرینگە. بۆ نموونە یەکێک لە ڕێگەکان ئەوەیە کە بەپێی دۆخی ئێران و لە کاتی ئێستادا، بە ڕەچاو کردنی زۆرینە و کەمینەکان و بالانسی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات، بەرەیەک پێک بێ، کە نە تەنیا گفتوگۆیەکی بەهێز بێتە ئاراوە، بەڵکوو بتوانرێ هێزێکی گفتوگۆش بە مەبەستی گەیشتن یان نیزیک بوونەوە بەو بەشە لە ئامانجە دیاریکراوەکان و هاوبەشەکان، لە نێوان بەرەی پێکهاتوو پێک بهێندرێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر بکرێ.

**٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢ = ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

# کۆمەڵگە لە ڕێڕەوی بوون بە نەتەوەدا




هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕێڕەوی بە نەتەوەبووندا پێویستی بە چەند مەرجی سەرەکی هەیە، ئەویش خاوێنیی زمان، مێژوو، کولتوور و جوغرافیای دیاریکراوی تایبەت بە خۆی. لەپەنا ئەو خاڵانە کە مەرج و بناغەی بەنەتەوەبوونی هەر کۆمەڵێکە و جیا لەو خاڵە هاوبەشانە، ویست و خواستی بەکۆمەڵیش لە هەڵبژاردن و بەشداریکردن لەو ڕێڕەوەدا ئەوەندە گرینگ و پێویستە. لەو نموونە و ئەزموونانە لە مێژوودا زۆرن کە کۆمەڵگەیەک لەوپەڕی مەزنی و پێشکەوتوویدا بووە و وەک کۆمەڵگەیەکی ئارمانجی یادی لێ دەکرێ و کەڵک لە ڕەوشت و بۆچوون و پلان و دەسکەوتەکانیان وەردەگیرێ، بەڵام چونکی ڕای گشتی و ویست و خواستی بەکۆمەڵیان دوور بوە لە بەنەتەوەبوون، لە دوای ماوەیەک تەنیا ناو و ئاسەواریان ماوەتەوە و خولیای ژیانی بەردەوامی کۆمەڵگە تەنیا لە کتێبە مێژووییەکان و سەرچاوە دیارەکانی شارەستانییەتدا ڕەنگی داوەتەوە و لەو سەردەمەدا سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵگەیان کوێر بۆتەوە.

دەکرێ کۆمەڵگەیەک لە بواری زمانییەوە، چۆنیەتیی بەرەوپێشچوون و نەریتی هەڵسوکەوتەوە لەنێو ناخی چینەکانی خۆیدا هاوئاهەنگ بێ و گەشەی ئابووری، شارستانییەتێکی سەردەمیانە و مەدەنییەتێکی چالاک بەخۆیەوە ببینێ؛ چەمکەکانی ئازادی جێگیر بکا و چینی ڕەخنەگری ڕووناکبیر لە پێگەی خۆیدا بێ، بەڵام نەبێتە نەتەوە یان نەتەوەسازیی بۆ نەکرێ. ئەوە ڕاستە کە میللەتسازی پێویستیی بە چەند کۆڵەکەی دیار و جێکەوتوو هەیە، بەڵام تەنیا بوونیان نابێتە هۆکاری چوونە نێو ئەو پرۆسەیە یان کەوتنە سەر ئەو ڕێچکەیە.

بۆ بوون بە میللەت جگە لەو مەرجە هاوبەشانە، پێویستە کە چینەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە بیرێکی بەکۆمەڵ، لەسەر ویست

و خواستی خۆیان و هەستکردن بە زەروورەتی چوونە نێو ئەو پرۆسەیە، بە وردی لەسەر بایەخەکانی کۆمەڵگە شیکاری بکا و بە لێکدانەوەی جیاوازی ئایینی و کولتووری و پوتانسییەلە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەها و بایەخی نوێ بخوڵقێنێ بە شێوەیەک کە لەباتی یەکدەستکردنی بەها و بایەخە چینایەتییەکان، چینە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بەها نوێیەکان لە سەرووی بایەخەکانی خۆیان بزانن و ژیان لە ئاستێکی بەرفراوانتر لە ئاستی ئێستایاندا ببینن. هەربۆیە باسی بناغەیی بە نەتەوەبوونی کۆمەڵگە یان بەمیللەتکردنی کۆمەڵگەیەک کە هەموو خاڵە زەروور و پێویستییەکانی هەیە؛ دارشتنێکی گونجاو و وڵامدەری دەوێ کە سەرووی هەموو زەرفییەت و ویستە مەوجوودەکانیەتی. باس لەو بەها و بایەخانەیە کە بێئەوەی بەها و بایەخە ئاراییەکان رەت کاتەوە، هەموویان وەک خۆی ببینێ، قبووڵیان بکا و دانیان پێ دابنێ و لەو سۆنگەیەوە هزری نەتەوایەتی بەو شێوەیە تاریف بکرێ و دابەزێندرێ کە هەیکەلەی کۆمەڵگە بە ویست و خواستی خۆی، بە خۆرێکخستن و هەڵبژاردنی بایەخ و بەها نوێیەکان و لەبەرانبەر بەها و نرخە مەوجوودەکان، بە هەڵبژاردەی خۆی بچێتە رێڕەوی ئەو پرۆسەیەوە.

### بۆیە ئەو پرسیارە گرینگە کە چ هۆکار و پرەنسیپێک دەبنە هۆکاری پێکهاتنی میللەتێکی واحید و ئەو پێکهاتەیە سەردەکەوێ و چۆن بەردەوام دەبێ؟

ئەوەی کە لە ئاکام و پرۆسەی میللەتسازیدا گرینگە و بنەماکەی پێکدەهێنن یەک لەوان یەکگرتوویی و پێکەوە حاوانەوەی نەتەوەییە؛ بەو مانایە کە چینە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێناسە نەتەوەییەکان سەرووی پێناسەی قەومی، عەشیرەیی و ناوچەیی دابنێن؛ واتە لە لای تاکەکانی ئەو چینانە، ئەو پێناسە و بەها نوێیانە پیرۆزتر و بەبایەختر بن تا بەها و پێناسە نەریتی و کۆن و ناوچەییەکان. لەو مەرجەدا لاچوون و نەمانی پێکهاتە کۆنەکان ئامانج نییە، بەڵکوو نەمانی ئەو جۆرە بیروبۆچوونانەیە؛ دیتراوە کە کۆمەڵگەیەک لە لابردنی ئەو جۆرە پێکهاتانەدا سەرکەوتوو بووە بەڵام لە هەمان کاتدا مانەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتانە تەنیا لە باری رواڵەتییەوە پێکهاتەکانی گۆڕیوە و بنەمای تێگەیشتن و هەڵبژاردەکان هەر بە لەهێڵەکدانی روانگە کۆن و قەومییەکەیە. متمانەی گشتی خاڵێکیتری ئەو بابەتەیە کە کاتێک دەکرێ ئەو رێگەیە تا کۆتایی پێکهاتەی میللی سەرکەوتوو بێ کە متمانەیەکی گشتی و قووڵ بەردەنگی ئەو پرۆسەیە بێ. ئاشتەوایی بەردەوام کە بۆ لێکتێگەیشتن و نیزیکبوونەوە و پێشگرتن بە کێشە و دۆخی نالەباری چینایەتی کە دەبنە هۆی کەند و کۆسپ لەبەردەم ئەو پرۆسەیە. گەشەی هاوسەنگ و بەردەوام لەو کۆمەڵگەیەدا دەبێتە هۆی سەقامگیری و جێگیرتر بوونی دۆخ و ئەو رێڕەوە. رەوایی نەتەوەیی و فرەرەگەزی کە بەبێ رەوایی و نەبوونی رێپێدراوی لە لایەن خەڵک و چینەکانی کۆمەڵگەی بەردەنگ؛ پشتیوانیی کۆمەڵگە لەو رێرەوە بناغەی تێپەراندنی قۆناغەکانە لە قۆناغە جیاواز و زنجیرەییەکانی بە میللەت بوون.



سەرچاوە
Serchawe

## مۆدێلی میللەتسازی لە سێ بەش پێک دێ:

**یەکەم؛** پێویستبوونی میللەتسازی (پێناسەی نەتەوەیی) لەبەر ئەوەی کە ڕەوتی میللەتسازی لە کۆمەڵگەدا بەباشی و سەرکەوتووانە بچێتە پێشێ، خەڵک و پێناسە کۆنە قەومییەکان و ڕەگەزی و ئایینییەکان تێپەڕ بکا و بە هەست و بیرێکی گشتی و بەکۆمەڵ بگەن. تێپەڕاندنی پێناسە کۆن و سونەتییەکان زۆر هاسان و سادە نییە و پێویستی بە پێکهاتنی وشیاری و ئاگاهییەکی بەکۆمەڵ هەیە. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا میللەتسازی لە پێش دەوڵەتسازییە. لە ڕاستیدا ئەوان بەپێی ئەزموونە مێژووییەکانی خۆیان بە وشیارییەکی بەکۆمەڵ گەیشتوون و زەروورەتی هەوئاهەنگیی بەکۆمەڵیان لە قالب و چوارچێوەی یەک نەتەوەدا دەرک کردوە و لە دوای ئەوە هەوڵیان داوە کە دەوڵەت بە چەمکێکی ئەورۆیی و مۆدێرن ساز بکەن.

**دووهەم؛** ستراتیژیی بەردەوامی ڕەوتی میللەتسازی کە بۆ پتەوکردنی میللەتسازی، دەبێ هۆکارەکانی بنەڕەتی ئەو مەسەلەیە دەرک بکەین. چونکە ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەخاتە بەرچاومان کە نەبوونی ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی لێکترازانی ئەو بابەتانەی کە کراونەتە کۆمەڵایەتی لە ڕێرەوی میللەتسازیدا و شێوەی ئەو پرۆسەیە تووشی کەند و کۆسپ دەکا.

هۆکارەکانی بنەڕەتیی میللەتسازی چەمکەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کارامەیی دەسەڵاتە. نەبوون یان لاوازبوونی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە بە مانای نەبوونی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سەروەت و سامانە کۆمەڵایەتییەکانە کە خۆی دەبێتە هۆی ناڕازیبوونی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. مسۆگەرکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سازبوونی هەستی بەیەکەوە بوون و یەکدەنگی لە بابەت کۆمەڵە بابەتەکانی کۆمەڵگە و بەستێن بۆ پتەوکردنی ئەو ڕەوتە پێکدێنێ و هێزی پێ دەبەخشێ. کاتێک کە چینەکانی کۆمەڵگە لە نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان دەناڵێنێ و دەرفەتەکان و سەروەتە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ناعادڵانە دابەش دەکرێ، ئێحساس و زەروورەتی یەکگرتوویی و لێکنیزیکبوونەوە پێک نایە و لە ئاکامدا ئەو ڕەوتە بەتەواوی قۆناغەکانی تێپەڕ ناکا. نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری بەرهەستی دەرەکییە کە دەتوانێ ببێتە هۆی زیادبوونی دژوازەکان و لێکترازانەکانی نێو کۆمەڵگە. بێجگە لەوانە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، ئەو نابەرابەرییانە بە بەشێک لە چینەکانی کۆمەڵگە دەخرێنە پەراوێز و هەست بە بەشخوراوی دەکەن. هەربۆیە بۆ دەستەبەرکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پتەوکردنی ئەو ڕەوتەیە. کارامەیی دەسەڵات کە بۆ سازبوونی میللەت یان بەردەوامیی ئەو ڕەوتە لە بەردەم کەند و کۆسپ و دیاردە کۆن و نوێیەکانی کۆمەڵگە پێویستە. ئەو کارامەییە بە سڕینەوە و لە پەراوێزهاویشتنی ڕاستییەکان و پوتانسییەلەکان نایەنە دی و تەنیا بە

ڕێزگرتن لە بەها و بایەخە کۆنەکان و هەروەها داهێنانی بایەخە نوێیەکانە کە لە لایەن هەموو چینەکانەوە جێگەی ڕێز بێ.

**سێیەم شت؛** پێوەندیی میللەتسازییە لەگەڵ دەوڵەتسازی. میللەتەکان پێک دێن بۆ ئەوەی دەوڵەت دامەزرێنن و دەوڵەتەکان پێک دێن بۆ ئەوەی تەواوکەری میللەت بن، یارمەتی بەرەوپێشچوونی میللەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا بکەن و پلان و بەرنامەی بۆ دابڕێژن و هەوڵی پاراستنی دەسکەوتەکان و هەروەها گەشەکردنی ئەو پرۆسەیە بدەن. لە ڕاستیدا میللەتسازی بەبێ دەوڵەتسازی پرۆسەیەکی ناتەواوە، لە بنەڕەتدا بە میللەت بوون بۆ ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ ئاگاداری و پاراستنی ئەو پرۆسە تێپەڕکراوە هەبێ. چونکە لە ڕاستیدا میللەت ڕوحی زیندوو و بەبایەخی کۆمەڵگەیە کە ئەرکی چاوەدێری و پاراستنی بەشە جۆراوجۆر و پێویستەکانی کۆمەڵگە دەخاتە بەشی بەدەسەڵاتی خۆی بە ناوی دەوڵەت. بۆیە لەو سەردەمەدا دەوڵەتان یەکێک لە ئەرکە سەرەکییە گرینگەکانیان چاوەدێری و بەڕێوەبەری و داڕشتنی پلان و بەرنامەیە بۆ میللەت و وشیاری لە هەڵنەوەشانەوە و لێکنەترازانی بایەخ و بەها نەتەوەییەکانە.

بۆیە نەتەوە و میللەتی بێدەوڵەت پێکهاتەیەکی سەقەت و لاواز دەبێ. لەو سەردەمەدا کە جیهان لە هەموو بوارەکانەدا بەرەو پێشکەوتنە و ئاڵوگۆڕی ئامار و داتا زانستی و کولتوورییەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و خێراتر دەبن، پێویست و زەروورە کە میللەت بۆ ڕاگرتن و پێشکەوتنی خۆی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانەوە پێکهاتەی دەسەڵاتداری و حاکمییەتی هەبێ. هەر بۆیە لەبەردەم پرسی کورد و ڕوانگەی بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد لە هەمبەر ئەو بابەت و مەسەلەیە، هەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا، تێکۆشەرانی کورد، هەموو داواکارییەکانی گەلی کوردیان لەسەر بناغەی بەمیللەتبوونی کورد و بەشداری کورد لە پرس و دەسەڵاتی سیاسی وڵات بووە. ئەوە واقع بینی و وردبینی تێکۆشەرانی کوردە کە هەموو هەوڵێک دەدەن کە کورد بتوانێ لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا نێوماڵی خۆی ڕێک بخا و بتوانێ قۆناغەکانی بەمیللەتبوون تێپەڕ بکا. وەک باس کرا یەک لەو قۆناغە گرینگانە بەدەوڵەتبوونە کە میللەت دەتوانێ لە سێبەری دەسەڵاتداری خۆی کەڵک وەربگرێ و ئەو ڕێڕەوە لە بوارەکانی گرینگ و پێویستدا باشتر و پتەوتر بەڕێوە بەرێ و لە هەمانکاتدا بە مەشروعییەتی نەتەوایەتیی دەسکەوتەکانی ئەو ڕێگەیە لە پەنا پێشکەوتنەکان و گەشەکردندا بپارێزێ.

**٧ی مارچی ٢٠٢٢ = ١٦ی ڕەشەمەی ٢٠٧٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## چەکداریی زۆرەملی بۆ گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی جیهانی



سەربازیی مۆدێرن بۆ دەوڵەت یان چەکداریکردن بۆ دەوڵەت دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە و مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩٨ زایینی (١١٧٧ هەتاوی) کە لەدوای شۆڕشی فەڕانسە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەو وڵاتە هاتە ئاراوە و وەک یەکەمین جمهوری لە جیهانی مۆدێرندا بەو پلانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەبەرانبەر پاشایەتیی رۆژئاواییەکان بەرگری لە کیان و گەلەکەی بکات. لەڕاستیدا مەسەلەی هێزی سەربازی لە هەموو وڵاتێک بۆ پێکهێنانی ئاسایش و بەهێزکردنی ڕەهەندەکانی بەرگری وەک پرسێک بۆ هەموو دەوڵەتان بووە و ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ دۆزرایەوە و تاقی کرایەوە. دواجار بە داهێنانی فەڕانسە لەو بوارەوە لەژێر ناوی سەربازیی بەزۆرەملی، وڵاتانی تریش ئەزموون و بژاردەی ئەویان کردە هەوێنی چارەسەری ئەو مەسەلەیە.

**پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ تاکێکی کۆمەڵگە ماوەیەک لە تەمەنی خۆی لەپێناو خزمەت بە وڵات یان دەوڵەت دابنێ؟**
**بەڕاستی لەنێوان خزمەت بە وڵات و میللەت لەگەڵ دەوڵەت جیاوازیی چییە؟**

هەر وڵاتێک بۆ پێکهێنانی ئاسایشی نێوخۆیی، بۆ پاراستنی سنوورەکانی لەهەمبەر دەستدرێژیی بیانی و کێشەی سیاسی، جوگرافی، ئابووری و نیزامی، بەرگری کردن لە ماف و چارەنووسەکەی و هتد پێویستی بە قەوارەیەکی نیزامی هەیە. ئەوەی دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی نەکردنی دەوڵەتان بە نیسبەت یەکتر، هەروەها پاراستنی دۆخی ئارامی نێو کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لەو کردەوانەی کە پێش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرێ، هێزی نیزامیی وڵاتە. ئەو هێزە لە یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێکدا پێناسە کراوە و لەئێستادا ئەو پێناسەیە پەلی بۆ کەرتە ئابووری و یاساییەکان و ڕای گشتی لە ئاستی

جیهانیشدا هاویشتوە و بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو دیاردەیە دوو پێناسەی بۆ بکردرێ کە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یەکتردا خاڵی هاوبەش و جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ یەکتر هەیە. پێناسەی یەکەم کە لە دەسپێکی هاتنە ئارای ئەو دیاردەیە بۆی کراوە بەو جۆرەیە کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەزۆرەملی لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێ تەمەنی خۆی پێشکەشی خاک و نیشتمان بکات و لەبەرانبەریشدا لەدوای ئەو تاکەکانی دیکە ئەو کردەوە بەزۆرەملییە بگرنە ئەستۆ. ئەو زۆرەملییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەپێناو بەرژەوەندیی نیشتمان و میللەت و دەسکەوتەکانی وڵاتدایە؛ ئەوە پێناسە و بۆچوونی ئەو وڵاتانەیە کە سەربازی لە یاسای ئەواندا بەزۆرەملی پێناسە کراوە و وەک هەموو یاسایەکی دیکە خاڵ و ئوسوولی پێویستی بۆ دەستنیشان کراوە.

پێناسەی دووهەم کە بە سەربازی خۆخوازانە نێوبانگی دەرکردوە و زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو سەردەمەدا پێڕەوی لەو شێوازە دەکەن، بەو جۆرەیە کە سەربازی وەک هەموو کار و پیشەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە وەک دیاردە و کارێکی پرۆفیشناڵ چاو لێ دەکردرێ و کەسانێک کە دەخوازن لە پیشەی نیزامیدا کار بکەن و شارەزایی وەدەست بێنن و سەرکەوتوو بن، دەچنە نێو ئەو بازنە کارییەوە؛ دیارە سەربازی (چ خۆخوازانە و چ بەزۆرەملی) وەک هەموو کار و پیشەیەکی دیکەی کۆمەڵگە خاڵی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە.

سەربازی بەزۆرەملی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی (١٣٠١ی هەتاوی) لەلایەن وڵاتی ئیرلەندەوە وەلانراوە و دواتر وڵاتانی وەک ژاپۆن، ئینگلیز، لوکزامبورگ، ئوسترالیا، ئەمریکا ئەو کارەیان کرد و لە ئێستادا ١٠٩ وڵات ئەو کارەیان کردوە کە سەتا ٥٥ی وڵاتانی دنیا دەگرێتەوە. لە سەتا سی و دووی وڵاتانی دیکە سەربازییان بەشێوەی خۆخوازانە یان تێکەڵاوێک لە دوو شێوازی خۆخوازانە و بەزۆرەملی (لە ماوەیەکی کەمدا و بە مەبەستی ئاشنابوون لەگەڵ چەمکەکانی نیزامی و جۆرەکانی بەرگری و هتد) یان سەربازی بەشێوەیەکی مەدەنی یان نیزامی بەبێ چەک هەیە. بەڕێوەبەرانی وڵاتان بە لێکدانەوەی باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات بەو ڕاستییە گەیشتوون کە سەربازیی پرۆفیشناڵ و خۆخوازانە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکان (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی مرۆیی) بۆ وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات یان وڵاتێک کە بەرەو ئازادییە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو دەنێ باشتر و جێگرتووترە و پرۆسەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات، بەو جۆرە جێگەی پاراستنی دەسەڵات (بەشێوەیەکی یەک ڕەهەندی) دەگرێتەوە و پێش لە سازبوونی هەل بۆ چەقبەستوویی نێوخۆیی و چوونی دەسەڵات بۆ نێو ڕێگەی دیکتاتۆرییەت دەگرێ. لە وڵاتێکی ئەوهادا هێزی نیزامی بە تایبەتمەندییەکانی نیشتمانپارێزی و نیشتمانپەروەرانە بنچینەی ڕاهێنان و پەروەردە لەپێناو پاراستن و پێشکەوتن بەشێوەیەکی ئینسانی، ئوسوولی و پێویست دادەمەزرێنێ.

ئەو وڵاتانەی کە لە سەردەمی ئێستادا سەربازی بەزۆرەملییان هەیە بریتین لە ٢٦ وڵات کە هەرکامیان پاساوی تایبەت بە

خۆیان بۆ ئەو شێوازە لە سەربازی دێننەوە. لەنێوان ئەو وڵاتانەدا وڵاتی کۆرەی باکوور بە زۆرترین بازنەی زەمەنی بۆ سەربازیی بەزۆرەملی لە پلەی یەکەمی ئەو وڵاتانە دایە و کۆماری ئیسلامی لە پلەی دووهەمدا جێگیر بووە. بە چاو لێکردن لەو دوو وڵاتە دەبنیدرێ کە هەردووک پێبەند بە باوەڕێکی سیاسیی ئیدئۆلۆژیکن کە هەموو ڕەهەندەکانی دامودەزگای وڵات لە پێناو پاراستن و بەرژەوەندیی بیروباوەڕی خۆیان دایە بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی وڵات و خەڵک و هەروەها پێشکەوتن و گەشەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لە بوارە پێویستەکان یان ویست و خواستەکانی سەردەمیانە لەبەر چاو بگرن. بەکارهێنانی بواری نیزامی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە یەکێکە لەو کردەیە دیار و بەرچاوانە کە ئەو دوو وڵاتە بەکاری دەهێنن و مانۆری لەسەر دەدەن و لاوەکانی وڵات ملکەچ دەکەن بۆ ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر و دیاریکراو لە خزمەت ئەواندا بن. لە جیاوازیی سەرەکیی نێوان سەربازی بەزۆرەملی و خۆخوازانە دەکرێ ئاماژە بەو خاڵە بەرچاوە بکەین لە وڵاتێکدا کە سەربازی بەشێوەی خۆخوازانەیە هەر تاکێک بە خوێندنەوە و موتاڵای لینکەکانی ئەو بوارە و هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆی، ژیانی نێو کۆمەڵگە و تێڕوانینی بۆ نیشتمان، خەڵک و ئامانجەکانی وەک پاراستنی سەروەری و کەرامەتی وڵات، خزمەت بە ویست و خواستەکانی خەڵک کە لە بوارەکانی دیکەی دامودەزگای دەوڵەتی بەدەست دەهێندرێن، لەڕێگەی ڕەچاوکردنیان و پاراستنیان و هەروەها پارێزگاری لە دەسکەوتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی یاسا و عورفی ڕێگەپێدراوی نێودەولەتی و پوتانسییەل و هێژموونییە مەوجوود و واقعەکانی، بڕیار دەدا کە بچێتە نێو ئەو کار و پیشەیە یان نا؟ بەڵام بە چاولێکردن لە وڵاتانێک کە دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و تۆتالیتێر دەستی بە سەر هەموو نیهادە سیاسی، نیزامی و ئیدارییەکاندا داگرتوە و هەموو سامانە سرووشتی، دەستکرد و ئینسانییەکان بۆ پاراستن و گەشە و بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی هەرچی زیاتری باوەڕی ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەکار دەهێنێ و لەونێوەدا خەڵک و وڵات و بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لەلای گرینگ نییە بە بەزۆرەملیکردنی سەربازی هەوڵی ڕێکخستنی ئەو قەوارە نیزامییە (بەو پێناسەیەی بۆمان کردن) دەدەن.

ئەزموونی وڵاتانێک کە سیستەمێکی دیکتاتۆر یان تۆتالیتێر تێیاندا حاکم بووە یان لەئێستادا هەر لێیان حاکمە (وەک ئێران و کۆرەی باکوور) سەربازی بەزۆرەملی گرینگترین بەش و کۆڵەکەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتەیە کە تەواوی ئامانجی ئەو هێزە پاراستنی دەسەڵات، جێگیرکردنی ویست و خواستی دەسەڵاتە. لە هەمان کاتدا لەڕووی توانایی سەربازی و نیزامییەوە بە پێی دەرفەت و ئیمکان هەوڵی تێکدانی دۆخی ناوچە دەدات کە لەڕێگەی سەپاندنی هێژموونی سیاسی و نیزامی بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێدان بە ئامانجی چەقبەستوو و باوەڕمەندانەی خۆیەتی. لەو جۆرە سەربازییەدا گرینگ نییە کە هەر تاکێک کە دەبێتە سەرباز چ بیروباوەڕێکی هەیە، گرینگ نییە تا چ ڕادەیەک جۆری ڕەوتی نیزامی ئەو وڵاتەی قبووڵە؛ ئەوەی گرنگە پەیوەست بوونی تاکەکانە بە ڕیزەکانی ئەو پرۆسەیە و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پاراستنی بیر و هزری دەسەڵات لەهەموو دژکردەوەیەک. لەو شێوە سەربازییەدا، دەسەڵات هێزەکانی خۆی ملکەچ دەکا بۆ ئەنجامی هەموو کردەوەیک کە بەشێوەی سازمانی پێیان دەگوترێ و بۆیان دادەڕێژرێ. لەو شێوازەدا لە بازنەی قسە و

تیئۆرییەکەیدا پاراستنی گەل و نیشتمان زەق و بەرچاوە بۆ ئەوەی لە بواری یاسایی لە نێوخۆی وڵات و ڕەوتی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەک پێش بە دروستبوونی کێشەی سیاسی و یاسایی بگرێ. بەڵام لە ڕەفتاردا هەموو کردەوەکان تەنیا لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆسەپێن دادەبێ و بازنەی کردەیی ئەو هێزە تەنیا بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە دەبینێ؛ بۆ ئەوەش کارنامە و مێژووی کردەیی ئەو وڵاتانە لەبواری نیزامییەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن. لە ئێران لەساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی بەشێوەیەکی فەرمی سەربازیی بەزۆرەملی لەلایەن دەسەڵاتەوە پەسند و جێبەجێ کرا کە ئامانجەکەی بوو بە مانۆڕی دەسەڵاتی پەهلەوی، سەرکوتی گەلانی ئێران، بێدەنگکردن و کپکردنی ویست و داخوازیی خەڵک بەتایبەت گەلی کورد. هێزی سەربازی پەهلەوی (نیزامی و ئەمنییەتی) تا کۆتا ساتەکانی ژیانی ئەو دەسەڵاتە لە سەرکوت و گرتن و چەوساندنەوەی گەلی کورد و زەوتکردنی ماف و ویستی گەلی کورد لە هیچ کردەوەیەک کۆتایی نەکرد و لەجیات هێزی گەل بە هێزی پاشای پاشایان ناوزەد کرابوو و ناوبانگی دەرکردبوو. کورد بەو شێوازە سەربازییە هەر لە سەرەتاوە ناڕازی بووە و تاکوو ئێستا بە ئیجباری ناوی هێناوە، چونکی پێی کردەیەکی بێمانا بووە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ستەمەی لێی دەکرێ. لەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، ڕەوتی سەربازیی بەزۆرەملی تاکوو ئێستا درێژەی پێ دراوە. بەو جیاوازییە کە کۆماری ئیسلامی بازنەی سەربازگیرییەکەی گەورەتر کردەوە و جگە لە ئەرتەش، هێزی ئینتزامی و دەزگای زانیاری بە دامەزراندنی سوپای پاسداران، جۆرێکی دیکەی لە ئەرک و دەسەڵاتی هێزی چەکداری هێنایە ئاراوە. هەرچەند کە ئەرتەش وەک ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی پێناسە کراوە نەک ئەرتەشی وڵات یان خەڵک؛ ئەوە بۆ نیرووی ئینتزامی و دەزگاکانی دیکەش ڕێک هەر بەو شێوەیە. بەڵام سوپای پاسداران بە ناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ناو بردراوە و وشەی ئێران نە لە نێوەکەیدا و نە لە لۆگۆکەیدا نەهاتووە و پێناسەی خودی ناوەکەی بەتەواوی دەرخەری ئەرک، ڕادەی دەسەڵات و ئامانجەکەیەتی. جگە لەو تاریفەی کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا بۆی کراوە، بە ناوەکەیڕا دەتوانین ئەو پێناسە گشتییەی بۆ لە بەرچاو بگرین. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بە ئەو هێزە چەکدارییە دەگوترێ کە ئامانجەکەی پاراستنی شۆڕشی ئیسلامییە. ئەو شۆڕشەی کە خومەینیزم لەژێر چەتری ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ لەگەڵ دارودەستە و تاقمەکەی لە ئێراندا سەپاندیان و هەموو دامودەزگای دەوڵەتی و دەسەڵاتیان پێ قۆرخ کرد و بە دەرکردنی حیزبەکانی دیکە لە بازنەی سیاسی - یاسایی وڵاتدا و بە سەرکوت، قەڵاچۆکردنی گەلانی ئێران و دژبەرەکانیان، هێژموونیی خۆیان بەتەواوی بە سەر هەمووی ئەو قەوارە سیاسی و جوغرافیاییە لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە بە هەموو توانا و ئیمکاناتەوە سەپاند و هەر لەو سەردەمەوە تائێستاش هەوڵی هەناردەکردن و بڵاو کردنەوەی ئەو بیر و هەزرەیان داوە مەبەستی جێگیربوونی ئەو جۆرە تێڕوانینە سیاسی - ئیدئۆلۆژیکە.

بەپێی ئەو پێناسەیەی لەو شۆڕشە ئیسلامییە و سپای پاسداران کراوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەر کوێی ئەو گۆیی زەوییە جێگیرکرابێ یان بەهەر ڕادەیەک بڵاو کرابێتەوە یان لانیکەم پوتانسییەلێک (بە هەر ڕێژە و ڕادە و ئەندازەیەک) بۆ وەرگرتنی ئەو شۆڕشە یان هێندێک لە چەمکەکانی لە ئارادا بێ، ئەرکی ئەو سوپایەیە کە لەو شوێنانە پارێزگاریی لێ

بکات، یان حزووری هەبێت و لەڕێگەی لق و پۆپەکانیەوە ئاسانکاری زیاتر بکات بۆ هەناردەکردنی ئەو شۆڕشە و پاراستنی ئەو بازنە جوگرافییە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. هاوکات هەوڵی بەهێزکردنیانی بدات لەڕووی سەربازی، نیزامی، ئابووری و مەیدانییەوە. ئەو ناوە و ئەو ئامانجە دیاریکراوە بۆ ئەم هێزە چەکدارییە وای کردوە کە بتوانێ لە هەموو کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی وڵاتدا دەستێوەردان بکا یان حزووری هەبێت و بە ناوی پاراستن و پارێزگاریکردن لە شۆڕشی ئیسلامی بتوانێ لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت بڕیاردانیشدا هیچ سنوور و چوارچێوەیەک بۆخۆی دیاری نەکات و نەیناسێ. سوپای پاسداران سەرچاوەی ئینسانیی خۆی لە لاوانی گەلانی ئێران دابین دەکات و بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی لە پێناو ئامانجە دیاریکراوەکەیدا بەکاریان دێنێ، نەک بەرژەوەندی گەلی و نیشتمانی؛ وەک هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی لە جۆری ویلایەتی فەقیهـ، بێدەنگکردنی ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازیەتییەکانی نێوخۆی وڵات، سازکردنی جەوێکی ئەمنییەتی و تۆقێنەر، زەوتکردنی پوتانسییەلە مەوجوود و پێویستەکان. لەو پێناوەدا بەگرەوگرتنی کوڕی خەڵک لەهەمبەر ژیان و داهاتوویاندا هەوڵی خۆی داوە کە هێژموونی و داگیرکاری خۆی لەنێوخۆی وڵات بەتەواوی بسەپێنێ و هەروەها بەرەوڕووی دژبەرانی لە دەرەوەی وڵات بێتەوە. لەڕاستیدا سوپای پاسداران بە کەڵکوەرگرتن لەو شێوازە سەربازییە بۆ خزمەتکردن بە هزری کۆشکی خەلافەتی ویلایەتی فەقیهـ و پێکهێنانی لق و پۆپی جۆراوجۆر لەو هێزەدا لاوانی ئەو وڵاتەی لە پێناو خزمەتکردن بەو دەسەڵاتە، بە ناوی پاراستنی وڵات و خەڵک لەدژی خەڵک و خۆپێشاندەران بەکارهێناوە. ساڵەکانی سەرەتایی لەدوای شۆڕشی گەلان لە ئێران و ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە ماونەتەوە شایەتحاڵی ئەو ڕاستییەن کە سوپای پاسداران لەژێر ئاڵای پاراستنی خەڵک و وڵات هێرشی کرد بۆ کوردستان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسایەکی نیزامی و ئینسانی دەستی کرد بە کوشتن و گرتن و قەڵاچۆکردنی خەڵک و وێرانکردنی کوردستان و زەوتکردنی ماف و ویستی گەلی کورد. بۆ ئەو ئامانجەش بێجگەلە لە بەکرێگیراوەکانی خۆی هەر بە یاسای سەربازی بەزۆرەملی، کوڕی خەڵکی کردە قەڵغان و سەرچاوەی ئینسانی و مەیدانیی خۆی. لەدوای ئەوە لە ساڵەکانی ٦٧،٧٨،٨٨،٩٤،٩٦،٩٨ و ١٤٠١ لە سەرکوتی خەڵکدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا ئەکتەری یەکەمی مەیدان بووە بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتی خەڵک و گرتن و ئەشکەنجە و هتد.

وەک گوترا سوپای پاسداران کە لەلایەن ئەمریکاشەوە وەک هێزێکی تێرۆریست ناسراوە، ئامانجەکەی تەنیا پاراستنی نیزامی سیاسیی وڵاتە، نەک خەڵک و مافەکانیان. بە پێناسەیەکی سادەتر دەتوانین بڵێین کاتێک کە خەڵک یان زۆرینەی دانیشتووان لە ئێران بڕیار بدەن بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لەسەر بنەماکانی پێناسەکراو لە سەرچاوە حقووقی و یاساییەکان هەوڵی گۆڕینی جۆری دەسەڵات یان تەنانەت چاکسازی بەشێوەیەکی پێویست و گووجاو بدەن، ئەوە سوپای پاسدارانە کە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە بەدژی خۆیان بەکار دێنی بۆ ئەوەی هەم ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ، هەمیش خەڵک لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو بکاتەوە و بە بارمتەگرتنی ژیان و داهاتووی لاوانی وڵات، ئەو لاوانە لە گرەو بنێ لە پێناو ئامانجەکانی خۆی کە تا ئێستاکەش هەر ئەو کارەیان کردوە. هەروەها لاوان بە نەچوون بۆ سەربازیی بەزۆرەملی جا چ لە

ڕیزی سوپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیمدا، لە زۆر یەک لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیانیان بێبەری دەکرێن، وەک بێبەش بوون لە هێندێک مافی شارومەندی، بێبەش بوون لە درێژەدان بە خوێندن، وەرگرتنی پاسپۆرت، دامەزران لە ئیدارە دەوڵەتییەکان، کەرتی تایبەت و هەروەها ژیان بە ترس لە دەسبەسەرکران و گیران، جەریمە و بەندیخانە و هتد. بە مانایەکی سادەتر ئەو ناوەندەی کە تەنیا ئەرکی پاراستن و پەرەپێدان بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی خۆسەپێن و دژەخەڵکیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوی وڵاتە، زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەی ئینسانییەکەی لە تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگە دابین دەکا و بۆ ئەوەی لاوەکان و ئەو سەرچاوە مرۆییانە ملکەچی خۆی بکات، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەست بەسەر ماف و ژیان و داهاتوویان دادەگرێ و لەبەرانبەریشدا بە دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ ئەو هێزە لەبەرانبەر کار و پیشەی دیکەدا هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەتایبەت چینی هەژار دەدات بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی. یەکێک لەو کردەوانەش کەلکوەرگرتن لەو دۆخە نالەبارە ئابوورییەیە کە تا ڕادەیەک دەستی مافیای سوپای پاسدارانی لەپشتە و هەوڵی ئەوە دەدات کە بە دانی ئیمتیاز و پارە جگە لەو سەربازیی بەزۆرەملییە، بەکرێگیراوەکانی خۆی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بکات. لەو حاڵەتەدا لاوانی ئەو وڵاتە بە جیاوازیی نەتەوەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە دەخاتە سەر دوو ڕێیانێکی قوورس؛ ملکەچی نەکردن بۆ سوپای پاسداران و نەچوون بۆ سەربازی بەزۆرەملی بۆ ئەوەی پێ لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات دانەنێ لەپێناو لەکی چوون و سووتانی داهاتووی خۆی. یان چوون بۆ سەربازی بەزۆرەملی و ملکەچی لەپێناو دەستووراتی سوپا و بەشداربوون لە سەرکوت، ئازار و ئەشکەنجەی خەڵک و پێ لەسەر ژیان و بەرژەوەندی و ویستی خەڵک دانان و وەگەڕ خستنی سەرچاوە و هێزی ئینسانی ئەو سوپایە لەپێناو ژیانێکی ئاسایی و بێبەرینەبوون لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیان.

٥ی جوونی ٢٠٢٢ = ١٥ی جوزەردانی ٢٧٢٢

# مەجلیس و پڕۆژەیاسای دەستئاوەڵاکردنی حکومەت بۆ کوشتنی خەڵک



لە سیستمی سیاسیی هەموو ئەو وڵاتانەی پارلەمانیان هەیە، پارلەمان واتای نوێنگەی ئیرادەی یاسایی و حقووقیی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. بە واتایەکی دی نوێنەرانی خەڵک لەوێ هەوڵ دەدەن بۆ وەدیهێنان و پاراستنی ماف، ویست و داخوازییەکانی خەڵک و، هەروەها پەسندکردنی یاساگەلێک کە بە سەرنجدان بە واقعەکانی کۆمەڵ ئاستی ژیان و پێشڤەچوونەکانی کۆمەڵگە بەرەوسەرتر ببا و بە دابەزاندنی چوارچێوەیەکی دروست لە قەوارەی یاسایی وڵاتدا، پێشکەوتوویی، چاکسازی و دادپەروەری بکرێتە بەردی بناغەی بەڕێوەبەریی وڵات. ئەوە خۆی دەبێتە پێکهاتنی هاوسەنگی و هەڵسوکەوتێکی مەنتقی و ئوسولی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافە جۆراوجۆر و سەلمێنراوەکانی خەڵک و دیاریکردنی هەرچی باشتر و ڕوونتری ڕادەی ئەرک و دەسەڵاتی کاربەدەستان.

کاتێک باسی پارلەمان، یاسا و نوێنەرایەتیی خەڵک لە پارلەمان و بازنەی دەسەڵات و ئەرکەکانی لە ئێراندا دەکرێ، پێویستە بەرچاوڕوونییەکمان لە مێژووی پارلەمان لەو وڵاتە و چۆنیەتیی دامەزرانی پارلەمان و ئەو قۆناخگەلە هەبێ کە تاکوو ئێستا بڕیویەتی. چونکی یاسا پەسندکراوەکانی پارلەمان بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی تەواو و دیاری هەیە بە سەر ژیان و هەڵسوکەوتی ئەو دوو بەرەدەنگە لەگەڵ یەکتر (خەڵک و دەسەڵات )؛ بەتایبەت لەو شوێنانەی کە باس لە پێشێلکاریی مافی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ، یان باسەکە دەچێتە سەر ڕادەی دەستئاوەڵەیی دەسەڵات لەبەرانبەر خەڵک بەنیسبەت ماف و داخوازییەکانیدا. هەر بۆیە لەدەسپێکدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە پارلەمان نوێنگەی نوێنەرایەتیی ئیرادەی خەڵکە و هەرکات پارلەمان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خۆی بە هەر هۆیەک لابدات، تای تەرازوو و هاوکێشەی هێز لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بە لای دەسەڵاتداردا دەشکێتەوە و لەو سۆنگەیەوە خەڵک وەلا



سەرچاوە
Serchawe

دەنرێن و مافەکانیان پێشێل دەکرێن.

لەو وڵاتانەش کە دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر یان تۆتالیتێرە، یەکێک لە هەوڵەکانی دەسەڵات، قۆرخکردنی پارلەمانە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێ، بەجۆرێک کە لە دوای ماوەیەک ئەو کەسانەی بە ناوی نوێنەرانی خەڵک دەچنە پارلەمان، لەڕاستیدا بەهۆی تێپەڕین لەو پاڵوێنانە ئەگەر بەتەواویش نوێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵات (نەک خەڵک) نەبن لانیکەم نیزیک لە دەسەڵاتن کە بەڕواڵەت بە ناوی نوێنەرایەتیی خەڵک لەو پێگەیەدا جێ دەگرن.

بەنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی لە نامەیەکدا بۆ خومەینی بۆی دەنووسێ: "ئاغای خومەینی! جەنابت ناتەوێ یاسای بنەڕەتیی وڵات جێبەجێ بکرێ. لە پرسە بنەڕەتییەکانی وڵاتدا جۆری هەڵسوکەوتی ئێوە بەجۆرێکە کە وڵاتی لەگەڵ مەترسیی فەنابوون بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئێوە سەرۆککۆمارێکی لاواز، دەوڵەتێکی بێدەسەڵات، پارلەمانێکی ژێرچەپۆکە و دەزگایەکی دادتان دەوێ کە ئامرازی هەڕەشە و لەنێوبردنی نەیارەکانتان بێت." ئەو نامەیە بەتەواوی بەڵگەیەکە لەسەر تەواوی کردەی پارلەمان و ئەو کەسانەی بەناوی نوێنەری خەڵک لەو شوێنەدا ڕێک خراون. تازە ئەو نامەیە ئی تەنیا سێ ساڵ دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوییە، واتە ئەوکاتە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هێشتا بەتەواوی ناوەندەکانی دەسەڵاتیان قۆرغ نەکردبوو.

ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا زۆری نەهامەتی لەدەست ئەو ڕێژیمە چاشتوە کە خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٧٨، ٨٨، ٩٦، ٩٨، ١٤٠١ دەراوێشتەیەکی روون بۆ ئەو دۆخەن. لە هەموو ئەو ماوەیەدا پارلەمان لەجیاتی خستنە بەر باسی لایەحە و تەرحێک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک و ڕیفۆرم لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا، بە پەسندکردنی قانوونگەلی جۆراوجۆر خزمەتی بە پاوانخوازیی زیاتری دەسەڵات و ڕێخۆشکردن بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی پتر کردوە. تازەترین شاکاری مەجلیس باسی چاکسازیی قانوونی هەڵگرتن و بەکارهێنان چەکە کە ئەمجارەیان جیا لە هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکان دەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکانیشی بۆ تەقەکردن لە خەڵک ئاوەڵا کردوە.

ئەو باسە سەرەتا وەک لایەحەی دەوڵەت لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی لەلایەن کابینەی ڕووحانییەوە درا بە پارلەمان؛ واتە لەدوای پەیدابوونی قەیرانی ئابووری و دەرکەوتنی نیشانەکانی، بەڵام لەو ماوەیەدا لە پارڵەماندا مایەوە و بە هاتنەسەرکاری ڕەئیسی جارێکی دی هاتەوە بەرباس. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئێران لە بازنەی زەمەنیی دوو ساڵ دوو ساڵدا خۆپێشاندانی گەورەی سەرانسەری بە خۆیەوە بینیوە و لەو خۆپێشاندانانەدا، خەڵکی مەدەنیی ناڕازی بە دڕەندانەترین شێوەکان سەرکوت کراون، گیراون، ئەشکەنجە دراون و ژمارەیەکی بەرچاویش لەسەر شەقام و لە ڕەوتی

خۆپێشاندانەکاندا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتگەرەکان، گاردی بەناو دژەشۆڕش و هێزە ئەمنییەتی و لیباس شەخسییەکانەوە کوژراون و بریندار بوون.

پارلەمان لەدوای ئەو ڕووداوانە و لەم ساڵدا لەسەر لایەحەی دەوڵەتی پێشوو، ڕەشنووسی تەرحێکی بە بەشداریی دەزگای داد و ستادی هێزە چەکدارەکان دارشت. ئەو پرۆژەیاسایەی کە ئێستا لەسەر بابەتی چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەک لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، یاساکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە چین کە قەرارە لەو یاسایەدا پێک بێن؟

## دەوڵەت لەو پێوەندییەدا چەند شتی وەک ئاڵوگۆڕ لە یاساکەدا دەوێ:

یەکەم، گۆڕینی دەستەواژەی "هێزە چەکدارەکان" بە "مەئموورە چەکدارەکان"ە. واتا هەر کەسێک کە بەپێی یاسا بتوانێ چەک هەڵگرێ و ئیزنی چەکداربوونی درابێتێ. دووهەم، ئەو کەسانەی کە لەلایەن شوێنە پێوەندیدارە یاساییەکانەوە بۆ پارێزگاری لە خۆیان چەکدار کراون، کاتێک تووشی تاوانێک بوون بەپێی هێندێک هەلومەرج و حاڵەت سزا نەدرێن و ئەگەر بەکارهێنانی چەک لەلایەن ئەوانەوە بە بەرگریی مەشرووع و ڕەوا بزانـدرێ، پێویست بە دانی خوێنبایی نەکات. سێیەم، بۆ دەسبەسەرکردنی دزەکان، مرۆڤڕفێنەرەکان، باجئەستێنەکان، لاتولووتەکان بە چەکی سارد و گەرم، قاچاخچیی ماددە هۆشبەرەکان، بکوژەکان و کەسانێک کە هەوڵ بۆ کاری تێکدەرانە دەدەن، جگە لەوەی یاسای ئێستا ئیزنی بەکارهێنانی چەک لەکاتی هەڵاتنیان بە هێزە چەکدارەکان دەدات، لە هەوڵی ئەوە دان کە "هەوڵ بۆ بەرەنگاریشی " لێ زیاد بکرێ. ئەو ئاڵوگۆڕە لەو یاسایەدا ئیزنی بەکارهێنانی چەک لە کاتی ئاڵۆزی و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەنێو زینداندا بە مەئموورەکان دەدات. چوارەم: لە یاسای ئێستادا ئیزن بە هێزە ئینتزامییەکان دراوە کە لە ڕێپێوان و خۆپێشاندانەکاندا بۆ سەرکوت و کپکردنی دەنگی خۆپێشاندەران بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیات، چەک بەکار بهێنن. لەو ئاڵوگۆڕە نوێیە لەو یاسایەدا، ئەو ئیزنە بۆ مەئموورە ئەمنییەتییەکانیشە.

بەکورتی لەو یاسایەدا کار بۆ دوو بابەتی بەرچاو و زەق کراوە کە یەکەمیان بەکارهێنانی مەئمووری چەکدارە لەجیاتی هێزی چەکدار؛ بەو مانایە هەرکەس کە ئەمری پێ کرابێ، حەقی بەکارهێنانی چەکی بەدژی خەڵک هەیە، نەک تەنیا ئەو کەسانەی کە لە یاسادا بەڕوونی دیاری کراون و ڕادە و چۆنیەتیی ئەو ئیزنەشیان بۆ شی کراوەتەوە. دووهەمیان لابردنی باری جینایی کردەوەکەیە، بەو جۆرە کە بەنیسبەت تاوانباری چەکدار ( مەئموور و هێزی چەکدار )زۆر بەزەحمەتتر لە پێشوو دەکرێ سکاڵا لە دژیان تۆمار بکرێ. هاوکات وشەی پارێزگاریکردن لەخۆ کە ناموٚ و لێڵ پێناسە کراوە، دەستی چەکدارانی ڕێژیم ئاوەڵا دەکا کە هەرکات ویستیان یان ئەمریان پێ کرا بەبیانووی پارێزگاری کردن لەخۆیان دەست بۆ

چەک بەرن و لەبەرانبەر ئەوەشدا دەسەڵاتی یاسادانەر هەر بۆ ئەو بەشە مافی بەرگریی ڕەوا بەو چەکدارانە دەبەخشێ و نەتەنیا ئەو بەرگرییە بۆ ئەوان بە ڕەوا دەزانێ بەڵکوو لە دانی خوێنبایییش پەڕاوەی کردوون. بەمجۆرە دەسەڵات لەلایەک بازنەی دەستئاوەڵایی چەکدارانی خۆی بۆ تەقەکردن لە خەڵک زیاد دەکا و هاوکات متمانە و بەڵێنی یاساییان پێ دەدا کە لەبەرانبەر بەکارهێنانی چەک لە هەر کاتێکدا کە بەپێویست زانرا، تووشی دادگا و سزا و تەنانەت جەریمە و خوێنبایییش نەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە بە پەسندکردنی ئەو یاسایە لەو بازنە زەمەنییەدا کە خۆپێشاندانەکان لە ئێران بەهۆی کێشە جۆراوجۆرەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ و گەشە دەستێنن، هەوڵی سازکردنی نائەمنیی ڕەوانیی پتر و زیاترکردنی کەشی تۆقێنەر دەدا بەدژی خەڵک و خۆپێشاندەران. مەسەلەی دیکەش ئەوەیە کە دەستی خەڵک دەبەستێ بۆ سکاڵا تۆمارکردن لەبەرانبەر ئەو سەرکوتگەرانە لە دەزگای داد و سێبەری ئەمنی یاسایی بۆ ئەوانە بەرینتر کردۆتەوە. واتە دەسەڵات ئەگەر تا دوێنێ بە هێزە سەرەڕۆ و نەناسیاو و بەناو "خودجوش" خەڵکی سەرکوت دەکرد و دەیکوشتن، ئەمڕۆکە بەئاشکرا و بە بەقانوونیکردنی سەرکوتی خەڵک لەلایەن هەر چەکدارێکی سەر بەدەسەڵات، خۆپێشاندانەکان سەرکوت دەکا و خەڵک دەکوژێ و بکوژەکان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕە - بەرواڵەت چاکسازی لە قانوونەکەی پێشوودا- دژی ئەسڵ و بنەمایەکی زۆر سادەیە کە بە ئەسڵ و بنەمای تەقەنەکردن ناسراوە؛ واتا مەئموور دەبێ بەبێ بەکارهێنانی چەک ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام بە پەسندکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە لەو قۆناغەی ئێستای ئێراندا ئەرکی ڕاستەقینەی هێزە چەکدارەکان یان باشتر بڵێین مەئموورە چەکدارەکان بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە و دەردەکەوێ کە ئەوان دەتوانن بکوژن، ببرن، تاوان بکەن و هیچیشیان لەسەر نەنووسرێت. ئەوەی کە گرینگە و خۆی لەنێو دڵی ئەو لایەحە و تەرحەدا شاردۆتەوە ئەوەیە کە یاسا زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان کاتێک دەردەکرێ و پەسند دەکرێ کە بوونی بەپێویست بزانرێ و نەبوونی لە یاسای وڵاتدا بەشێوەی گشتی یان تایبەت کێشەخوڵقێن بێت؛ ئەمە دەکرێ ئەو جۆرەش لێک بدرێتەوە کە ئەگەر هات و زۆرینەی چەکدارانی یاسایی و دیاری ڕێژیم چیی دیکە حازر نەبوون بەرەورووی خەڵک ببنەوە، ڕێژیم لە ئێستاوە بە قانوونی ڕێی بۆ ئەوە خۆش کردبێ ئەو ئەرکە بە هێزە فیدایییەکانی خۆی و کەسانێکی تر بسپێرێت.

٢٢ی جوونی ٢٠٢٢ = ١ی پووشپەڕی ٢٠٧٢٢

## کورد و دیپلۆماسی؛ تاران و تیرۆر




کاتێک لە باسی ئێراندا زووم دەکرێتە سەر کوردستان، سەرنجەکان لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ دەوەستن: یەکەم لە مێژووی زیاتر لە یەک سەدەی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشەنگی مافویستی، ئازادیخوازی و هەوڵدان بۆ دەستەبەر و جێگرکردنی دێموکراسی بووە لە ئێرانداد؛ تەنانەت لەو کاتانەاش کە گەلانی دیکەی ئێران ملیان بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حاکم ڕاکێشاوە. دووهەم لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ئەو مێژوویەدا کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە دەسەڵاتی ناوەندی جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو قەوارە سیاسییە وەک خۆی ببینێ و پێناسەی بکات. سێهەم لە زۆربەی ئەو کاتانەدا کورد هەوڵی داوە جگە لەوەی داخوازییەکانی خۆی لەگەڵ تاران بێنێتە بەرباس، هاوکات گەلانی دیکەی ئێران لەو گرنگیە سیاسییە و ڕاستییانە ئاگادار بکاتەوە و هاندەری ئەوانیش بێ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. چوارەم ئەوە کە لە هیچ خوێنەر و مێژووناس و سیاسەتمەدارێک شاراوە نییە کە کورد لە بواری سیاسی و بۆچوونی دروست بۆ پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار ڕۆڵی پێشەنگایەتیی لە ئێراندا بووە. پێنجەم ئەوە کە دەسەڵاتی ناوەندی هەموو کاتێک پرسی کوردی چەواشە کردوە دواجار ئەوە کە کورد هەوڵی داوە، لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە و لەڕووی دیپلۆماسییەوە چارەسەری ئەو پرسە بکا کە کەمترین تێچوو و خەساری هەبێ بۆ لایەنەکان. بە گشتی خاڵی هاوبەش و یەکانگیری دەسەڵات لە تاران، چ لە پێکهاتەی سیاسیی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە ویلایەتی فەقیهی ئێستاکەدا ئەوەیە کە هیچیان باوەڕیان بە پرسی کورد و دیالۆگ نەبوە. بۆیەشە نرخی کوردایەتی و هەوڵدان بۆ مافی ڕەواکەی دیارە و لە کەس شاراوە نییە کە تێچووەکەی چەندە؛ ئەو قسەیە زۆر بەجێیە و لە جێی خۆیەتی کە دوکتور

قاسملو دەڵێت: "هەر گەلێکی ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییە بدات". جا نرخی ئەو ئازادییەش بەپێی هێندێک پارامێتر بۆ هەر گەلێک جیاوازە.

کورد لە مێژووی خۆی لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان قوربانیی دەستی سیاسەت و نەزمی جیهانی و پیلان و دوژمنایەتیی نەتەوەی باڵادەست و پاوانخوازانی دەسەڵاتی ناوەندی بوە. بەڵام ئەمە هیچکات نەبۆتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە بۆ چرکەیەکیش لە خەبات بۆ ماف و داخوازییەکانی پاشگەز بێتەوە یان بوەستێندرێ.

کورد لە ئێران زۆربەی کاتەکان بە خۆڕێکخستنەوە و دارشتنێکی باش لە بواری سیاسی و هەروەها بە دانانی پلان و بەڕێوەبەرییەکی دروست لەسەر پرسی نەتەوەیی کە بنەما و بناغەیەکی جیانەکراو لە هەر نەتەوەیەکە، ڕوو بە تاران داواکارییەکانی خۆی باس کردوە و لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەک ئەو پرسەی بە ڕۆژەڤ کردوە کە نەتەنیا ماف و ویستەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بەڵکوو بە شێوەیەکی ئوسوولی و بە مانیفێستێکی ڕاستگۆیانە، یارمەتیدەر و هاوبەش بێ لە جۆری بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتەدا. هاوکات بەخوێندنەوە و پێناسەکردنی هەموو هێز و پوتانسییەلە مەوجوودەکانی ئەو قەوارە سیاسییە، ئەو وڵاتە لە قەتیسمانەوە و دواکەوتن و دواکەوتوویی ڕزگاری بێت و ئەوەش بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی نێو فرەیی لە پێکهاتەی ئەم وڵاتەدا و ڕێزگرتن لە بنەماکانی دێموکراسی، یەکسانی و دادپەروەری لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریدا بوونی نابێ. بەڵام دەسەڵاتی ناوەندیی پاوانخواز نەک هەر نەیویستوە ڕاستییەکان ببینێ، بەڵکوو بە هەموو هێز و تواناوە بەرپەرچی ئەو بابەتەی داوەتەوە. لەوەش زیاتر بە بەزاندنی هەموو سنوورە یاسایی و ئەخلاقییەکان تاوان و جینایەت و کارەساتی خوڵقاندوە.

بزووتنەوەی گەلی کورد لە سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆ ڕا هەتاکوو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و پاشان لە سەردەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران هەموو شێوازەکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مافخوازیی خۆی ئەزموون کردوە و چ لە مەیدانی بەربەرەکانی چەکداریدا و چ لەسەر مێزی وتووێژ هەوڵی داوە دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی بکات. بۆ ئەوەش تێچووی قورسی داوە، بۆ نموونە دوکتور قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی کورد لە ڕۆژاوا و لەنێو جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتووی دێموکراسیخوازدا لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرا. خۆ ئەگەرچی بزوتنەوەی گەلی کورد بە تێرۆری تێکۆشەران و تەنانەت ڕێبەرانی نەوێستاوە، بەڵام شاراوە نییە کە هەرکام لەو تێرۆرانە خەسار و تێچوویەکی زۆری بووە بۆ بزووتنەوەکە. ئێمە هەروەها بینیمان دەسەڵاتێک کە خۆی بە نوێنەری چەوساوەکانی جیهان و کوشتنی بەناحەق و ڕشتنی خوێنی ناعادڵانە بە تاوانێکی گەورە دەزانێ و بەپێی تاریفی ئیدئۆلۆژیکی خۆی ڕشتنی خوێنی میوان -تەنانەت بێتوو کافریش بێت- بە حەرام دادەنێت؛ بەڵام بۆ ڕێگری کردن لە وەدیهاتنی مافەکانی کورد دەستبردن بۆ جینایەتیش بۆخۆی بە حەڵاڵ، یاسایی، پیرۆز و پاساوهەڵگر دەزانێت.

دوای سی و سێ ساڵ لە تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە لە وڵاتێکی بەڕواڵەت یاساسەروەردا لایەنی حقووقی ئەو پرسە تاکوو ئێستا نەچۆتە نێو پرۆسەی یاسایی و پۆلیس و دەزگای داد نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی ئەو جینایەتە ئاشکرا بکەن و لەکۆتاییشدا حوکمێکی شیاو و عادڵانەی لەسەر بدەن. ئەوەش جێی پرسیارێکی گەورەمان بۆ دەهێڵێتەوە، بەو مانایە کە چۆنە وڵاتانی ڕۆژاوایی (ئۆتریش بە نموونە) بەرانبەر بە جینایەت، بەتایبەت ئەو جۆرە جینایەتانەی دەستی دەرەکییان تێدایە و بە تاوانی نێودەوڵەتی پێناسە دەکرێن، بێدەنگ دادەنیشن؟ ئەوەش لە کاتێکدایە کە لەد وای ڕوودانی ئەو جینایەتە لانیکەم دوو کەس لە تاوانبارەکان گیراون و بە وتەی ئیسوالد کیسلێر، بەرپرسی یەکەی دژە تێرۆری پۆلیسی ویەن ئەو مەسەلەیە بەتەواوی ڕوون بووە کە لەو کۆبوونەوەیەدا سێ کورد هەبوون کە هەر سێکیان کوژراون و سێ ئێرانیش لەوێ بوون و هەر سێکیان زیندوو ماون و کردەکە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە بۆمان! هەروەها پیتەر پیلز ئەو کەسەی کە فرۆشتنی چەکوچۆڵ لەلایەن وڵاتی ئۆتریشی بە ئێران و عێراق لەقاو دا، گوتوویەتی هێندێک کەس لە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئاڵمان پێیان گوتوە کە ئاڵمان وڵاتی ئۆتریشی لە ئەگەری تێرۆری دوکتور قاسملوو ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام دەوڵەتی ئۆتریش نەتەنیا ئەو مەترسییە جیدییەی بە دوکتور قاسملوو ڕانەگەیاندوە، بەڵکوو لە خاکی خۆیدا هەوڵی پاراستنی دوکتور قاسملووشی نەداوە. هەربۆیە پرسی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی تەنیا کەیسێکی تێرۆری نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەسەڵاتی ئێران نییە؛

**بەڵکوو کەیسێکی نێودەوڵەتییە کە دوو دەسەڵاتی بەردەنگی هەیە:**

یەکەم بەردەنگ دەسەڵاتی ئێرانە کە بەهۆی تێرۆری سێ کورد لەسەر مێزی وتووێژ سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاوانباری سەرەکییە. ئێستاکەش جینایەتکارانی ئەو ڕووداوە بەئاشکرا لەنێو ئێراندا دەژین، ڕێزیان لێ دەگیرێ، بەرپرسایەتییان دراوەتێ و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتەش پلە و پایەی بەرزتر لەو کاتیان پێیە. هەربۆیە دەسەڵاتی ئێران و ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە دەبێ بەپێی ستاندارد و ئوسولی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن و بە **چوار هۆکار سزای کردەوەی خۆیان ببینن:**

**یەکەمیان؛** تێرۆری ڕێبەرانی کورد و ئەنجامی کردەوەی تێرۆریستی لە ئاستی نێودەوڵەتی و لەنێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا.

**دووهەمیان؛** پشتیوانیی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئێران لە تێرۆر و تێرۆریزم و پاراستنی ئەمنییەتی ئەو تێرۆریستانە.

**سێهەمیان؛** بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە و درۆ و دەلەسە و تاریفی هەڵە و گێڕانەوەی ناڕاست لێی.



سەرچاوە
Serchawe


**چوارەمیان؛** کەڵکوەرگرتن لە باڵوێزخانەکەی وەک بنکەیەکی تێرۆریستی بۆ کردەوەی تێرۆریستانە.

دووهەم بەردەنگ وڵاتی ئۆتریشە. یەکەم، جینایەتەکە لەنێو دڵی پێتەختی ئەو وڵاتەدا ڕووی داوە و لەجیاتی بەدواداچوونێکی جیدی و دروست بە زووترین کات، ئەنجامدەران و دەست و پێوەندییەکان و لایەنەکانی ئەو جینایەتە ڕوون بکاتەوە و ئەمنییەت و یاسا و سەروەری دەسەڵات و وڵاتەکەی سەقامگیر بکاتەوە، دەبێ هەم وڵامدەری ئەو کەمتەرخەمییانە بێ کە ئاگایانە ئەنجامی داون، هەمیش وڵامی بۆ ئەو کارانە هەبێ کە دەبا ئەنجامی دابان و ئێستاش لەدوای سی و سێ ساڵ پشتگوێی خستوون. ئەوەی کە دوو جینایەتکاری ئەو کردە تێرۆریستییە هەر چەند خولەک لەدوای ئەنجامی جینایەتەکە دەستبەسەر کراون و یەکیان برینداره و شایەتیدانی ئەو دوو بکوژ و تێرۆریستە لە وێستگەی پۆلیس لەگەڵ یەکتر نایخوێنێتەوە و ناڕوونە. دووهەم جینایەتکارەکان ئازاد کراون بەبێ ئەوەی بنەماڵە و نیزیکانی ئەو کەسانە و حیزبی دێموکرات کە لایەنی سەرەکی ئەو مەسەلەیەن ئاگادار کرابنەوە. سێهەم ئیزنی ڕۆیشتن و جێهێشتنی خاکی ئەو وڵاتە بە پۆششی دیپلۆماتیک و لەژێر سێبەری باڵوێزخانەی ئێران بەو سێ جینایەتکارە دراوە. چوارەم بۆچی دادستێنی وییەن، دەزگای دادی ئەو وڵاتە و دەوڵەتی ئۆتریش چاویان لەسەر ئەو جینایەتە نێودەوڵەتی و هەستیارە تاکوو ئێستاکە داخستووە؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە کە ئەو وڵاتە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئەو تۆمەتانەی کە بەنیسبەت خۆی لە ئارا دایە سەبارەت بە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دەبێ وڵامیان بداتەوە و لە هەمان کاتدا ئەو کەیسە لە دەزگای دادی خۆی بەپێی ئوسولی یاسای نێوخۆی وڵاتەکەی و یاسای نێودەوڵەتی وەگەڕ بخات و لەدوای سی و سێ ساڵ ڕێز لە دروشمی ڕۆژاوایی خۆیان بگرنەوە کە هەمان ڕێزگرتن لە عەداڵەت و دێموکراسییە.

**کاتێک وڵاتانی ئازاد و دێموکرات چاوپۆشی لە جینایەت و کردەی تێرۆریستی بکەن و ئەو کردەیە بۆ گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزم بەبێ تێچوو بێ، یان لانیکەم تەنیا تێچووەکەی ناوزڕانی لەنێو بیروڕای گشتیدا بێ، ئەو وڵاتانە دەبێ چاوەڕوانی سنووربەزاندنی زیاتری تێرۆریستان و پێشێلکردنی پتری سەروەریی سیاسی - یاسایی وڵاتەکانیان بن.**

**٧ی جووڵای ٢٠٢٢ = ١٦ی پووشپەڕی ٢٠٧٢٢**

## کورد و ئەسڵی دەسەڵاتی جیهانیی دەزگای دادی وڵاتان




یەکێک لە جۆرەکانی ئەسڵی دەسەڵات و سەڵاحییەتی سزایی سەرووولاتی ئەسڵی سەڵاحییەتی جیهانییە. بەپێی ئەو ئەسڵە، هەر وڵاتێک بەبێ ئەوەی لە بواری هاووڵاتیبوونی تاوانبار یان هاووڵاتیبوونی تاوانلێکراو، شوێنی ڕوودانی تاوان یان بەرژەوەندیی وڵاتی خەسارلێکەوتوو، هیچ پێوەندییەکی نەریتی لەگەڵ تاوان نەبێ، بە مەبەستی پێشگرتن لە بێسزامانەوەی تاوانبار بەدواوەی بێت و سزای بۆ دیاری بکات.

سەرنجڕاکێش و جێی دڵخۆشییە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو سەردەمەدا ئەو ئەسڵەیان بەفەرمی ناسیوە، بەڵام لەبواری کردەیی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ئەو ئەسڵە لەبەرچاو دەگرن و لە ڕەوتی دادپەروەریدا بەکردەوە دەیسەلمێنن کەمن. لەڕاستیدا ئەو ئەسڵە بەهۆی دووپاتبوونەوەی لەسەریەکی دوژمنایەتیکەری چەکدارانەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و بوونە قوربانیی بەمیلیۆن کەس لە ژن و منداڵ و پیاو و بەساڵاچووەکان و تێکەوتنیان لەناو گێژاوی نائەمنی و دڵەڕاوکێدا پەیدا بوو و بیرۆکەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتە بێبەزەییانەیە تا ئەو ئاستە پتەو بووە کە بەپێی ئەساسنامەی دیوانی سزای نێودەوڵەتی "بەژانترین جینایەتێک کە دەبێتە هۆی پەشێوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نابێ بەبێ سزا بمێنێتەوە و بۆ بەدواداکەوتنی بکەرانی ئەو جینایەتانە دەبێ بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکان لە ئاستی نیشتمانی و هەروەها هاوکاری نێونەتەوەیی دەستەبەر و گرەنتی بکرێ".

دیوانی سزای نێونەتەوەیی ئەساسنامەکەی لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێستاکەش ١٠٨ دەوڵەت بوون بە ئەندامی ئەو دیوانە. بە ئومێدی ئەوەی کە زۆر زیاتر و باشتر لە جاران بەرهەڵستی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ببنەوە. ژێنوساید، تاوانە جەنگییەکان، تاوانە دژە مرۆییەکان و دەستدرێژی وەک گرنگترین تاوانە

نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی سەلاحییەتی ئەو ناوەندەدایە و دیوان لە بەدواداچوون بەوجۆرە کەیسانە بە تەواوکەری سیستەمی دادپەروەریی نیشتمانی دادەنرێ.

ئەسڵی سەلاحییەتی تەڤکۆیی (تەکمیلی) یەکێکە لە تایبەتمەندیی گرنگەکانی ئەو دیوانە کە پێوەندی لەنێوان دیوان و سیستەمی دادی نیشتمانیدا ڕێکدەخا. بەپێی ئەو ئەسڵە، دیوان لە بەدواداچوون بە جینایەتە نێودەوڵەتییەکاندا کاتێک سەلاحییەتی خۆی بەکار دەهێنێ کە دادگاکانی نێوخۆیی وڵات نەیانهەوێ یان نەتوانن بۆ ئەم کەیسانە بەدواداچوون بکەن (ماددەی ١٧ی ئەساسنامەی ڕۆم). بۆیە لە پلەی یەکەمدا ئەوە ماف و هەروەها ئەرکی دەوڵەتەکانە کە سەلاحییەتی سزایی خۆیان بەسەر ئەو کەسانەی کە بەرپرسیار و تاوانباری جینایەتی نێودەوڵەتین بەکار بێنن. لەڕاستیدا ئەو تەڤکۆییبوونی سەلاحییەتی دیوان جگە لەوەی مافی پێشێتیی سەلاحییەت دەدا بە دەوڵەتەکان، هاوکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان ئیمکانی دەستپێڕاگەیشتنی زیاتریان هەبێ بە بەڵگە و شایەتحاڵ و سەرچاوەکان و بتوانن بە شێوەیەکی باشتر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن. نیزامی سیستەمی دیوان بە شێوەیەکە کە هەوڵ دەدا دەوڵەتەکان هان بدا و ئامادەیان بکا بۆ ڕۆڵگێڕانی سەرەکییان لەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونانەدا، بەڵام لەکاتێکدا کە دەوڵەتی گۆڕین و لایەنی بەرپرسیار، ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیەنێ؛ دیوان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەساسنامەکەی هەڵسوکەوت دەکا.

گرنگترین بەشی ئەو ئەسڵە ئەوەیە کە سەلاحییەتی جیهانی دەبەخشرێ بەو دادگا نیشتمانییانەی کە دەبن بە ئەندامی ئەساسنامەی دیوانی سزایی نێودەوڵەتی؛ بۆیە ئەو ئەسڵە ئیزن بە وڵاتان دەدا کە بەدووی ئەو دەستە لە تاوانبارانەدا بن کە نە لە چوارچێوەی وڵاتی ئەواندا تووشی تاوان و جینایەت بوون، نە هاووڵاتین، نە بەدژی بەرژەوەندی بناژۆیی ئەو وڵاتانە جووڵاونەتەوە و نە بەرانبەر بە هاووڵاتیانی وڵاتی بەردەنگ دەستیان بۆ جینایەت بردوە. تەنیا پێوەری گرینگ و لەبەرچاوگیراو بۆ بەکاربردنی ئەو سەلاحییەتە "شوێنی دەستبەسەرکردنی تاوانبارە".

ئەو پێناسە کورتەی کە باسمان کرد، پوختەیەک بوو لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانی بە زمانێکی سادە. بەڵام گرنگیی ئەو ئەسڵە بۆ کورد چییە و کورد چۆن دەتوانێ لەو ئەسڵە بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و بەو ئەسڵە هەم هەوڵ بدا کە عەداڵەت تا ڕادەیەک لەبارەیدا جێبەجێ بکرێ و هەم بتوانێ سنووری دەستدرێژی و کردەیی دەوڵەتانی داگیرکەر و پێشێلکار تا ئاستێکی بەرچاو کورت بکاتەوە؟

ئەوە لە هیچ تاکێکی کورد شاراوە نییە کە هەریەک لە دەوڵەتانی داگیرکار لە هەر بەشێک لە کوردستان و لە قۆناغە جیاوازەکانی داواکاری و خواستی کورد لە بازنەی خەباتی ڕەوایاندا تا چ ڕێژە و ڕادەیەک و بە چ شێوەیەک لەبەرانبەر ئەو گەلەدا جینایەتیان کردوە. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و بێدەسەڵاتیی سیاسیی کورد وەک وڵات، کورد هیچکات

نەیتوانیوە لە ئوسوول و پرەنسیپی نێودەوڵەتی بۆ سکاڵا لەو دەوڵەتانە لە دادگا جیهانییەکاندا کەڵک وەرگرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تەنیا دەوڵەتانن کە دەتوانن لەو شوێنانە سکاڵای خۆیان تۆمار بکەن و خۆی ئەوەش لە بواری حقووقیی و سیاسییەوە خەسارێکی زۆری بووە بۆ کورد. لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەرژەوەندی و دانوستانی سیاسی لەنێوان وڵاتانی دیکە لەگەڵ وڵاتانی ماف پێشێلکەری کورد و داگیرکەری کوردستان، هیچکات وڵاتێک حازر نەبوە کە کەیسی کورد بگەیەنێتە ئەو جۆرە دادگایانە؛ ئەوەش بۆتە هۆی دەستدرێژی زیاتر و ئەرخەیانی داگیرکارەکان کە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە سنوورەکانی جینایەت و تاوانکارییان لەدژی کورد و خەباتی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بەربڵاو و گەورەتر بکەنەوە.

لەو ماوەیەدا لە وڵاتی سوئێد بینرا کە ئەو وڵاتە بەهۆی سکاڵای کۆمەڵێک کەس چۆن لە ئەسڵی سەڵاحییەتی جیهانی بۆ بەرەنگاری لەگەڵ تاوانبار یان تاوانباران ڕووبەڕوو بۆوە و دیمان تاوانێک کە لە تارانی ئێران کرابوو، چۆن لە ستۆکهۆلمی سوئێد لێی دەکۆڵرایەوە. حەمید نووری یەکێک لە تاوانبارانی کووشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و ڕۆڵگێڕ لە ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ئەو کەسە بوو کە سزای تاوانەکانی خۆی کە لە ئێران کردبوونی، لە شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایەدا وەرگرت.

وڵاتی سوئێد بەپێی ئەو ئەسڵە و بەهۆی ئەندامەتی لە ئەساسنامەی ئەو دیوانە و تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە لە پێوەری شوێنی دەسبەسەرکردنی تۆمەتبار یان تاوانباران کەڵکی وەرگرت و حەمید نووریی گرت، کەیسی تاوانەکەی وەگەڕ خست و دیکۆمێنت و بەڵگە و شایەتی شایەتحاڵانی وەرگرت و ناوبراوی بە تۆمەتی هاوبەشی و ڕۆڵگێڕی لە کووشتنی بەکۆمەڵی خەڵک بردە دادگای نیشتمانیی خۆی کە بەو ئەسڵە سەڵاحییەتی نێودەوڵەتیی پێ بەخشراوە. لە پرۆسەی دادگاییەکەشدا ئەو تۆمەتانە لەسەری سەلمێنران و بەتاوانبار ناسێندرا و حوکمی زیندانی هەتاهەتایی لەسەر درا و حوکمەکەش چووە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک یان دەسەڵاتێک بەپێی ئەو ئەسڵە و ئەندامبوونی سوئێد لەو دیوانەدا، ناتوانێ ڕەخنەی یاسایی و حقووقی لەو وڵاتە بگرێ، جگە لە ڕێژیمی ئێران کە ئەویش تەنیا کارێکی لەدەستی هات ئەوە بوو کە بڵێ ئەو کەیسە، کەیسێکی سیاسییە.

کورد کە لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کەیسی وای هەیە، لە هەر بەشێک بە کۆکردنەوەی دیکۆمێنت، بەڵگە و شایەتی شایەتحاڵی جینایەتەکان، دەتوانێ بە لەسەرخەت بوون لەو وڵاتانەی کە ئەندامی ئەساسنامەی دیوانی سزایی نێودەوڵەتین و هاوکاری کەسانی بیانی و چالاک لەو بوارەدا هەم بازنەی هاتوچۆی ئەو دەستە لە جینایەتکارانە کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سووره و جینایەت و کارەساتی گەورەیان خولقاندوە بەرتەسک کەنەوە؛ هەم لە ئەگەری مانەوە، نیشتەجێبوون یان هاتوچۆیان لەو وڵاتانەدا بەپێی ئەو ئەسڵە بتوانن حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆ وەربگرن و



سەرچاوە
Serchawe

پەروەندەی دادئەستێنییان لەدژ وەگەڕ بخەن. بۆ نموونە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو، کارەساتی قارنێ و قەڵاتان، ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کورد بەشێوەی سیستماتیک لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران، تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان و هتد دەکرێ بە بەڵگەمەندکردنی ئەو جینایەتانە و دیاریکردنی دەور و ڕۆڵی کەسانی بەرچاوی ئەو ڕێژیمە لە بواری سەرچاوەی ئینسانی و سیاسییەوە گوشار بخرێتە سەریان، و هەرکاتیش هەلومەرجێک لەو وڵاتانەی کە بۆ ئەو کەیسانە کار کراوە لەبار بوو؛ ئەو کەیسانە بخرێنە بواری یاسایی و حقوقییەوە و بەداواکاری لە سیستەمی دەزگای دادی ئەو وڵاتانە، لێکەوتە و دەسکەوتی باشی بەدوادا هەبێ. خۆی ئەوە دەتوانێ عەداڵەت لە هێندێک حاڵەتدا بەدی بکات، بەتایبەت لە کەیسی دوکتور قاسملوودا دەکرێ جگە لە وڵاتی ئوتریش لە وڵاتانی دیکەدا کە ئەندامی ئەساسنامەی ئەو دیوانەن بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکردرێ.

ئێستا کە ڕێژیم لەو بوارەدا چ لە میکۆنووس و چ لە دادگای حەمید نووریدا مەحکوم کراوە و لە وێژمانی سیاسیی هێندێک وڵات و کەسایەتی سیاسی دیار و بەرچاودا وەک پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی ئاماژەی پێ کراوە، دەرفەتێکی باشە بۆ وەگەڕخستنی ئەو کەیسانە. بەمجۆرە جگە لەوەی کە فشارێکی زیاتر لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتییەوە دەخرێتە سەر ڕێژیمی مەلاکان و لەو پێوەندییەدا شوێنی ئەمن و خۆحەشاردانی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ئێران بەرتەسک دەکرێتەوە و کورد کوتەنی کونەمشکیان لێ دەبێتە قەیسەری؛ ئەگەری دەسبەسەر و دادگاییکردنیان لە وڵاتانی دیکەدا دەچێتە سەرێ.

لەڕاستیدا پەرەسەندنی ئەو سەلاحییەتە جیهانییە لە وڵاتاندا ئاکامەکەی دەبێتە بێسزا نەمانەوەی جینایەتکاران و تەواوبوونی یەڵدای پارێزبەندییان.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ = ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

## ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ قانوون لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا




بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە دەبێ بزانین کە پێویستی کۆمەڵگە بە قانوون، هەروەها پێویستیی قانوون بە بەستێنێکی گونجاو و خوازراو لەنێو کۆمەڵگە بۆ جێگیربوونی و پێکهاتنی دیسیپلین و پرەنسیبی پێویست و ئوسوولی و ڕەوا بۆ سەروەریی قانوون، هەروەها درووستبوون یان درووستکردنی چوارچێوە و پێناسە و داڕشتنیان، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەک بەبێ سەروەریی قانوون و بەبێ ڕێزگرتنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە قانوونە داڕێژراو و ئیجراییەکان، سەرکەوتن و پێشکەوتنیان وەدەست نەهێناوە. کاتێکیش باس لە قانوون دەکرێ، دەبێ ئەو بابەتە بهێنینە بەرچاومان کە مەبەست لە قانوون چیە؟ یان مەبەستی ئێمە لەو باسەدا چ جۆرە یاسا و ڕێسایەکە؟

قانوون بەهۆکاری جیاواز دادەڕێژرێ؛ بۆ نموونە لە دەسەڵاتێکدا بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و چوارچێوەی وڵات لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بابەتگەلی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ بەرەوپێشچوونی پرسەکان و هەروەها پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات لە بوار و ڕەهەندی جیاواز و جۆراوجۆر و پێویست و زەرووردا، بە شێوەیەک کە چەرخی وڵات لە میکانیزمی دینامیکی بەڕێوەبەریدا بە باشترین شێوە بچێتە پێش. هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێزگرتن لە مافەکان -کە خۆی بەسەر چەند لقی جیاواز و لەپێوەندی لەگەڵ یەکتردا دابەش دەبن- و پاراستنی سەروەری و کەرامەتی وڵات و هاووڵاتیان و هتد دەنووسرێ و پەسند دەکرێ و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام نموونەش هەیە کە لە

دەسەڵاتێکی ئەوتۆدا دەبیندرێ کە قانوون دەبێ بە هۆکار بۆ سەپاندنی بیروباوەڕی ئیدئۆلۆژییە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان بۆ ڕێکخستن و چوارچێوەدان بە کۆمەڵگە و وڵات بەپێی مێتۆدی خۆیان و لەسەر ڕێچکەی هزریان کە دیارە بەبێ سەرنجدانە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و ویست و داخوازییە سەرەکی و ڕەواکانی خەڵک و هەروەها بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەما و بناغەی ڕۆحی یاسای بنەڕەتی و ستانداردە نێودەوڵەتی و یاسایی و ئینسانی و ئوسوولی مافی مرۆڤ؛ دایدەڕێژن و پەسندی دەکەن و دەیبەنە قۆناغی جێبەجێ کردن. هەرچەند کە لەو حاڵەتەدا دەسەڵات لە حاڵەتی ڕواڵەتی و ڕووتیندا پرۆسەی عورفیی تێپەڕکردنی یاسادا، زۆربەی هەرە زۆری پۆلێن و قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە لەبەرچاو دەگرن بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەو پرۆسەیە تەنیا بە مەبەستی ڕەوایی‌دان بە داڕشتن و سەپاندنی یاسای بنەڕەتی و کۆمەڵە یاسای دوای ئەوە بەشێوەیەک کە لەسەر بنەمای ویست و ڕوانینی خۆیان بێ؛ بەبێ ئەوەی جیاوازییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها بنەماکانی پێشکەوتن و سەردەمیانە ڕەچاو بکەن و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و وڵات لەبەرچاو بگرن. کە وایە کاتێک دەڵێین قانوون چییە یان چ جۆرە قانوونێک مەبەستی ئێمەیە، لەڕاستیدا باس لەو گەڵاڵە و ئەسڵ و ئوسوولە قانوونییە داڕێژراوانە دەکەین کە لە پێوەری بنیات و بناغەی یاسادا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە ئەخلاقی و مرۆڤانەیە کە پێویستی و زەرووڕەتی بوونیان لەنێو ناخی کۆمەڵگە و دامودەزگای حکوومییەکان حاشا هەڵنەگرە. ئەو یاسایە لەلایەن شوێنە ڕێگەپێدراوەکانی پێناسەکراو و دیار و لەژێر نەزەری کەسانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگە کە سەڵاحییەتی ئەوەیان پێ دراوە و لە نێوەڕۆک و بوون و نەبوونی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە تێدەگەن و ئامانجیان داڕشتنی باشترین یاساکانە بەپێی ئەو مەرجانەی کە باسمان کردن تا لە چوارچێوەی ڕێوشوێنێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراو و بەشێوەیەکی فەرمی و بۆ پاراستنی کەرامەت و سەروەریی وڵات و کۆمەڵگە و هەروەها ڕێکخستنی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو بازنەیە و دابینکردنی خواستە گشتییەکان و دابەزاندنی دادپەروەری و یەکسانی لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا، قەوارە و چۆنییەتیی یاساکان دادەڕێژن.

بەو پێوەرانە و ئاوڕدانەوەیەک لە بیر و هزری حیزبی دێموکرات بە نیسبەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی قانوونییەوە؛ پێویستە لە دوو قۆناغی جیاواز و سەردەمی جیاوازدا کە حیزبی دێموکرات ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لەسەرشان بووە هەڵسەنگاندنی بۆ بکردرێ.

لە قۆناغی یەکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، کاتێک حیزبی دێموکرات لە بۆشایی سیاسی و یاسایی لە بازنەیەکی دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەردەگرێ و بە دەرفەتی دەزانێ و لەسەر ویست و خواستی کۆمەڵانی خەڵک بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکان کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ و دایدەمەزرێنێ، یەکێک لەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرشانی کۆماری کوردستان دامەزراندنی دامودەزگای دەسەڵاتە. بەو جۆرە هەر سێ پێکهاتەی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی کۆماری دادەمەزرێنی کە سێ بەشی یاسادانەری، ئیجرایی و دەزگای داد لەخۆ دەگرێ. حیزبی دێموکرات هەر

لەسەر ئەو بنەمایەش و لەسەر حوکم و ویستی خەڵک ئەرکی گواستنەوەی دەسەڵات لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی پەهلەوی بۆ دەسەڵاتی نوێی کۆماری کوردستان لەو ناوچەیە وەئەستۆ دەگرێ و لەو سێ بەشەدا بەپێی مەشروعییەت و سەڵاحییەتێک کە لەلایەن خەڵکەوە وەری گرتوە دەست بە دامەزراندنی دامودەزگاکان دەکا. هەربۆیە بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و پێشەوا و کەسانی ناسراو و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتە و داڕشتنی چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەو دامودەزگا حکوومییانە جێبەجی دەکردرێ کە لە عورف و زمانی سیاسی- یاسایی پێی دەگووترێ "ئەنجوومەنی دامەزرێنەران" و لەلایەن ڕاگەیەنە گشتییەکانی حیزب کە لەو کاتدا ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە، خەڵک لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە و هەروەها ل ەدواتردا لە یاسا پەسندکراوەکان و ئاییننامە دەوڵەتییەکان و بڕیار و بابەت و پرسە گرینگەکان بە وردی ئاگادار دەکرانەوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و لەو کات و دەرفەتە کەمەی ژیانی سیاسی دەوڵەتداری کورد لە ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدا بۆ ئەو دامودەزگایانە، بەتایبەت پارلەمانی کوردستان کە ئەوکات کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بووە، چۆنیەتیی ڕوانگەی حیزب و کۆماری کوردستانمان بۆ بەڕێوەبەردنی کۆمەڵگە لە ڕێرەوی قانوونەوە بۆ دەردەکەوێ. بۆ ئەوەش پێویستە بەڵگە یاساییەکانی ئەو سەردەمە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکردرێ، بەچاولێکردن لە یاسا پەسندکراوەکانی پارلەمانی کۆماری کوردستان  کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لەدوای ئەو و لە قۆناغی دووهەمدا، واتە لە ساڵەکانی ٦١ - ٦٠ی هەتاوی و بە ئەزموونی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبینین کە چۆن حیزبی دێموکرات سەرلەنوێ لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، جیا لە خەبات و تێکۆشان، ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بەدەستەوە دەگرێ. لە یاسای سزادانی گشتیی ساڵەکانی ٦١ - ٦٠ی هەتاویی پەسندکراوی حیزبی دێموکراتدا دەبینین کە کۆی گشتیی قانوونە پەسندکراوەکان ئوسوولی بنەڕەتی و بنیاتی ستانداردی یاساییان لەخۆ گرتوە کە دەکرێ بەپێی پێوەری هێندێک ئوسوولی گشتی و نێودەوڵەتی و جەوهەری لەو یاسایانە بە نموونە بهێنینەوە.

کاتێک خەڵک حکوومەت بە ئی خۆیان دەزانن و حکوومەتیش لە یاساداڕشتن و لەبەرچاوگرتنی ویست و خواستی خەڵک و پلاندانان و دابەزاندنی عەداڵەت کارامەیی خۆی نیشان دەدا، ئەو دوو هۆکارە کە لە پێوەندی ڕاستەوخۆدان پێکەوە، دەبنە هۆی سەروەریی یاسا و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی تەندرووستی وڵات و کۆمەڵگە و دەوڵەت. هەربۆیە کاتێک چاو لە بڕیارەکان و یاسای سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەین، دەبینین کە کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی مەسئوول نەتەنیا ڕێوشوێنی درووستی بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگە داڕشتوە، بەڵکوو بە دیتنی پوتانسییەلەکان و بەخەڵکیکردنی حکوومەت، ئەوپەڕی متمانەیی لەلای کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبوو و ڕێژەی ڕوودانی تاوانەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆمار و هەروەها گوێڕایەڵی خەڵک کوردستان بەپێی بڕیارە دەرچووەکانی کۆمار لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستییەن.

پێشینیان دەڵێن هەر قفڵەی بە کلیلی خۆی دەکرێتەوە و یاسا و کۆمەڵگەش دوو چەمکی لەو بابەتەن؛ بۆیە  پێکەوەگوونجان

و چۆنیەتیی پێکەوەگوونجاندنی یاسا لەنێو کۆمەڵگەدا یەکێک لە هەرە هونەرەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بووە. نموونەی ئەو یاسانە، یاسای ئابووری و بازەرگانییە بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و پاراستنی مافی خەڵک و بازرگانەکانی نێوخۆ؛ یاسای خوێندن بە زمانی زکماگی کە دوو ساڵ دواتر لە ئوسوول و مادەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدانرا، پەسندکردنی یاسای سەردەمیانە بۆ سڕینەوەی داب و نەریتی نابەجێ لەپێناو پاراستنی مافی چینێکی تایبەت یان پاراستنی مافی بەرابەری و یەکسانیی ڕەگەزیی ژن و پیاو. یاسای خوێندن بۆ نەخوێندەواران و هەروەها یاسای ئەمنی و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی نەزم و ئاسایشی گشتی کە خۆی بوو بەو دەرەنجامە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو چەک و چۆڵە لەلای خەڵکەوە، ئاسایش و ئارامی لەوپەڕی خۆیدا بووە. بەیاساکردنی پیرۆزییەکانی گەلی کورد لەسەردەمی دەسەڵاتدا؛ نموونەی ئەوە ئێستاکە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە و بێڕێزی کردن بە بەها و بایەخە نیشتمانییەکان بەهۆی هەژاندنی هەستی گشتی کۆمەڵگە بەتاوان ناسراوە و سزای بۆ دیاری کراوە؛ بەیاساکردنی حزووری ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ ئەوان وەک پیاوان؛ کۆی ئەوانە لە کاتێکدایە کە لە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی پەهلەوی لە تاران ئەو بابەتانە لە یاسای وڵاتدا بوونیان نەبووە و لەڕاستیدا یاسا لەلای ئەوان بۆ پاراستنی شا و دەربار و دەسەڵات بووە. بۆیە ئەو داهێنانە یاساییە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و لەو دۆخە هەستیارەی وڵاتدا و لەو کات و دەرفەتە کەمە و هەروەها یەکەم ئەزموونی کورد وەک دەسەڵاتێکی سەردەمییانە هونەرە.

هێزی ئەو هونەرە لە یاسای سزادانی گشتیدا زیاتر خۆ دەنوێنێ. هەر وەک لەسەرتر باسمان کرد، هێنانەوەی هێندێک ئوسوولی گشتی لە داڕشتنی یاسادا کە ئێستاکە وەک پڕەنسیب و ئوسوول و بناغەی سەرەکی داڕشتنی یاسا پێناسە دەکرێن دەرخەری ئەو ڕاستییانەن. هەروەک بنەما و ئەسڵی بێتاوانی بەو مانایە کە تا تاوانێک لەسەر تاکێک نەسەلمێنرابێ ئەو تاکە بە بێتاوان دەژمێردرێ کە لە بەندی ٢٨ی یاسای سزادانی گشتیدا هاتووە. بنەما و ئەسڵی یاساییبوونی تاوان و سزاکان بەو تاریفە کە هەر کردەوەیەک یان بەپێچەوانەی کە لەلایەن یاسادانەرەوە بە تاوان نەناسرابێ و سزای دیاریکراوی بۆ دانەنرابێ، ئەو کردەوەیە یان پێچەوانەکەی بە تاوان لە قەڵەم نادرێ کە لە بەندی ١ی یاسای سزادانی گشتی ساڵەکانی ٦١ - ٦٠دا هاتووە. بنەما و ئەسڵی هاوڕێژەیی یان گونجاویی تاوان و سزا لەگەڵ یەکدی، بەو مانایە کە سزای دیاریکراو بۆ تاوانێک لە یاسادا لەگەڵ یەکدی بیخوێنێتەوە بەو جۆرە کە سزاکە لە بواری بەرپەرچدانەوەی تاوان و سزادانی تاوانبار و گەڕاندنەوەی نەزم بەهۆی بێنەزمیی پێکهاتوو بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئەمنییەت لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەک نەبێ کە کەمتر یان زیاتر لە ئاستی تاوانەکە دابێ؛ چوونکی هەردووک حاڵەت لە درێژماوەدا خۆی دەبێتە هۆی کێشە و ئاڵۆزییەکی تر کە بەپێچەوانەی ڕۆحی پراکتیکی یاسایە. بۆ نموونە لە بەندی ٢ی یاسای سزادانی گشتیدا کە تاوانەکان بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکا و سزاکانیش بەپێی ئاستی تاوانی ئەنجامدراو کە لە کام خانە یان بەشدا جێگیر دەبێ کە لەلایەن دەزگای داد یان کۆمیسیۆنی قەزایی دیاری دەکردرێ.

ئەسڵێکی دیکە، ئەسڵ یان بنەمای بەرابەری لەبەرانبەر سزا دایە؛ یانی تەواوی خەڵک لە هەر چین و توێژێک بن و هەر جێگە و پێگەیەکیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەبێ لە تاوانێکی دیاریکراو لە دۆخێکی هاوبەشدا وەک یەک سزایان بۆ دیاری کرابێ و جیاوازی لەنێوان هیچ تاکێکی کۆمەڵگە بەنیسبەت یەکدی دانەنرێ. ئەمە لە دەسپێکی قانوونی سزادانی گشتیدا پێناسە کراوە کە دەڵێ مانای گشتی ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە بەرانبەر ئەو قانوونە (قانوونی سزادانی گشتی)دا وەک یەکن. بنەما و ئەسڵی کەساندن یان تایبەتیکردن؛ ئەو ئەسڵە بە ئێمە دەڵێ کە هەر کەسێک کە تاوانێکی (کاتێک دەگوترێ تاوان یانی لە یاسادا ئەو حاڵەتە بە تاوان ناسێندراوە) دیاریکراو دەکا و سزاکەی بەپێی یاسا دیارە، تەنیا دەکرێ خودی ئەو کەسە لە پرۆسەی دیاریکراوی یاساییدا دادگایی و مەحکووم بکرێ و ئەو لایەنەی کە حووکمەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێ تەنیا کەسی تاوانبارە و دەسەڵاتی قەزایی یان دەزگای داد ناتوانێ بە هیچ هۆکارێک کەسانی نیزیک و بنەماڵە و هاوڕێیانی سزا بدات و نابێ حوکمی دیاریکراو کەسانی دیکە لە غەیری تاوانبار بگرێتەوە. پێچەوانەی ئەوە لە دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە زۆرجار برا یان باب یان کەسوکاری نێزیکی تاکێکی سیاسی لەلایەن حکوومەتەوە بەهۆی خێزانی بوون یان خزمی نیزیک بوونی ئەو تاکە سزا دراون، گیراون و تەنانەت زۆرجاران لە سێدارەش دراون. بۆ نموونە بەندی ۲۹ی قانوونی سزادانی گشتی ڕێک هەر بە دەقی ئەسڵی شەخسی بوونی تاوان هاتوە و بەڕاشکاوی باس لەو ئەسڵە دەکات و دانی پێدا دەنێ.

بەپێی ئەو ئوسوولانە و هەڵسەنگاندنی یاساکانی سەردەمی کۆمار - کە نموونەکانی لە ژمارەکانی چاپکراوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەمدا هەن - دەبیندرێ کە ئەو ئەسڵ و بنەمایانە وەک خۆی لە دارشتن و پەسندکردنی یاساکان لەلایەن شوێنی پێوەندیدار (پارلەمانی کۆماری کوردستان - کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات ) و هەروەها یاسادانەران (نوێنەرانی خەڵک لە پارلمانی کۆماری کوردستان - ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب) لەبەرچاو گیراون و لەلایەکی دیکەشەوە هێندێک بنەما و ئەسڵی دیکەیان ڕەچاو کردوە کە لە مێژووی یاسایی ئێران چ لە سەردەمی سەفەوی، چ قاجار و چ پەهلەوی و چ ئێستای کۆماری ئیسلامیدا باو نەبووە؛ وەک: ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، ئازادیی هەڵبژاردن - لە بواری سیاسی، ژیانی کۆمەڵایەتی و شەخسی - ئازادیی نووسین، ئازادیی هەڵبژاردنی مەرامی ئایینی و سیاسی، یەکسانی و بەرابەریی ژنان، بەفەرمی ناساندنی ڕەگەزی و ئایینیی کەمینەکان، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی داب و نەریتە نابەجێ و ناباشەکانی مەوجوود و جێگیرکردنی داب و نەریتی ئوسوولی و درووست لەپێناو پاراستنی مافی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، پێناسەکردنی جیاوازییە جۆراوجۆرەکان وەک خۆی لەیاسادا، پەسندکردنی یاسا لەپێناو خزمەتکردن بە خەڵک و نیشتمان نەک پاراستنی دەسەڵات و دەسەڵاتداران، پێکهێنانی دۆخێکی هاوسەنگ بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە بەرانبەر مافە گشتییەکان، ئازادی خوێندن بە زمانی زکماگی تەنانەت بۆ کەمینەکانیش (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ۷۵، لاپەڕەی ٤ی) کە باس لە کردنەوەی قووتابخانەی تێکەڵ بە ناوی کوردی و عیبری دەکا؛ هەروەها لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی و پێکهێنانی دۆخێکی لەبار لە بواری ژینگەیی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی

بەستێنێکی باش بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە کە بتوانن لەو دۆخەدا گەشە بکەن و ویست و خواستە جۆراوجۆرەکانی خۆیان وەدی بێنن بەو مەرجەی پێچەوانەی حەقی گشتی و ئاسایش گشتی و بەزاندنی سنوورەکانی کۆمەڵگە نەبێ.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو و باشی یاساکانی سەردەمی کۆمار کە نیشانەی شارەزایی و لێوردبوونەوەی یاسادانەرەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە، پێناسەکردنی مافە پێشێلکراوەکانی کۆمەڵگە و گەلی کورد بووە کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی پەهلەویەوە زەوت کرابوون. کاتێک چاو لە یاسا و بڕیارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها یاساکانی لە نێوان ساڵەکانی ٦١ - ٦٠ی هەتاوی دەکەین و بەپێی ویست وخواستی خەڵک، پوتانسییەل و زەرفییەت، جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، لە بەراوەرد لەگەڵ یاسای وڵاتانی دەورووبەر و راستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها حکوومەتی ناوەندی ئێران هەڵیاندەسەنگێنین، لەڕاستیدا ئەوەی لە پێش هەموو شتێک دێتە بەرچاومان، ئاستی دێموکراتیک بوون و خەڵکیبوونی ئەو یاسایانەیە کە لەو سەردەمەی ئێستاشدا ئەو دەقە قانوونییانەی ئەو دوو قۆناغە بە پێوەرەکانی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن، ئوسوول و ماددەکانی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک نابینرێتەوە کە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای ئەو دەقانە بێ و ماف یان کۆمەڵێک مافی لەخۆ نەگرتبێ یان پێشێلی کردبێ. ئەوە خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات یاسای وەک ئامرازێکی پێویست و دانەبڕاو لە کۆمەڵگەدا دەبینێ کە تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەکرێ بە شێوەیەکی نەزمپێدراو و ئوسوولی، پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و دادپەروەری بکرێنە بنەما و بناغەی بەڕێوەبردنی وڵات.

هەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەما و ئوسوولە پەسندکراوانە کە زیاتر لە حەوت دەیەیە بەڕێوەبەری حیزبێکی نەتەوەیی و جەماوەری لەڕێگەی ئەساسنامە و بڕیارەکان و پرەنسیب و ئاییننامەی نێوخۆیی حیزبی و هەروەها دوو جار ئەزموونی بەڕێوەبردنی وڵات، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت قانوون لە هەمبەر بەڕێوەبردنی وڵات ئەوەیە کە قانوون متمانەپێکراوترین ئامرازە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ..هتد بۆ نەتەوەیەک کە دەکرێ لەو ڕێگەیەوە ویست و داخوازییە ڕەواکانی پێ دەستەبەر بکردرێ، دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پێ بپارێزرێ و هەر بەو ئامرازە ئەو مافە دەستەبەرکراوانە سەقامگیر و جێگیر بکرێن لەنێو وڵاتدا و بۆ گەشەسەندنی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات بە داهێنان و پەسندکردنی درووست و ئوسوولی یاسا لە ڕوانگەیەکی دێموکراسییانە، ویست و خواستی کۆمەڵانی خەڵک لەژێر سێبەری ئەو یاسانە بپارێزرێن و ئەمنییەت (لە بواری دەروونی، زێهنی، فیزیکی، نەتەوەیی) و ئاسایش (لە بواری سیاسی، ئابووری، کەلتووری و نیشتمانی) کۆمەڵگەی کوردەواری بەو جۆرەی کە شایانیەتی بەئاکام بگا و دەستەبەر ببن.

ای ڕەزبەری ٢٧٢٢

# پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ




پێشینیان دەڵێن بوێری بە باڵای کورد براوە. کاتێک جینایەتی مووشکەبارانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژی چوارشەممە ڕووی دا، پتر لە هەر کاتێک لە مانای قووڵی ئەو پەندە گەیشتن، چونکی بەچاوی خۆم دیتم کە قەڵای خۆڕاگریی ورە و باوەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چۆن خۆی لەبەرانبەر مووشەک و ڕاکێت و درۆنەخۆکوژەکان ڕاگرت.

کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەدا بە زانینی ئەوەی کە قەڵای دێموکرات پڕە لە ژن و منداڵی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، زیاتر لە پێنج کاتژمێر لەسەر یەک، ئەو شوێنەی بۆردومان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی شەڕ و مافی مرۆڤانە لەبەرچاو بگرێ.

کۆماری ویلایەتی فەقیهـ کە بنچینەکانی دەسەڵاتی، لە نێوخۆی وڵات کەوتۆتە لەرزە و ترسی ڕووخانی لەسەر نیشتووە، ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژە شایەتحاڵی خۆپێشاندان و مانگرتنە گشتییەکانە لە سەرانسەری ئێران. بەشێوەیەک کە خەوی لەچاو هەڵگیراوە و کەوتووەتە پەلەقاژە. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی؛ کچە کوردێکی خەڵکی شاری سەقز کە بەدەست هێزەکانی گەشتی ئیرشاد دەسبەسەر کرا و بە شێوەیەکی دژەمرۆیی بەدەست ئەوانەوە کووژرا.

بەدوای ئەو ڕووداوە خەڵکی سەرانسەری ڕۆژهەڵات بەدەم بانگەوازی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هاتن و بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ژینا و ناڕەزایەتیدەربڕین سەبارەت بەم کردە دژەمرۆییە، ڕژانە سەرشەقامەکان و بە هەڵوێستێکی دروست و ئوسوولی و پڕمانا کە هەڵگری کولتوور و کۆمەڵگەی کوردەوارییە بەرەوڕووی ئەوجۆرە کردەوە قێزەونانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران بوونەوە. ئەوەش خۆی بوو بە هەوێنی خۆپێشاندان لە شوێنە جیاوازەکانی نێو ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

لەڕاستیدا ژینا بوو بە بیانوویەک بۆ هەڵڕژاندنی زوڵم و سەرکوتی زیاتر لە چلوسێ ساڵەی ئەو دەسەڵاتە و وەک هەوێنێکی پڕ واتا بووە خاڵی هاوبەشی تەواوی گەلانی ئێران بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەبەرانبەر دەسەڵاتداران. بەهۆی سەرکوتی دڕندانە و لە ڕادەبەدەری ئەوجارەش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆری نەبرد کە ژینا بوو بە کۆد و هێمایەکی تەواو دیار بۆ ڕزگاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران؛ بە شێوەیەک کە هەموو جیاوازییە ئیتنیکی، زمانی، کولتووری و جینایەتییەکان، ڕۆحی ژینایان کردۆتە پێشەنگی شۆڕش بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ مافێکی خۆپێشاندان بۆ خەڵک قائیل نییە (تەنانەت بەپێی یاساکانی خۆشی) بەڵکوو دەست لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون و دڕەندانە بۆ کڕ و کپکردنی دەنگی خەڵک نابوێرێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەموو جۆرە تاوانێک دەبات. لەو کاتەدا کە خەڵکی ئێران لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسی و حقووقی بەرەوڕوون و ژیانیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە کەوتووەتە مەترسییەوە، ئەوەی لەبیری دەسەڵاتدارانە تالانیی زیاتری وڵات و بێدەنگکردنی هەموو جینە ناڕازییەکانی خەڵکە، لەو کات و دۆخەدا، ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە بۆ بەلاڕێدابردنی ماف و ویستی خەڵک و دواکارییە ڕەوا و ئینسانییەکانیان دەستی کرد بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و چەسپاندنی مۆرکی جیاییخوازی بە خۆپێشاندەران و تێکدانی دۆخی ناوچەکە. لەڕاستیدا پیاوکوژانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ بە سازکردنی نائارامییەکی قووڵ و بەربەرین لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ بەلاڕێدابردنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنە گشتییەکانی خەڵک لەنێو بیروڕا جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات و لاینگرانی گۆپاڵ بەدەستی خۆی، لە هەوڵی وەشاندنی زەبرێکی قورسدا بووە لە پەیکەرەی سیاسی - نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆوەی بە بە سەرکوتی هەمەلایەنەی گەلی کورد، ترس و دڵەڕاوکێش بخاتە نێو گەلانی دیکەی ئێرانەوە. هاوکات بە جموجۆڵی جۆراوجۆری نیزامی هەوڵی ئەوە دەدات کە باشووری کوردستان و بەغداش تێوەگلێنێ و بە سازکردنی دۆخێکی تۆقێنەر و سامناک لە سێبەری بێدەنگیی وڵاتانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زەمانەتی مانەوەی خۆی بگەڕێنێتەوە نێو ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان و بەدەنەی خۆی. بەڵام هەر وەک لە مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمانان دیترا ئەو هەڵە تاکتیکییەی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا ناحەزی و ڕووڕەشیی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا بۆ بەدواوە بووە، ئەوجارە بە دووپاتکردنەوەی هەڵەی چوار ساڵ لەمەوبەر و لەو کاتەدا کە زۆرینەی دەنگ لە نەتەوەکانی ئێراندا داوای لاچوونی دەسەڵات و ڕووخانی ئەو سیستەمەیان هەیە، نەتەنیا نەیتوانی لە دەنگ و داواکانی خەڵک کەم بکاتەوە، بەپێچەوانە خێرایی بە پرۆسەی ڕووخان و لەنێوچوونی

خۆی بەخشی و ئەمجارە بە لێدانی بنکە و بارەگاکانی ڕۆڵەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، زیاتر هاندەری ویست و داخوازییە جیاوازەکانی گەلانی نێو ئێران بوو. جگە لە ژینا، وانیار و ڕێڕەوانی وانیار و ناڕازییەکانی ئەو دەسەڵاتەی زیاتر لە جاران لە دەوری یەکدی کۆ کردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خاڵە هاوبەشەکان بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگیی زیاتری گەلانی ئێران پتر دەکات بۆ نەمانی ئەو سیستەمە کۆنەپەرست و دژە خەڵکییە. کۆماری ویلایەتی فەقیهـ وەک تاکێکی خنکاوی لێ هاتووە کە لە ترسی لەنێوچوونی دەسەڵات و داگیرکارییەکانی پەلاماری هەموو کردەوەیەک دەدا و پەنا بۆ هەموو جینایەتێک دەبات و لەو نێوەدا تەنیا شتێک کە لای گرینگە مانەوەی خۆیەتی بەنرخی گیانی تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەر کوێی ئەو گۆی زەوییە کە بن؛ ئەمجارەش بەو کردەوە تێرۆریستییانە نیشان درا کە خەڵک و لایەن جۆراوجۆرەکانی سیاسی، مەدەنی و خەڵکی زیاتر لەگەڵ کێن و چ ئادرێسکیان پێ بەشێک لە خۆیان و داواکارییەکانی خۆیانە.

١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ = ١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین



سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێ کە مافی خۆپێشاندان، مافی نارەزایەتیدەربڕین بە دۆخی ئارایی، سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت لە هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد یان بە یاسایەکی پەسندکراو و بەگشتی بە هەر چەشنە حاڵەتێک کە دەسەڵات و ناوەندەکانی دەسەڵات بەردەنگ بن دەگوترێ. مافی خۆپێشاندان مافێکی دانپێدانراوە و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەیاسا کراوە و وەک نەریتێکی دانەبڕاو بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات پێناسە دەکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا کۆی گشتیی مافە مەدەنییەکانن کە نیشاندەری ڕادەی دێموکراتبوون و خەڵکیبوونی دەسەڵاتە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە یاسادا و لە کردەوەدا دەبێتە خشتەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکان. لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا لە دوو شوێن ئەو مافە بەفەرمی ناسێندراوە و دانی پێدانراوە؛ یەکەم لە جاڕنامە گەردونی مافی مرۆڤ لە ماددەی ٢٠دا کە دەڵێت: "هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە و ئازادە لە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کۆڕە ئاشتیخوازەکان. نابێ هیچ کەس بەزۆر لە هیچ کۆڕێکدا بەشدار بکرێ." دووهەم لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مەدەنی و سیاسیدا دەڵێت: "مافی پێکهێنانی کۆڕبەندی ئاشتیخوازانە بەفەرمی دەناسرێ. جێبەجیکردنی ئەو مافە، نابێ ژێرفەرمانی هیچ سنووردارێتییەک بێ، جگە لەوەی کە بەپێی یاسا دیاری کراوە و لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا بەپێی بەرژەوەندیی

ئاسایشی میللی یان سڵامەتیی گشتی یان ئاسایشی گشتی یان بۆ پشتیوانی لە سڵامەتی یان ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی خەڵکی زەروورەتی هەبێ".

لە کەس شاراوە نییە کە وڵاتانی جیهان دەبێ پابەند بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵە نێودەوڵەتییە بن کە هەموو ئەوانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بە واژۆکردنی ئەو بنەمایانە، پاراستن و لەبەرچاوگرتنیان وەئەستۆ گرتووە.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ٢٧دا، ئاماژە بە مافی خۆپێشاندان کراوە. ئەو ئەسڵە دەڵێ: "پێکهێنانی کۆبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکان بەبێ پێبوونی چەک، بەو مەرجەی نەبێتە بنەماکانی ئیسلام نەباتە ژێر پرسیار، ئازادە." ئەو ئەسڵە کە لە بەشی مافی میللەتدا هاتووە، بەڕوونی باس لە یاساییبوونی مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان دەکات و جگە لەو مەرجە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ دیاری نەکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە و بۆتە هۆی ناڕوونی یاسای بنەڕەتیی ئەو دەسەڵاتە مەرجی دووهەمە کە دەڵێ بەو مەرجەی نەبێتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری بنەماکانی ئیسلام!

یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێک دەبێ گشتی، ڕوون و ڕاشکاوانە بێت بەجۆرێک کە جێی گومان و ناڕوونی و پرسیار نەهێڵێتەوە. لەو مەرجەدا کە بنەماکانی ئیسلام هاتووە لە هیچ بەشێکی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا، ئەو بنەمایانە شی نەکراوەتەوە و تەنانەت لەو ئەسڵەدا کە باس لە ویلایەتی مووتڵەقەی فەقیهـ دەکات، لەوێدا ئاماژە بەوە ناکات کە مەبەست لە ویلایەتی فەقیهـ هەمان بنەماکانی ئیسلامە کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا باسی کردوە یان نا؟ ئەو کێشەیە لە هەموو ئەو ئەسڵانەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و هەمیشە لە کاتی کێشە لەنێوان دەسەڵات و خەڵک، زیان و خەسارەکانی بەلای خەڵکدا شکاوەتەوە و دەسەڵات بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایەت و لەدواییدا پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، مافی خۆپێشاندانی لە یاسای ئاساییدا سنووردارتر کرد کە پێچەوانەی ئەسڵی دارشتنی یاساییە و بەپێی سەرچاوەبوون و بنەمای یاسایی، یاسای ئاسایی دەبێ لەژێر چوارچێوە و کاریگەریی یاسای بنەڕەتیدا بێ، نەک پێچەوانەکەی. مەگەر ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی خۆی باس لە ئیمکانی دابینکردنی ڕێوشوێنی پێویست و زەروور لەلایەن شوێنی دیاریکراو بدات. بەوحاڵە کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاونەگرتنی ئەو ئەسڵە گرنگە و بەشێوەیەکی ناڕەوا و نایاسایی، مافی خۆپێشاندانی لە هێندێک ماددە و خاڵدا سنووردار کردوە کە بریتین لە خاڵی ٦ی ماددەی ١١، یاسای شێوەی کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە دەڵێت: "پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و بڕیاردان سەبارەت بە داواکاری بۆ ئەنجامدانی کۆڕبەندەکان و خۆپێشاندانەکان لە ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی حیزبەکان دایە." هەروەها لە خاڵی خ ماددەی ١٣ی ئەو یاسایەدا دەڵێت: "بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان و پێکهێنانی

کۆڕبەندی حیزبەکان دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی ٦ی ماددەی ١١ و هەروەتر ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی و بەئاگاداری و وەرگرتنی مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان لە وەزارتی نێوخۆی وڵات و پارێزگادا بێت." لە ئاییننامەی ئەو بابەتەدا هاتووە کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامە، حیزبەکان دەبێ بچنە کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی حیزبەکان کە لە سێ نوێنەری دەسەڵاتی سەرەکی دەسەڵات پێکهاتووە و لانیکەم دەبێ کەمتر لە ٧٢ کاتژمێر نەبێت. هەروەها ناوی وتەبێژەکان، شوێنی کۆڕبەندەکە، کاتی کۆ بوونەوە و بابەتی کۆبوونەوەکەش ئاماژەی پێ بکرێت.

ئەوانە یاساوڕێساگەلێکن کە لەدوای پەسندی یاسای بنەڕەتی بۆ سنووردارکردنی مافی خۆپێشاندان پەسندکراون؛ کە بەو پێیەی لەسەرێ باس کرا، پێچەوانەی چوارچێوەی داڕشتنی یاساییە و دەبوایە دیوانی عەداڵەتی وڵات یان خود شۆڕای نیگابانی ئەو یاسا و ماددانەی کە دژی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتین، هەڵوەشاندبایەوە کە تائێستا تەنانەت لە ئاستی قسەکردنیشدا باسی لێوە نەکراوە.

لەو ماددە و یاسایانەدا چەند بابەتمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆنیەتیی بەیاساییکردنی ئەو چوارچێوە و سنوورانەمان بۆ دەردەخا کە دژ و پێچەوانە یاسای بنەڕەتی و هەروەها دژی مافی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانە.

**یەکەم؛** لەو ماددانەدا باس لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، کە وایە مەبەست ئەو ڕێکخراوە و نەجوومەنانەن کە کۆماری ئیسلامی لەدوای دامەزرانی پێکیهێناون یان پێشتر دایمەزراندوون یان دانی پێ داهێناون؛ بەو پێوەرە جگە لە بناژۆخوازەکان، ڕیفۆرمخوازەکان و لق و پۆپەکانی ئەو دوو ڕەوتە و ڕەوتەکانی تایبەت بە ڕژیم، مەجالێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە لەلایەن حیزبەکانی دیکەی خەڵکەوە نییە. نەتەنیا نییە بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک حیزب پێناسە نەکراون و بەڵکوو بە نەیارانی خۆی ناساندوون و هیچ یەک لەو لەتکەمافانەی کە لەیاسادا دیاریکردوون ئەوان ناگرێتەوە.

**دووهەم:** کەسێتی حقووقی و کەسێتی حەقیقی جگە لە ئەو حیزب و ڕەوتانەی ناویان هاتووە، ناتوانن داوای مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان کەن.

**سێهەم:** هیچ مافێک و یاسایەک بۆ خەڵکی ناڕازی دیاری نەکراوە، چوونکی ئەو مۆڵەتنامەیە دیاریی کردووە کە بۆ چ لایەن و ڕەوتێک دەردەکرێ.

**چوارەم:** بە چاولێکردن لە دەقی فارسی و حقووقی ئەو یاسایانە بەڕاشکاوی باس لە خۆپێشاندان (تظاهرات) نەکراوە،

ئەوەی هاتووە بەشێوەی (تجمعات و راهپیمایی) هاتووە کە بە مانای کۆڕبەندی و ڕێپێوانە؛ ئەوەش خۆی باری پۆزەتیڤی بەسەردا سوارە و خوێنەر و جێبەجێکارە یاساییەکان زیاتر ئەو مەبەستەی لێ هەڵدەیەنجن کە یاسادانەر مەبەستی لایەنگر و پشتیوانانی بنەڕەتی دەسەڵات یان لانیکەم ڕێفۆرمخوازەکانە، نەک ناڕازییەکان و دژبەرانی.

بۆیە بە وردبوونەوە و شیکاریی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە، هەروەها یاساوڕێساکانی دواتر کە لەسەر ئەو بابەتە پەسند کراون، ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ناڕازییەکان و تەنانەت دژبەرانی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر ڕەهەند و چەشنێک، هیچ مافێکی یاسایی بۆ خۆپێشاندان یان دەربڕینی ناڕەزایەتی دیاری نەکراوە، کە واتە ناڕازییەکان بە هیچ شێوەیەک مافی خۆپێشاندان و ڕادەربڕینی سەرشەقام و جۆرەکانی دیکەیان بەشێوەی کۆبوونەوە و کۆڕبەند پێ نەدراوە. بۆیە لە دام و دەزگای حکوومیدا دەبینرێ کە لەو خۆپێشاندانانەی شۆڕشی ژینا، کۆی خۆپێشاندەران، ناڕازییان و مانگرتووەکان بە ئاژاوەگێڕ، ئاژاوەچی و تێکدەر و شێوێنەر ناوزەد دەکرێن و بەپێی قوورسایی ئەو وشەگەلە لە دادگاکانیان ڕووبەڕووی تاوانە دژەمرۆییەکان وەک شەڕکەر بەدژی خودای و پیسکەری سەر زەوی لەقەڵەم دەدرێن و محاکەمە دەکرێن. ئەوانە لە کاتێکدایە کە لەوبەری پەردەی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە هەر وەک لە وتاریکی پێشووتردا باسم کردوە، کارناسانی بۆ نەهادە ئەمنییەتییەکان کراوە و بە دەستتێوەردان لە یاسا و ئاییننامەی هێزەچەکدارەکانی وڵات، دەستئاوەڵەیی و مافێکی بەربەرین و لەڕادەبەدەر بەو بەشانە دراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک، سەرکووت کردنیان و تەقەی ڕاستەوخۆ لەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک دێنە سەرشەقام. ئەوەش لەو خۆپێشاندانانەدا بەئاشکرا دەرکەوتووە کە بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کەسانێک بەجلی ئاسایی و خەڵکی بەشێوەیەکی دڕندانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چوارچێوە و سنوورێک بە چەکی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکەن، دەیانڕفێنن، سەرکووتیان دەکەن و بەرەوڕوویان دەبنەوە و نەتەنیا مافی خۆپێشاندان بۆ خەڵک ناپارێزن و دەبنە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی، بەڵکوو ئاییننامەی نێودەوڵەتیی هەڵسووکەوتی هێزە چەکدارەکانیش لەبەرچاو ناگرن. کۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی کە یاسای بنەڕەتیی وڵات و یاساکانی دیکەی پێ داڕێژراوە و لەو ئایدییایەشدا خەڵک تەنیا دەتوانن لەگەڵ دەسەڵات و بۆ دەسەڵات بن و جگە لەوە، هەر هەڵسووکەوت و قسە و ویستێک بەمانای دوژمنایەتیی خودا و نوێنەرانی خودایە لەسەر گۆی زەوی.

۲۲ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ = ۱ی سەرماوەزی ۲۷۲۲



سەرچاوە
Serchawe

## کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە



لەدوای کووشتنی ژینا ئەمینی، ئەوەی تا ئێستاکە لەپاش تێپەڕبوونی ٨٠ ڕۆژ لەو شۆڕشە هاتۆتەوە ئاراوە و هەموو جیهانی تەنیوە، ئەوەیە کە خەڵک نە پاشگەز دەبێتەوە، نە چیی تر هیوایان بە چاکسازی لە هەر ئاست و بوارێکدا ماوە لە حەیاتی ئەو دەسەڵاتەدا.

ئەوەی لەو خۆپیشاندانانەدا کە ئێستاکە چۆتە قۆناغی شۆڕشەوە ڕوی داوە، لەڕاستیدا ئەوەیە کە نە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی و نە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە تێرۆریستە پێیان وابوو کە لەسەر کووشتنی کچێک، تەواوی ئێران یەکدەنگ دەبێت و بەو شێوەیە دەڕژێتە سەرشەقام؛ چوونکی ئەوە بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بابەتێکی لەڕادەبەر دووپاتکراوەیە کە کچێک یان کوڕێک بەهەر هۆیەک لەلایەن دەزگاکانی ئەمنییەتی یان نیزامیی ئێرانەوە بکوژرێ. یەکەمجاریشە لە چەشنی خۆیدا کە بەشەکانی دیکەی ئێران ئاوا بە دەنگی کوردستانەوە دێن و ئەو جۆرە ناڕەزایەتییانە پێکەوە هاوبەش بکەن و پەرە بستێنێ بۆ هەر چوار گۆشەی ئێران.

جێی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە کە بۆ دەبێ حاڵەتێک و دۆخێکی وا بێتە پێش لەو جوگرافیایە کە وردترین و بەئەزموونترین شیکارەکانی ئەو ناوچەیە لە بواری جۆراوجۆردا، نەیانتوانیبێ ئەو جۆرە لە خۆپیشاندانەکاندا پێشبینی بکەن، یان لانیکەم

وەک ئەگەرێـک ئامـاژەی پـێ بـکەن؟ بەڕاسـتی نەبـوونی ڕێکخـراو و کـۆمەڵگەیەکی ئـازاد و میـدیای سـەربەخۆ ڕێگـری ئەو مەسەلەیە بووە؟ یان تـاکوو ئێسـتاش پوتـانسییەل و زەرفییەتەکـانی نـاو ئەو جوگرافییـایە بەدروستی نەناسراوە؟ چ شتێک یان شتگەلێکی شاراوە لەژێر پێستی هزر و ڕای گشتیی شارەکانی ئەو وڵاتە گوزەراوە کە هیچ لایەنێکی نێوخۆیی، نـاوچەیی و جیهـانی لە سـەتا یەکـیش، بیـری لەوە نەدەکـردەوە کە کووشـتنی کچێـک یەکێـک لە گەورەتـرین نـاڕەزایەتییەکـان و خۆپێشاندانەکانی ئەو سەدەیەی لێ بکەوێتەوە؟

کۆمەڵگەیەک یـان باشـتر وایە بڵێین کـۆمەڵە کـۆمەڵگەیەک لەنێـو ئەو وڵاتە کە هەمیشـە هەوڵ دراوە وەک یەک کـۆمەڵگە پێناسـە بکرێـت بەڵام جیـاوازییە جۆراوجـۆرە ناسـراوەکانی لە هەر بەشـێکیدا دیـار بـووە، بـۆ یەکەمجـار وەک کـۆمەڵە کۆمەڵگەیەک کە لە ئاستێکی بـاڵادا خـاڵی هاوبەشیان زۆر بـووە و بـۆ دوو مەبەسـتی سـەرەکی هـاتوتە سـەرهێڵ؛ یەکەمیـان لادانی دەسەڵاتێکی خوێنمژ و دیکتاتۆرە و دووهەمیـان دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی دێموکراتیکە بە لەبەرچاوگرتنی ئوسووڵ و پرەنسیبە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەسەر ویست و خواستی ڕەوای ئەو خەڵکە بێ و ڕێزی لە کەرامەتـی تـاک و کۆمەڵگە بگرێت و لە هەمـوو بەشـەکانی مانیفێسـتی دەسـەڵاتداریدا بیگـوونجێنێ. لەڕاسـتیدا بەشـە شـاراوەکانی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵگەیە بە چ ڕەهەندێک و تـایبەت بە کام چین یان چینەکـانە و هەر یەکەی لە چ ئـاسـتێک دابـووە کە سـەرەڕای ئەوەی هیچ بەشێک و لایەنێکی بەڕوونی و بەوردی نەدیتراون بەلام بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەبەرچاوان ون، ناڕاستەوخۆ بەیەکدی لکێنراون. تەنیا ڕێگە بۆ بەدرووستی چوونەژوور لەو بـابەتە، بەجیـا چاولێکردنی کـۆمەڵگەی هەر نەتەوەیەکە بـۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو و کامڵ لەو پازێلە شێواوەی ئێران.

لەو سـەرهەڵدان و شۆڕشە دوو گەل زۆر بەرچـاو و دیـارن، کـورد و بلـووچ. کوردەکـان کە لە سـەرەتای دامەزرانـی دەسـەڵاتی مێژەربەسـەرە قـومی و نەجەفییەکـان بڕیـاری خۆیـان دا و ئەو دەسـەڵاتەیان وەک داگیـرکەر پێناسـە کـرد و ڕوویـان کـردە ڕەهەنـدە جۆراوجـۆر و جیاوازەکـانی خەبـات لەتەواوی تەمەنـی ئەو دەسـەڵاتەدا. بەلووچەکـانیش هەر وەک کوردەکـان ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لەسەر ئەو ڕەوتە و ڕێگەیە بەردەوامن.

ئەو بابەتە بۆ تورکەکان هێندێک جیاواز بوو، هەرچەند ئەوان لە چەند قۆناغدا ناڕەزایەتییـان دەربـڕی و خۆپێشـاندانیان کرد بەڵام تـا ڕادەیەکـی زۆر جـۆری هەڵسـوکەوتی دەسـەڵاتی ناوەنـدی لەگەڵ وان وەک بەشـەکانی دیکەی ئێـران و گەلانـی دیکەی نێو ئەو قەوارەیە، بەتایبەتمەندی جیاواز دارێژرابوو. تورکەکان لە بواری ئابووری و هەروەها نیزامی بەتـایبەت لە ڕێکخراوی سوپای پاسداراندا مەیدان و بەهایەکی زۆریان پێ درا. هەروەها لە دامودەزگا ئەمنییەکـان وەک ئیتلاعـاتی وڵات، زانیـاری و هێـزی پـۆلیس بەسـتێنێکی بەربڵاویـان بـۆ ڕەخسـاندن؛ جگە لە بەشـی ئـابووری ئەو حـاڵەتە بـۆ گیلەکەکـان و مازەنییەکانیش درووست کرا و ڕێک خرا.

عەرەبەکان، بەختیارییەکان و لوڕەکان بەکورتی دەتوانین بڵێین لە هەمووشتە سەرەکییەکان بێبەش کران و تەنیا لە بازنەی ناوچەی خۆیان لەنێو ئێراندا ڕکەبەری ئابووری، کشت و کاڵی و مودیرییەتیان لە ئاستێکی زۆر خوارێ بۆ پێک هێنان و بە تێکدانی ژینگەیان بەشێوەی دەورەیی و دیاریکراو بەڵام بەزیندوو ڕاگرتنی کێشەکان لە نێویاندا، جۆری نیشتەجێ بوونیانی تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕدرا ( هەمان سیاسەتی ڕەزا میرپێنج لەو ناوچەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئارامتر و وردتر). لوڕەکان و عەرەبەکان لە دامودەزگای دیکە وەک تاقمی زەربەت، نێپۆ و دژەشۆڕش سازمان دران.

بەڵام کورد و بلووچ تەنیا بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕێژەیی لە پایگا و بنکەکانی سوپای پاسداران و بەسیج سازماندەهی کران و لە بەشە ئەمنییەتییەکانی دی کەمتر بوونیان دیارە و دەرکەوتووە؛ لێنەزانی ستراتیژیک و بەئانقەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقی لە ناوچەکانی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ئەو ناوچانەی کەمینە ئەتنیکییەکان تێیدا نیشتەجێن، هۆکاری سەرەکیی پەیوەستبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەیە بە دامودەزگای نیزامی، ئەمنی و سەرکوت.

دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی تەنیا لەو پارێزگایانەی کە فارسی لێ نیشتەجێیە یان کولتوور و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی فارسی بەسەردا زاڵە، خۆی وەک حکومەتێکی تا ڕادەیەک خەڵکی دەرخستووە و خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی باشتر و پێشکەوتووانەتر لەو بەشانەدا وەگەڕ خستوە.

لەڕاستیدا سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بۆ هەر گەلێک بە شێوەیەکی جیاواز هەڵبژێرداوە و دارێژراوە؛ لەنێو هەناوی هەر سیاسەتێکی تایبەت بۆ گەلێک، سەرلەنوێ بەپێی جیاوازی کولتووری، ئایینی و نیشتەجێبوونیان، وردبینانەتر پیلانەکان جیا کراوەتە و ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهێنراوە.

بۆ نموونە لەنێو کوردەکاندا، سیاسەتی ڕێژیم لە پارێزگاری ورمێ بەهۆی تێکەڵاویی کورد و تورک، جیاوازە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و سنە؛ بەو مانایە لە یەک سیاسەتی گشتی بۆ گەلێک، چوار سیاسەتی جیاواز لە چوار پارێزگا دانراوە. بەشێوەیەک کە بتوانێ ئەو گەلە لەو چوار پارێزگایە لەبواری ئێتنیکی، زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەبیانووی ئایینی، زاراوەی ناوچەیی و پێناسەی شووناسی بنەماڵەیی و جوگرافی لەیەکدی هەڵبڕێ؛ ئەوە خۆی بەشی نێوخۆیی بۆ ئەو نەتەوەیەیە و هەوکات لە ئاستی گشتگیردا بە دیاریکردنی سنووری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو گەلە لە ڕێگەی میدیاکان و کار و چالاکییەکانی دام ودەزگای ڕیکلامی بە شێوەی مەیدانی، دەورەیی و بەبیانووی ڕێ و ڕەسمە تایبەتەکانی خۆیان بەنیسبەت گەلانی دیکەی ئێران ئەو دابڕانە لەو حاڵەتەشدا وەسەریەک بخاتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە ئامار و داتای هەڵە ئەو بۆشاییانە زیاتری بکات.

لە بواری سیاسی، ئیداری، ئابووری و نیزامی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگایەکی کوردی لەگەڵ پارێزگایەکەی دیکەی کوردی جیاوازی بەرچاو و زەق دەبینرێ. بۆ نموونە بە کەڵکوەرگرتن و زەقکردنەوەی ئایین و کەمڕەنگ کردنەوەی بواری نەتەوەیی کورد لە کرماشان، مەیدان و دەرفەتێکی بەرفراوانتر دراوە بە کورد لەوێ بۆ بەشداریکردنی لەو چوار بوارەی لەسەرێ ئاماژەمان پێ کردن و بەهۆی ڕێژەی زۆری نیشتەجێ بوونی کورد لەو پارێزگایە، وەرگرتنی کورد لە ئەرتەش زۆر بەرچاوە و بە پرۆپاگەندە هەوڵ دراوە کە وەک بایەخێک لەو پارێزگایە چاوی لێ بکرێ و لە هەمانکاتدا کورد کەمتر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە وەربگیردرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک و دەسەڵاتی ئەرتەش لە ئێران و لەبەرانبەر سوپای پاسداراندا. لە حاڵێکدا لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە و ئیلام دەرگای وەرگیرانی کورد لە سوپای پاسداران ئاوەڵایە و کەمتر کورد لەلایەن ئەرتەشەوە وەردەگیرێ، یان لەو ناوچانە سازمان دەدرێن؛ ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، جیا لەوەی کە بە سیاسەتی ئابووری، ڕاگرتنی پرۆژەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بەشێوەیەکی پۆلێنبەندی کراو و هەنگاو بە هەنگاو چووەتە پێش، بەو هیوایە کە هیچ ڕێگەیەک نەهێڵێتەوە بو تاکی کورد و لە هەمبەر دووڕێیانی کۆچ یان پەیوەستبوون بەو ڕێکخراوە حکوومییانەی دابنێ.

سیاسەتی دەسەڵات لێکدابڕاندنی هەر گەلێکە لەنێو بازنەی خۆیدا بەبیانووی جیاوازییە ئاساییەکان (کە لەنێو هەر گەلێک لەجیهاندا بوونی سروشتی هەیە) و دواتر پێناسەکردنی هەرکامیان لە بەشێکی دیکە و لە بازنەیەکی گەورەترە بەجۆرێک کە بازنەی پێناسەی سەرەکی ئەو گەلە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قەتیس تر بێتەوە. وەک نموونە بە کورد دەڵێ قەوم بەڵام هەورامی وەک پێناسەی کولتووری و زمانی بە نەتەوە پێناسە دەکات یان بەنیسبەت کرماشانی هەروەها و کورد لە ئیلام بەجۆرێکی دی و هتد؛ لەحاڵێکدا کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی جیهان لە کۆمەڵێک بناغەی ئێتنیکی لەنێو جەرگی ڕەچەڵەکێک پێک هاتووە.

ئەو سیاسەتە بۆ بەلووچ، عەرەب، گیلەکی و مازەنی و تا ڕادەیەک بۆ توورک بەکار دێت و بۆ هەرکام بەپێی زمان، کولتوور، مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، پێکهاتەکانی و بەتایبەت جیاوازییە ئاساییەکانی نێو ئەو بوارانە دارێژراون. لە ئاکامیشدا بڵاو کردنەوە و پەرتەوازەکردنیانە لەنێو دامودەزگا جۆراوجۆری ئیداری، ئەمنی و نیزامی وڵاتدا بەبیانووی جۆراوجۆر و هۆکاری ئابووری، خزمەتگوزاریی زیاتر و هتد. لەو حاڵەتەشدا بەشێوەیەک پیلانەکان پۆلینبەندی دەکات کە هەر گەلێک ڕووبەڕووی گەلێکی دیکە بکاتەوە و مەترسی تووانەوە بەهۆی بوونی بەرانبەریان بۆ ساز بکات، هەوکات لەنێو هەناوی هەر گەلێکدا کە جیاوازییەکان دەکاتە ئامانج، بەنێوبژێوانی لەنێویاندا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاکامی کێشە و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ یەکدی، زیاتریان بازنە بازنە دەکات و بە شێوە و ویستی خۆی، بشێویی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی زیاتر پێک دێنێ تا وەک دەسەڵاتێکی بەهێز حوکمیان بەسەردا بکات.

بەڵام ئەوەی لەچاوی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ون بووە، هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی ناوچەیی لە هەر بەشێک لە ئێران و ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی نەتەوەکانی ئێران بەنیسبەت یەکدی و وشیارتربوونەوەی نەتەوەکانی ئێرانە کە بەشی هەرە زۆری بە تێکەڵاوتربوونی ئەو گەلانەیە بەهۆی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. جێگەی ئاماژەیە کە بگوترێ کە مێژوو ئەو ڕاستییە دەرخستووە کە تێکدانی ڕاستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و بەلاڕێدابردنی ویست، خواست و مافە ڕەواکانی خەڵک، لەئاکامدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتە درووست و ئوسولییەکان لەنێو جەرگەی ئاشکرا و شاراوەیەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. بەهەمان شێوە لەنێو کۆمەڵگەکانی دیکە و ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بەهۆی خاڵی هاوبەش بەیەکدی دەلکیندرێن و دەبێتە هۆی سازبوون یان ئامادەبوونی بەستەرێک بۆ پڕ ڕەنگکردنەوەی ڕاستییەکان و لادانی ڕەوشتە دەسکردە غەیرە ئوسوولییەکان، بەپێی ڕادەی تێکدان یان تێکچوونی ڕاستییەکان؛ شاڵاوی تەنینەوەی ئەو ڕەوتە پێکهاتووانە بۆ گەڕاندنەوەی واقەعیاتی کۆمەڵگە یان هەر کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەی خۆیدا، توندتر و خێراتر دەبێت.

۱۷ی سەرماوەزی ۲۷۲۲



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەرییەکانی وەئەستۆگرتنی سیاسیی پارلەمانتارانی جیهان



وەئەستۆگرتن (کەفالەت)ی سیاسی بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان و پارلەمانی ئەو وڵاتە هاتە بەرباس و بە پێشنیاری دەوڵەتی ئاڵمان لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە لە توێی گەڵاڵەیەکدا پێشکەش کرا و لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا لەلایەن ئەو پارلەمانەوە پەسند کرا. بەپێی ئەو یاسایە نوێنەرانی پارلەمانی ئەو وڵاتە دەتوانن پشتیوانی لە نوێنەرانی پارلەمانی وڵاتانی دیکە بکەن کە لەژێر گوشار یان قاچاخبوون دان و لەلایەن دەزگا ئەمنییەتی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیانەوە مەترسی و هەڕەشەیان لەسەرە. ئەمەش جێی سەرنە کە وڵاتی ئاڵمان لە باسی ئەسڵی سەلاحییەتە جیهانییەکان لە ڕەوتی یاساییدا یەکێک لە هەرە وڵاتە پێشەنگەکانە دادگای مێکونووس و سزادانی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پێشەنگایەتییەیە. مەبەست لەو نووسینە شیکردنەوەی ئەو بابەتەیە کە کەفالەت و وەئەستۆگرتنی سیاسی یانی چی و کاریگەرییەکانی بۆ سەر وڵاتانی دیکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی چییە؟

وەئەستۆگرتنی سیاسی چەمکێکی نوێیە و هەر وەک گوترا یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان هاتە گۆڕێ و هەوڵ درا لە حقووقی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکرێت. ئەو یاسایە لە سەرەتادا تەنیا بۆ پشتیوانیکردن لە نوێنەرانی پارلەمانتارانی وڵاتانی دیکە بوو، بەڵام ئەو بەرنامە و پلانە گەشەی پێ درا و پانتایی کارایی ئەو چەمک و دەستەواژەیە بەرفراوانتر بوو، و ئەو

پشتیوانییە چالاکانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، هونەرمەندەکان و کەسانی دیکەی هێنایە ژێر سێبەری خۆی؛ ئەوانەی وا لەژێر گوشار و مەترسیی دوای دەسبەسەرکران و هەڕەشەی جۆراوجۆر بوون.
وەئەستۆگرتنی سیاسی لە یاسای وڵاتی ئاڵماندا بە مانای پشتیوانییەکی ئەخلاقییە و پشتیوانیی حقووقی ناگرێتە خۆ؛ بۆیە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی حقووقی بۆ پارلەمانتار لەبەرانبەر کەسی دەسبەسەرکراودا پێکناهێنێ. بە مانایەکی دی وەئەستۆگر (کەفیل)ی سیاسی سەبارەت بەو کەسەی وەئەستۆگرییەکەیی قەبوڵ کردووە، وەک پارێزەرێکی یاسایی لە دادگای فەرمی بۆ بەرگری لە کەسەکە توانای جێبەجێکاریی نییە، بەڵام ئەو هێز و تواناییە بۆ وەئەستۆگر هەیە و دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە جێگە و پێگەی سیاسی و یاسایی خۆی، ببێتە دەنگی تاکی دەسبەسەرکراو کە لە مەترسیدایە و بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی بەنیسبەت دۆخی بریگرتەکەی و بۆ مافەکانی لە ڕێگەی کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکات.

نوێنەری پارلەمان دەتوانێ یەک یان چەند زیندانیی سیاسی هەڵبژێرێ و بە جێگە و پێگەی سیاسیی خۆی بۆ پاراستنی مافی هەڵبژێردراوەکانی هەوڵ بدات و داوا لە باڵوێزخانەی وڵاتی بەردەنگ بکات کە لە دۆخ و چۆنیەتیی پرۆسەی گیران و دادگاییکردنی بریگرتەکەی ئاگاداری بکاتەوە و هەروەها داوا لەم وڵاتە بکات کە هەموو مافەکانی بریگرتەکەی بپارێزێ و بە پێی ڕیوشوێنی دیاریکراو لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان ڕێز لە ئازادییەکان بگرێت و بەزووترین کات بریگرتە یان بریگرتەکانی ئازاد بکرێن و هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەریان لابچێت، یان ئەگەر حوکمێکی دژەمرۆیی بۆ دەرکراوە، بە زووترین کات هەڵیوەشێننەوە. کەوابوو وەئەستۆگری سیاسی توانایی بەرگریکردن و جێبەجێکاری لە دادگای فەرمیدا نییە وەک پارێزەری بریگرتە، بەڵام ئەو کاریگەرییانەی کە دەتوانێ لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرانی وڵاتی بەردەنگی دابنێ، زۆربەی کاتەکان زۆر زیاتر لە کاریگەرییەکانی پارێزەرێکی حقووقییە لە سیستمێکی دیکتاتۆردا. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەرکات وڵاتێک دەستی بۆ جینایەت یان جینایەتگەلێک برد، کاتێک بوود هۆی دەنگدانەوە لە ئاستی نێودوڵەتیی و مێدیاییدا و کەسانی ناسراو و بەجێگە و پێگەی سیاسی-حقووقی هاتنە سەر هێڵ، ئەو جۆرە وڵاتانە ملکەچ بە پاشەکشە یان گۆڕینی جۆری هەڵسوکەوتیان بەنیسبەت تاکەکان یان هێندێک لە بابەتەکان دەبن؛ چوونکی حکوومەتگەلی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕواڵەت و ڕوخسارێکی یاسایی و پێبەندانە لەخۆیان پێشان بدەن لە بەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

گرینگیی ئەو چەمک و دەستەواژە نوێیانە لەوەدایە کد بێتوو لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا جێ بکەوێ و ببێتە بابەتێکی گشتگیری نێودەوڵەتی لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانیدا، ئەوکات دەکرێ لەگەڵ بابەتە نێودەوڵەتییەکانی دیکە وەک ئەسڵی جیهانیی دادگاییکردن و وڵامدەرکردن لەبەرانبەر جینایەتە پێناسەکراوەکان لەنێو کۆنڤانسیۆنەکان و جاڕنامە جیهانییەکاندا گرێ بدرێ و هەوڵ بۆ پتەوکردنی هەرچی زیاتری ئەو جۆرە چەمکە نێودەوڵەتییەکان بدرێ و خۆی دەبێتە

هۆی پێکانی چەند ئامانج وەکوو چکۆلەترکردنەوەی بازنەی ئەمنییەتی بۆ جینایەتکارەکان، دابەزاندنی ئاستی توانایی خۆشاردنەوەی جینایەتکاران لەبەرانبەر یاسا و چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا، بەجیهانیترکردنی پرسە حقووقییەکان لە بازنەی سیاسی و سیاسەتوانانی وڵاتانی جۆراوجۆردا، گرێدانەوە و لکاندنی زیاتری جیهانی سیاسەت و جیهانی حقووق و یاسا بە مەبەستی جێگیرکردنی باشتری ئازادییەکان و پشتیوانیکردن لە ئەسڵ و بنەما ئەخلاقییەکان، گەورەترکردنەوەی سنووره حقووقی و یاساییەکان بە مەبەستی بردنە سەرەی تێچووی ئەنجامی جینایەت بۆ جینایەتکاران و پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و هتد.

لە ڕەوتی خەبات و شۆڕشی سێ مانگەی ئەمجاری گەلانی ڕاپەڕیو لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بوونی میدیا بەهێزەکان، لەسەر خەتبوونی چالاکە مەدەنی و سیاسییەکان، هاتنەدەنگی بیروڕای گشتی سەبارەت بە سەرکوت، پێشێلکارییەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی پاشەکشەکردنی بەرچاوتر لەجارانی دەسەڵاتداران لە تاران و بردنەسەرەی تێچووی دەستبردن بۆ جینایەتە هەمیشەییەکانی. هاوکات بە هاتنە سەرخەتی نوێنەرانی پارلەمانی ئاڵمان بەهۆی یاسای ڕێگەپێدراوی ئەو وڵاتە، کەند و کۆسپێکی زۆرتر هاتۆتە سەر ڕێی جینایەتکارانی ئەو دەسەڵاتە و خۆی ئەو هاتنەدەنگە و وەئەستۆگرتنە سیاسییە بووەتە هۆی لەسەر خەتبوونی زیاتری میدیاکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی وڵاتانی دیکە و وای کردوە ئەو شۆڕشە لە چوارگۆشەی گۆی زەوی دەنگ بداتەوە. هەروەها پارلەمانتارانی وڵاتی ئاڵمان بەپێی ڕادەی دەستئاوەڵەییان دەتوانن پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بگرن و داوا بکەن کە گوشاری زیاتر بخەنە سەر دەسەڵاتی بەردەنگ بۆ وەڵامدەربوون لەبابەت بریگرتەکەیان و بۆخۆشیان ڕاستەوخۆ وەک وەئەستۆگر و پارێزەری سیاسی بچنە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە و داوای پاراستنی مافەکانی بریگرتەکەیان و ئازاد کردنی لە زیندان بکەن.

وەئەستۆگرانی سیاسی دەتوانن لە پارلەمانی وڵاتەکەیان بە پێشکەشکردنی گەڵاڵە و پەسندکردنی، داوا لە حکومەتەکەیان بکەن لە بواری سیاسی، بازرگانی، ئاست و ڕادەی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ وڵاتی بەردەنگدا پێداچوونەوەیە بکەن یان هێندێک لە گرێبەستەکان ڕابگرن، یان خود هەڵیوەشێننەوە. هەروەها بەپێی سەلاحییەتی جیهانی بۆ بێسزا نەمانەوەی جینایەتە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن جینایەتکارانەوە، داوا لە دەزگای دادی وڵاتەکەیان بکەن کە بەشێوەی پاشملە، دادگاییان بکەن و حوکمیان بۆ دەربکەن.

تا ئەو ڕێکەوتە زیاتر لە ١٠٥ پارلەمانتاری ئاڵمانی کە زۆربەیان لە حیزبەکانی سۆسیال دێموکرات و سەوزی ئەو وڵاتەن ودەتوانن لە بواری ئیجرایی و جێبەجێکاریشەوە زۆر بڕیاری یاسایی و بەجێ بەدژی دەسەڵاتی ئێستای تاران دەربکەن و تەنانەت لە بواری یاساییەوە وڵاتەکەیان پێبەند بە ئەنجامی هێندێک هەڵسوکەوتی کردەیی بکەن. لە جەریانی چەمکێکی نوێی حقووقی یان یاسایی لە ڕەوتی حقووقی نێودەوڵەتی جگە لە چونیەتی و ڕادەی باشی، ڕێژە و ئاستی

بەشداربووانیش بۆ جێکەوتن و جێگیربوونی گرنگە؛ جیا لەوەی پرسە ئەسڵییەکە دەبێتە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بۆ ڕێزەوان و پێبەندان بە ئەخلاقیات و مافەکانی مرۆڤ کە لێکەوتەی زیاتر و تایبەت بەخۆی دەبێتەوە و جیا لە گوشارە سیاسییەکان، میدیاییەکان و بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهانیدا، خۆی دەبێتە هۆی بەکردەوەکردنی گوشارەکان لەلایەن دەوڵەتان یان وەزارەتی دەرەوەیان و دەزگای دادیان؛ شەپۆلێکی پێکهێنراو لە ئاگایی و لەسەر هێڵبوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان کە زۆرجار تەنیا ڕێگەیەک لەپێش دەسەڵاتێکی جینایەتکار و تۆتالیتێر دەهێڵێتەوە، پاشەکشەکردن لەبەرانبەر ئەو لایەنانەیە و ئەوەش دەبێتە هەوێنی پێشڕەوی کردنی زیاتری خەڵک، ویست و داخوازییەکانیان و ڕێکخراو و چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان.

دیارە هەر دەسەڵاتێکی جینایەتکار و نابەرپرسیار لەدەسپێکدا لەبەرانبەر ئەو جۆرە ڕەوتە نوێیانەدا هەوڵ دەدات کە هێز و توانایی جینایەتکارانەی خۆی بسەپێنێ و نیشان بدات کە ئەو ڕەوتانە لاوازتر لەوەن کە بتوانن پێش بە ویست و بڕیارەکانیان بگرێت، بەڵام هەر لە ماوەی ئەو یەک مانگەدا بۆ زۆرینەی خەڵک دەرکەوت کە ئەو چەمکە نوێیە لە حقووقی نێودەوڵەتیدا بەهۆی ڕادەی دەستئاوەڵەیی داهێنەران و بەکارهێنەرانی تا چ ئەندازە توانیویەتی کاریگەر بێت و پاشەکشە بە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بکات؛ ئەوەش تا جێیەک چووەتە پێشێ کە ئەندامانی بنەماڵەی دەسبەسەرکراوەکان و چالاکانی مەدەنی بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ڕێژەی وەئەستۆگرانی سیاسیدان بۆ زیندانییە سیاسییەکانی ناو سیاچاڵەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەشێوەیەک کە لە وڵاتانی دیکە وەک سوئێد، نۆرویژ و بێلژیکیش هەر بە پشتقایمی ئەو ئەسڵە و تاریفە جیهانگرەکەی، هاتوونەتە سەرهێڵ و ڕاستەوخۆ بە کاربەدەستانی دەسەڵاتی ویلایەتی خۆمەینیزم دەڵێن بوەستە! و ئەو وەستانەش بە پشتبەستن بە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی بەکارهێنەرانی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ شێوازی هەڵسوکەوت لەبەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرێتە ناو قۆناغێکی جیاوازتر و جیددیتر.

ماوە بگوترێ کە یەکێک لە دەسکەوتەکانی هەرە گرینگ و بەرچاوی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە خۆپێشاندانەکانی ئەو ماوەیە بەهۆی کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی، بەکارهێنان و بەتاقیکردنەوەی ئەو چەمکە نوێیەیە لە ڕەوتی یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتیدا کە بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵکی لێ وەرگیراوە و بەکارهێنەرانیشی لەم ئەرک وەخۆگرییەدا بەردەوامن؛ ئەو بابەتەش تەنیا نیگەرانی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساز نەکردوە و بەدڵنیاییەوە دیکتاتۆرەکانی دیکەی چوارگۆشەی ئەو زەوییەی خستۆتە مەترسییەوە بەنیسبەت بێکاریگەریبوونی لەمەوبەدوای حوکمە دژە مرۆییەکانیان لە دادگا نایاساییەکان.

١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## مافی چارەی خۆنووسین، ڕەوا و بۆ هەمووان



لەو ڕۆژانەدا و لەو چرکەساتە هەستیارانەی شۆڕشی ژینادا کە ڕووداوەکان خێراتر لە ڕۆژانی ڕابردوو ڕوو دەدەن و ویژمانە جیاوازەکان زیاتر دێنە ئاراوە و لە هەر شوێنێک لەسەر گۆی زەوی، کەس یان کەسانێک بە نوێنەرایەتی لە حیزب یان ڕێکخراوەیەک یان وەک خۆی یان بەشێک لە کۆمەڵگەی نەتەوەکەیان دێنە سەر میدیا، کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینارەکان و باس لە دوارۆژی ئێرانی بێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ئەوە هەڵگری ئەو پەیامەیە کە گەلی کورد بە وردی و دوورڕوانینێکی ژیرانەتر دەبێ بڕوانێتە پرسی خۆی. هەروەها ژیرانە و لۆژیکی چوارچێوەی ویست، خواست و مافەکانی ڕوونتر لەپێشوو شی بکاتەوە و لە مانیفێستێکی یەکلاکەرەوەدا خۆی بە حیزب و لایەنەکانی دیکەی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێران، وڵاتانی ناوچە و جیهانی و ڕێکخراوە جیهانییەکان بناسێنێ. بۆ ئەوەش باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕەوایی ماف و ویستی گەلی کورد، ئوسوولی مافی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگە مێژووییەکانی گەلانی بە ئامانج گەیشتوویە.

بە پێوەری یەکسانی، عەدالەت و مافی مرۆڤ، هەر گەل و نەتەوەیەک هەموو ئەو مافانەی بۆ ڕەوایە کە بۆ نەتەوەکان دیاری کراوە؛ بەو پێیە هەر مافێک بۆ هەر گەل یان گەلانێک ڕەوا بێ بۆ گەلی کوردیش ڕەوایە. کە وایە هیچ یاسایەک، هیچ دانوستانێک و هیچ پێکهاتنێک، ناتوانێ کاریگەری لەسەر ڕەوایی بوون یان نەبوونی مافەکان بۆ گەلی کورد دابنێت؛

بۆیە پێکهاتن و دانوستان یان زەوتکردن یان سەپاندنی هەر حاڵەت و دوخێک کە بڕیار و دەنگی گەلی کوردی تێدا نەبێ لە بواری مەشروعیبیەتەوە، هیچ شەرعییەتێکی نییە؛ با ئەو مەسەلە و حاڵەتە بە زۆرەملی هێز یان ڕێککەوتنی سیاسی سەپێندرابێ.

لە جیهانی حقووقیدا بەتایبەت حقووقی سیاسیدا ئەو بەشە لانیکەم بەتەواوی جێ کەوتووە کە ئەو بڕیارە گرینگ، تایبەت و هەستیارانەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پرسە نەتەوەییەکان و گشتگیر و هەمەلایەنەی نەتەوەیەک هەیە، دەبێ لە فیلتەری ئەو نەتەوەیە تێپەر ببێت (ئەو فیلتەرە دەکرێ بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک، نوێنەرانی هەمەلایەنەی خەڵک و یان هەر جۆر و حاڵەتێکی گونجاو و دیاریکەری دیکە بێت.(

یەکێک لە هەرە مافە گرینگەکان کە بنەما و بناغەی زۆر مافی دیکەیە، مافی چارەی خۆنووسینە؛ لەو وتارەدا هەوڵ دراوە لە چەند ڕوانگەوە سەیری ئەو بابەتە گرینگ و هەستیارە بکرێ.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤ، بنەمای مافەکانی دیکەی مرۆڤ پێکدەهێنێت و بەپێی ئەو مافانە هەموو تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ گوێدانە نەتەوە، ڕەگەز و ئایین، دەتوانن کاروباری خۆیان لە بواری سیاسیی جۆراوجۆردا و بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، و کولتووری بەڕێوە ببەن. ئەم مافە، مافێکی تاکەکەسیی مرۆڤ و بەکۆمەڵی مرۆڤە کە هەر کەسێک و هەر کەسێکی نەتەوەیەک هەیەتی و ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هاوکات لەگەڵ پێویستی ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک، ئاماژە بەم پرەنسیپە بکرێت. بنەمای دوای ئەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و وەک فەرماندەیی مافی مرۆڤ دادەنرێ و دەتوانرێ لە پلەی یەکەمدا پەیڕەوی لێبکرێ بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کە یەکێک لە نموونە گرنگەکانی ڕێگریکردنە لە پێشێلکردنی مافی کەمینەکان، و لە قۆناغەکانی داهاتوودا، بە پێدانی مافی ئازادی بە گەلان بۆ بەشداریکردنی بەردەوامە لەسەر دیاریکردنی سیستەمی سیاسی. پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤ تەنیا کاتێک بەدی دێت کە ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە و بەتایبەت کەمینەکانی تێیدا دەژین مسۆگەر بکرێن. گرووپە کەمینە سەرکوتکراوەکان کە مافەکانیان پێشێل کراوە، بۆ گەڕاندنەوەی مافە لەدەستچووەکانیان دەتوانن پەنا بۆ ڕێگەی توندوتیژی و نادێموکراسی ببەن. (کە هەمان بەرگریی ڕەوایە لە هەمبەر پێشێلکەرانی ماف)، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕەچاوکردنی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن حکومەتەکانەوە، بنەمایەک بۆ وروژاندنی پرسەکانی وەک ئۆتۆنۆمی، جوداخوازی، یان خەباتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان نابێت و لەلایەن ئەوانەوە ئەو مافە هەستیار و بنچینەییە پێشێل دەکرێت. پەیوەندیی نێوان پرەنسیپی چارەی خۆنووسین و جوداخوازی چییە و کەنگێ کەمایەتییەکان لە وڵاتێکدا دەتوانن پەنا بۆ جوداخوازی یان چارەنووسی

خۆیان ببەن، وەک یەکێک لە نموونەکانی مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین.

لە ڕاستیدا مافی چارەی خۆنووسین مافێکی پێشێل نەکراوە بۆ هەموو مرۆڤەکان کە بتوانن لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خۆیان پێناسە بکەن و پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، ئەم مافە دوو دەرکەوتی گشتی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی مافی مرۆڤ و هەروەها لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دۆزیوەتەوە، کە بریتین لە: مافی دیاریکردنی مافی مرۆڤ لە کایەی پرسە دەرەکییەکان و مافی چارەی خۆنووسین لە کایەی پرسە نێوخۆییەکاندا؛ ڕەهەندی دەرەکیی مافی چارەنووس لە مافی سەربەخۆیی یان سەربەخۆییدا دەردەکەوێت و ڕەهەندی نێوخۆیی ئەم مافە لە مافی هەڵبژاردنی تاک دەردەکەوێت و مافی هەڵبژاردن، خۆی دەرکەوتەی جۆراوجۆری هەیە لە بواری ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادیی قسەکردن، ئازادیی جووڵە و ئازادی هەڵبژاردنی کار و...هتد. مافی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤ، ئەمڕۆ چ لە بواری یاسای نێوخۆ و چ لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا بووەتە یەکێک لە چەمکە دیارەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ. گرینگیی مافی چارەی خۆنووسین لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤدا تا ئەو ڕادەیەیە کە وەک یاسایەکی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ دانی پێدا بنێن، بە شێوەیەک کە پێشێلکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ئەو بەرپرسیارێتییە نێودەوڵەتییە، دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتەکان بە جۆرێکی تر ببینرێن و وەک ڕۆڵگێڕانێکی نێو کایەی نێودەوڵەتی پێناسە بکرێن کە لە هەوڵی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی گشتی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی دان. جگە لەوەش پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤ بە شێوەیەکی دانەبڕاو بە پرسەکانی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە پەیوەستە و یەکێک لە هۆکارەکانی گرێدراوی ئەو مافە بە پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەوەیە کە نەبوونی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا لەگەڵ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤایەتی پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، مافێکی تاکەکەسی مرۆڤە کە هەر تاکێکی نەتەوەیەک لێی بەهرەمەندە و ئەم مافەش کاتێک بەدی دێت کە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە مسۆگەر بکرێن؛ فەلسەفەی پێکهێنانی سیستەمی مافی مرۆڤ بریتییە لە پاراستن و پاراستنی مافی تاکەکان بۆ ئەوەی لانیکەم بەهرەمەندبوونیان لە کەمترین ژیانێکی شایستە مرۆیی مسۆگەر بکەن. مافی چارەی خۆنووسین، مافێکە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە خەڵکی هەموو گەلانی دەبەخشێت و بۆ سەلماندنی ئیدیعاکانیان ئاماژە بە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن کە پەیوەندییان بە مافی چارەی خۆنووسینەوە هەیە و ئەوانە هەمیشە ئاماژە بە خەڵک دەکەن کە شایەنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینن؛ لە مادەی ١٥٥ و میساقێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها مادەی یەکەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. هەروەها لە لایەکی ترەوە ئامانجی ئەم بەڵگەنامانە کە مافی چارەی خۆنووسین نیشان دەدەن، پەیوەندییەکی نزیک بە خواستی ڕاستەقینەی خەڵکەوە هەیە.

بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاتێک باس لە مافی مرۆڤەکان دەکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئامانجەکە "جۆرێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە خواستێکی هاوبەشی هەیە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کارا و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی هاوبەش". بەگشتی دەکرێ بڵێین وشەی "گەل" ئاماژەیە بۆ کەسانێک کە زۆرجار ناسنامەیەکی گرووپییان هەیە وەک نەتەوە، خەڵکی ژێر کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان. بەڵام کۆمەڵێک نووسەر لەسەر ئەو بۆچوونەن کە گەلە ڕەسەنەکان (بومییەکان) یان نەتەوەکان لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە نەتەوەیەک هەژمار ناکرێن، ئەمەش بەو مانایەیە کە وەک مرۆڤێک دانیان پێدا نەهێنراوە کە مافی بەکۆمەڵیان هەیە بۆ بەدواداچوونی گەشەسەندنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان. بەڵام لە هەندێک دەستووری نیشتمانیدا، بە تایبەت وڵاتانی وەک بۆلیڤیا، کۆڵۆمبیا و ئیکوادۆر دانیان بەم مافە بۆ خەڵکی ڕەسەن داناوە. تەنانەت پێش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە مافە بەکۆمەڵەکانی گەلانی ڕەسەندا بنێت، وڵاتی مێکزیک دانی بەم مافەدا هێناوە؛ لە ئێستاشدا گەلە ڕەسەنەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک نەتەوەیەک ناسێنران و ئەم دانپێدانانە بە ئاسانی ئینکار ناکرێ.

کەم نین ئەو وڵاتانەی کە گرووپە کەمینەکان لەخۆ نەگرێت و بەهۆی داواکارییەکانیانەوە، سەرقاڵی پرسەکەیان نەبن. ئەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زۆرینەی وڵاتان ڕووبەڕووی دەبنەوە، داخوازییەکانی کەمینەکانی نەتەوەیی، ڕەگەزی، زمانەوانی، کەلتووری و هتد؛ ئەو وڵاتانە لایان وایە کە لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، داواکارییەکان وەک خودمووختاری، فدێراڵی و تەنانەت مافی جیابوونەوە (یان لکاندنی بەشە جیاکراوەکان بە یەکەوە) ، ناعەقڵانین و دەبنە هۆی باڵکانیزەبوون و پارچەپارچەبوونی ئەندامان. بەڵام لە حاڵەتەکانی وەک پێشێلکارییەکی گەورە و سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ، پێویستە ئەم بژاردەیە وەک داواکارییەکی مەعقول و چارەسەرێکی جددی بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافی کەمینەکان لەبەرچاو بگیردرێت.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لەو کۆمەڵگایانەی کە کەمینەکان سەرکوت کراون، دەتوانرێ وەک بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی بخرێتە ڕوو. ئەو پێکهاتە چەوساوانەی کە مافەکانیان پێشێل کراوە دەتوانن بە نزیکبوونەوە لەم بنەما یاساییە نێودەوڵەتییانە، مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان بگەڕێننەوە. ئەم پرەنسیپە یاساییە بە مانای نیزیکبوونەوە لە توندوتیژی یان دەست بردن بۆ توندوتیژی نییە بۆ گەڕاندنەوەی ماف؛ چونکی دەکرێ مافی چارەی خۆنووسین لە ڕێگەی ئارام و ئاشتییانەوە بەدەست بهێنرێ، بەڵام کاتێک حکومەت لە کۆمەڵگەی زۆرینەدا پەیوەندی نێوان پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین و جوداخوازی و ئۆتۆنۆمی کۆنترۆڵ بکات و ئەگەر گوێ بە داواکارییە ڕەواکانی کۆمەڵگەی کەمینەکان نەدات، ئەوکات ئەو ڕێگا ئاشتییانەیە جێگەی خۆی بە توندوتیژییەکی مەشرووع بدات و لە ڕوانگەی ئەوانەوە (حکومەت)، ڕێگەیەکی نادێموکراسی بگرێتەبەر.

**لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر کاسی دەڵێت: دەکرێ لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مافی جیابوونەوە بۆ کەمینە ڕەگەزییەکان لەبەرچاو بگیردرێ؛ ئەم مەرجانە بریتین لە:**

١- دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکومەتی دەسەڵاتدار بەردەوام ڕەتی دەکەنەوە مافی بەشداریکردن بدەن بە گروپە ڕەگەزییەکان.

٢- پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانیان بە شێوەیەکی گەورە و سیستماتیک.

٣- نەبوونی ئەگەری گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانە لە چوارچێوەی هەیکەلی حکوومەتی مەوجووددا.

مافی هەر میللەتێکە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت و بەپێی ئەم چەمکە هەر میللەتێک دەتوانێ مافی چارەی خۆنووسین لە دژی ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، کولتووری و مێژوویی جێبەجێ بکات و نەتەوەی مافزەوتکراو مافی جیابوونەوەی هەیە. زانایانی ماف بۆ بەدیهێنانی جوداخوازی هەندێک حاڵەت وەک پێشمەرج باس دەکەن و پێیان وایە تەنها ئەگەر ئەم مەرجانە هەبن، دەکرێ مافی جیابوونەوەی نەتەوەیەک بە جێبەجێکراو هەژمار بکرێ؛

**ئەم مەرجانە بە کورتی بریتین لە:**

١- جۆری حکوومەت و وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا حکومەت دیموکراسییە یان خۆسەپێن؟

٢- ئەم بانگەشەیە لەلایەن گروپێکی زمانەوانی و ئایینی و خۆبەخشەوە کرابێ و تاقمێک نەبێ کە بێ ئامانج کۆبوبێتەوە .

٣- خواستی جیابوونەوە یان بەستنەوەی ئەم گرووپە دەبێت خواستی گشتی بێت نەک خواستی چین و چینە تایبەتەکان.

٤- بنەمای ئیدیعای ئەم گروپە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکان بێت.

٥- بۆ پاراستنی مافەکانی ئەم گروپە جگە لە جیابوونەوە هیچ چارەسەرێکی تر لە ئارادا نەبێ کە بتوانرێ مافەکانیان پارێزراو بێ.

ئەو مەرجانەی لە سەرەوە باس کران تەنیا لە بەرانبەر دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستەکاندا نییە و هەموو ئەو نەتەوە و کەمینە جیاوازانە لەخۆ دەگرێت کە مافەکانیان بەردەوام پێشێل دەکرێت و هیچ ڕێکارێکی ئوسوولی، یاسایی و دروست لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێشنیار ناکرێ یان لە ئەگەری بوونی ڕێگەچارە، دەسەڵات لەبەر چاویان ناگرێت یان پێبەندیان نابێت. بۆ نموونە دادگای نێودەوڵەتی لە بۆچوونی ڕاوێژکاریی خۆیدا سەبارەت بە سەحرای ڕۆژئاوا ئاماژە بە پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی

وەک مافی گەل دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی لێکدانەوەی مافەکانی گەلە. هەرچەندە بڕگەکانی مادەی شەشەمی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕوونی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی لە یەکتر جیا دەکەنەوە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان بەکردەوە، مافی گەلی بۆ دیاریکردنی ئازادانەی پێگەی سیاسی، جگە لە کاروباری نێوخۆیی (خودموختاری) بۆ کاروباری دەرەکی (سەربەخۆیی) فراوانتر کرد و ئەوەشی بە بەشێک لە مافی سەروەری دانا؛ بۆیە لە ڕوانگەی نێو دەوڵەتییەوە، مافی ئازادی گەلان لەژێر حوکمڕانی ڕاستەوخۆدا، جا دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بێ یان داگیرکاری یان هەڵاواردنی ڕەگەزی، مەشروعییەتی دیاریکردنی چارەنووسییان پێ دەبەخشرێ و ئەوەش دەکرێ هەردووک بەشی خودموختاری نێوخۆیی و دەرەکی لەخۆ بگرێ.

ئەسڵی مافی چارەی خۆنووسین لەگەڵ پرس و بابەتەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ پێوەندیی ڕاستەوخۆ و هەڵنەوەشاوەی هەیە؛ ئەو مافە ڕێگە چارەیەکی ئەرێنییە لەو کاتەیدا کە بەشێکی دیاریکراو لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە یان لەنێو چەند کۆمەڵگە یان نەتەوە کە پێکەوە دەژین، مافی بەشداری ڕاستەقینەی لە ژیانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، زمانی و کۆمەڵایەتی نەبێ و لێرە دایە کە چەمکی مافی چارەی خۆنووسین ئاوێتەی چەمکی دێموکراسی دەبێ. بۆیە لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە، ئەسڵی مافی چارەی خۆنووسین، تەنیا بە مانای ڕزگاربوون لە داگیرکاری، کۆلۆنیالیزم و دەسەڵاتە ڕەگەزپەرەستەکان نییە، بەڵکوو ئەو ئەسڵ و بنەمایە لە چەمکەکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی کەمینەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانیان نیزیکتر بۆتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕە ئەرێنییە بە هۆی ئەوەیە کە چیی تر ئەو مافە لە مافە تایبەتەکانی گرووپێکی تایبەت و دیاریکراو (وەک ئیمپراتوورییەکان، داگیرکەرەکان و زلهێزەکان و هتد) نییە و سەر بە هەموو تاکەکان، کەمینەکان و نەتەوەکانە؛ کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی ئەو جیهانە دەتوانێ مافەکانی خۆی بەکار بهێنێ و پارێزگارییان لێ بکات یان بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی، مافی چارەی خۆنووسین بکاتە بەردی بناغە و دایکی هەموو مافەکانی دیکەی، بەتایبەتی کە پرسی کورد بە خاک، زمان، کولتوور، مێژوو و ڕەگەزی هاوبەش و دیاریکراو، کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکانی دابەشکاریی بەئانقەست و پارچەپارچەکردنی ئەو گەلە بەسەر چوار بەشی لێک جیاوازدا.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## بارمتەگیری و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی



### بارمتەگیری لە سەردەمی کۆندا:

بارمتەگیری مێژوویەکی دوورودرێژی لە بەکارهێنانی سیاسی و سەربازیدا هەبووە، کە بەرپرسانی سیاسی یان ژەنەراڵەکان بە شێوەیەکی یاسایی ڕێککەوتن لەسەر بەبارمتەگرتنی کەسێک یان چەند کەسێک لە لایەنی بەرانبەر وەک گەرەنتییەکی نیازپاکی لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکەن. ئەم بەڵێنانە لە شێوەی واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی بوو لە دەستی سەرکەوتوو یان تەنانەت ئاڵوگۆڕی بارمتە وەک گەرەنتییەکی هاوبەش لە حاڵەتەکانی وەک ئاگربەسدا.

بارمتەگیری وەک ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە لەنێوان گەلانی شارستانیدا ئێستا بەسەر چووە و دواهەمینیان لە پەیماننامەی ئایکس لا شاپێل (١٧٨٤) بوو، کە کۆتایی بە جەنگی جێنشینی ئیمپراتوریی نەمسا هێنا.

### بارمتەگیری لە سەردەمی ئەمڕۆدا:

بارمتەگرتن تاوانێکە کە لەمێژە سەرنجی تاوانبارانی ڕاکێشاوە بە ئامانجی ناچارکردنی لایەنی سێیەم بۆ ئەنجامدانی یان

ئەنجامنەدانی ڕەفتارێک. پێویستیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانە بە هۆی کاریگەری و دەرئەنجامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیەوە، وای کردووە سیستمەکانی یاسای تاوان زیاتر گرنگی بە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بدەن لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. بەتاوانناساندنی ئەم بابەتە لە پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (١٩٩٨)، وەک یەکێک لە نموونەکانی تاوانەکانی جەنگ تەعبیر لە نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەم تاوانە دەکات. ڕێککەوتننامەی دژی بارمتەگرتن (١٩٧٩)، وەک گرنگترین بەڵگەنامەی تایبەت کە سەبارەت بەم تاوانە کۆ کراوەتەوە، وڵاتانی ئەندامی پابەند کردووە بە دانانی گەرەنتیی لەسێدارەدانی تاوانکاری بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە.
ئازادی جەستە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، کە لە هەموو سیستمە یاساییەکان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا قبوڵ کراوە و ڕێزی لێ دەگیرێت و بۆ پێشێلکردنیشی، گەرەنتیی لەسێدارەدانی توندی تاوانکاری هەیە. یەکێک لەو تاوانانەی کە جگە لە پێشێلکردنی ئازادیی جەستەیی تاکەکان، برینداری جەستەیی و دەروونی توندیان بۆ دروست دەکات، بارمتەگرتنە. ئەم تاوانە نەک تەنها لە ڕووی نێوخۆییەوە، بەڵکوو لەلایەنی بانەتەوەییشەوە دەتوانێت ئاسایشی وڵاتان و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانیش ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە ببێتەوە.

هەرچەندە لە مێژە پەنابردن بۆ ئەم کارە بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانجی ناشەرعی سەرنجی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؛ بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا و لەگەڵ فراوانبوونی باندە نێودەوڵەتییەکان و دروستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ئەنجامدانی تاوان، ئەم کارە بۆتە ئامرازێکی کاریگەر و کارامە بۆ ئەو جۆرە گرووپانە. ئامارە نێودەوڵەتییەکان هەروەها زیادبوونی ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە دوو دەیەی ڕابردوودا پشتڕاست دەکەنەوە. لەسەر بنەمای ئەممەش ئەم تاوانە بنەمایەکی باشتری هەیە بۆ ئەنجامدانی لە وڵاتانی دیموکراسی کە ماف و ئازادیی تاکەکەسی گرنگە؛ چونکە لێکۆڵینەوەکان بەڕوونی نیشان دەدەن کە بارمتەکان دەکوژرێن ئەگەر داوای بارمتەگرەکان جێبەجێ نەکرێت. هۆکاری ئەممەش دەتوانین بۆ ئەو بابەتە بگێڕینەوە کە وڵاتانی دیموکرات بۆ پاراستن و ئاسایشی هاووڵاتیانیان دایدەنێن لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارانەی کە ئازادییەکانیان پێشێل دەکەن. لەسەر بنەمای ئەممەش ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە وڵاتان وەک ئامانجیان هەڵدەبژێرن، لەوێدا ڕێژەی سەرکەوتنیان لە گەیشتن بە ئامانجە ناشەرعیەکانیان لەو وڵاتانەدا زیاتر دەبینن. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە ڕۆژنامەگەریی ئازادی زیاتری هەیە، لەبارترن بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە؛ چونکە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دەتوانن بە بانگەوازکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان دەرئەنجامە نائاساییەکانی ئەم تاوانە بڵاوبکەنەوە و بیروڕای گشتی تێوەگلێنن.

ڕەنگە بارمتە لە دوو ئاستدا ئەنجام بدرێت، یەکەمیان لەسەر ئاستی نێوخۆ، وەک بارمتەگرتنی خەڵک بۆ وەرگرتنی پارە یان بارمتەگرتن دوای ئەنجامدانی دزی یان تاوان بەرامبەر خەڵک، کە ڕەنگە بە مەبەستی وەرگرتنی ئاسایش لە پۆلیس و ڕزگاربوون لە مەترسی بێت. دووەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وەک بارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی، کە بەزۆری بە

مەبەستێکی سیاسی یان بۆ فشارخستنە سەر حکوومەتەکان بۆ ئازادکردنی دیلەکانیان و هتد. بۆ نموونە بارمتەگیریی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە کاتی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی مونیخ لە ساڵی ١٩٧٢.

تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە ئەم کارە بە مەبەستی فشارخستنە سەر حکومەتێکی دیاریکراو بۆ ڕادەستکردنەوەی هاووڵاتیانی حکومەتێکی دیکە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە یەکێک لە هۆکارەکانی دەستبەسەرداگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بەبارمتەگرتنی خەڵکی ئەو شوێنە، فشار خستەسەر حکوومەتی ئەمریکا بۆ ڕادەستکردنەوەی پاشای لەکارلادراو بوو کە پەنای بۆ ئەو وڵاتە بردبوو. ئەم بابەتە هێندە گرنگ بوو کە بۆ چەندین ساڵ نەیارانی جیمی کارتەر (سەرۆکی ئەمریکا لەو کاتەدا) دەستەواژەی "ئەمریکا بەبارمتە گیرا"یان بەکار هێنا بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەدای کارتەر.

دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی ئەم کارە نامرۆڤانەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وای کردووە لە سیستەمی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا بە تاوان بناسرێت، لەم ڕوانگەیەوە بۆ یەکەمجار لە بڕگەی دووەمی مادەی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نورنبێرگدا، کوشتنی بارمتە وەک یەکێک لە نموونەکانی پێشێلکاری یاسا و داب و نەریتی جەنگ بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکرا. دواتر لە بەشی دووەمی بڕگەی یەکەمی مادەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکانی ژنێف (١٩٤٩)دا، جەخت لەسەر قەدەغەکردنی بارمتەگرتنی خەڵکی مەدەنی کرایەوە. لە ساڵانی دواتردا لە "کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژ بە بارمتەگرتن" کە لە ساڵی ١٩٧٩ پەسەند کرا، وەک گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانە، پێناسەی ئەم تاوانە و ئەرکی وڵاتانی ئەندام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا کرد.

خەمی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاکامە زیانبارەکانی بەبارمتەگیری بووە هۆی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٧ (٨ی ئاپریلی ١٩٩١) دا، لە هەمان کە تیرۆری نێودەوڵەتی مەحکووم دەکات، بارمتەگرتن بە یەکێک لە نموونەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی بزانێت. لە درێژەی پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانەدا، بڕگەی هەشتەمی مادەی دووەمی پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو (١٩٩٣) و بڕگەی سێیەمی مادەی چوارەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا (١٩٩٤). بارمتەگرتن بە تاوانێک لە دژی چوار ڕێککەوتننامەی ژنێڤ (١٩٤٩) دیاری کران و تاوانبارانی بە دادگاییکردنی لە دادگاکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی یوگۆسلاڤیا و ڕواندا دادەنران. لە کۆتاییدا بەپێی مادەی هەشتەمی پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بارمتەگرتن (بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجە تایبەتانەی لە پەیڕەوەکەدا هاتووە) وەک یەکێک لە نموونەکانی تاوانەکانی جەنگ بە تاوان ناسێندرا.

لە ئێستادا وەک گوتمان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دژی بارمتەگیری کە لە ساڵی ١٩٧٩ پەسەند کرا، گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی، بە تایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارمتەگرتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەرەی پێ دراوە. بۆیە لە ئێستادا دەتوانین دوو ڕێباز و لە ئەنجامدا دوو پێناسە بۆ ئەم تاوانە لەبەرچاو بگرین: یەکەم: پێناسەکردنی ئەم تاوانە لە ڕوانگەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتییەوە وەک تاوانی جەنگ، پێناسەی دووەمیش پێناسەکردنی بە نەبوونی حاڵەتی تاوانی جەنگە.

لە مادەی یەکەم (بڕگەی یەکەم)ی ڕێککەوتننامەی دژ بە بارمتەگرتن، تاوانی بارمتەگرتن بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "هەر کەسێک هەوڵی دەستبەسەرکردن یان هەڕەشەی کوشتن، بریندارکردن یان بەردەوامبوونی لە دەستبەسەرکردنی کەسێکی دیکە بکات (لەمەودوا پێی دەگوترێت "بارمتە")، بە مەبەستی ناچارکردنی لایەنی سێیەمی وڵاتێک، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، کەسێکی ئاسایی یان یاسایی، کەسێک یان کۆمەڵێک کەس بە بارمتە دەگرن بۆ ئەوەی کارێک ئەنجام بدەن یان خۆیان لە ئەنجامدانی کارێک بەدوور بگرن وەک مەرجێکی ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئازادکردنیان، تاوانی بارمتەگرتنی لە چوارچێوەدا ئەنجام داوە لە چەمکی ئەم ڕێککەوتنە؛ بۆیە دەتوانرێت بارمتەگرتن بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: گرتن یان دەستبەسەرکردن لەگەڵ هەڕەشەی کەسی دەستبەسەرکراو بۆ ئەوەی لایەنی سێیەم ناچار بکرێت کە ڕەفتارێک ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات.

سەرەڕای پەیوەستبوونی ئێران بە کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی دژبە بارمتەگرتن هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی تاوانکاریی ئێراندا سەبارەت بە تاوانبارناسینی ئەم کردەوەیە نییە؛ بۆیە لە پراکتیکدا بۆچوونی جیاواز دەبینین کە لەلایەن دادگاکانی تاوانەوە دەردەچن. بەڵام لە هەندێک یاسادا بەبێ ئەوەی پێناسەیەک بۆ ئەم تاوانە بخاتەڕوو دوو زاراوەی بارمتە و بارمتەگرتن بەکارهێنراون.

بۆ نموونە لە بڕگەی (ب)ی مادەی ١٢٠ی یاسای دامەزراندنی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی کە لە ١٣٧٠/٧/٢١ پەسەند کراوە، "ئەو کارمەندانەی لەلایەن هێزە دژە شۆڕشەکانەوە بەبارمتە دەگیرێن، بە شەهید هەژمار دەکرێن". بەپێی بڕگەی هەشتەمی ماددەی ٣ی یاسای بەکارهێنانی چەک، بەمەبەستی پاراستنی شوێنە نهێنییەکان، لەو حاڵەتانەی هێرش دەکرێتە سەر ئەو شوێنانە بە مەبەستی "بارمتەگرتن"، ئەفسەرانی جێبەجێکردنی یاسا ڕێگەیان پێدەدرێت چەک بەکاربهێنن.

یان لە مادەی ٦٢١ی یاسای سزادانی ئیسلامی ئێراندا کە هاتووە: ڕفاندن و بارمتەگرتن وەک تاوان دەناسرێ و پێناسە و سزاکەی بەم شێوەیەیە: هەر کەسێک بە مەبەستی داوای پارە یان موڵک و ماڵی، یان بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر، بە توندوتیژی، هەڕەشە، فێڵکردن، یان بە هەر شێوەیەکی تر، کەسێک لەلایەن کەسێکی ترەوە بدزێت

یان بیشارێتەوە، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەی پێنج تا پازدە ساڵ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەروەک گوترا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەپێی یاسای پەسەندکراوی ٣ - ٣ - ١٣٨٥، بە دانانی مەرجێک بۆ خۆی، داوای ئەندامبوونی لەو کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییە کردووە و خۆی پابەند دەکات بە ستاندارد و بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە. ئەو پرسیارەی لێرەدا مێشکی مرۆڤ داگیر دەکات، لە ڕاستیدا پێشینەی زیاتر لە چوار دەیە لە هەڵگرتنی پایەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی حوکمی ڕەهای فەقیە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی بارمتەگرتن چییە؟ ئایا ئەم لێشاوە بەشێک بوو لە پرۆسەی کاریگەر کە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی "بارمتەگرتن"ەوە هەبوو یان بەشێک بوو لە مەتەڵە سەرەکییەکەی پێشخستنی و گەشەکردن و بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە تیرۆریستییە مەترسیدارە؟

بە تێڕوانینێکی گشتی سادە، دەبینرێت کە سیاسەتی بە بارمتەگرتن لە کۆماری ئیسلامیدا لە مانگەکانی سەرەتای دەسەڵاتی ڕەهای ڕوحوڵڵا خومەینی بەسەر سیاسەتی گشتیی ئێراندا دەستی پێ کردووە، سیاسەتێک کە بەردەوام لەم دەیان ساڵەی دواییدا نەک هەر دەرفەتی باڵای بە دانوستانکارانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مامەڵە و گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان داوە، بەڵکو لە هەندێک کاتدا یارمەتی کەرتی دارایی و سەربازیی ڕێژیمیشی داوە. ئەم ستراتیژە نەرێنییەی کۆماری ئیسلامی لە دۆخی بارمتەگرتنی ئەندامانی باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران دەستی پێ کرد و بارمتەگرەکان ٥٢ ئەمریکییان بە دیل گرت. داواکاریی ئەوان ئاڵوگۆڕی بارمتە لەگەڵ محەممەد ڕەزا پەهلەوی بوو. دوای کۆتاییهاتنی ئەم ڕووداوە، هاشمی ڕەفسەنجانی کە ڕۆژێک دوای ئاڵوگۆڕی پارە و بارمتەکان لە پەرلەمان قسەی دەکرد، ستایشی ئەدای "زۆر لێزانانە و وریا"ی حکوومەتی محەممەد عەلی ڕەجایی کرد کە نەیهێشت ئەمریکییەکان تووشی هەڵە ببن لەو مامەڵەیەدا، و ئەمەش خاڵی وەرچەرخانی تاوانی بارمتەگرتن بوو کە لەژێر کۆمەڵەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کرا بە عەقیدەی سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەمەش سەرەتای زنجیرەیەک بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی بوو. بۆ نموونە لەو ڕووداوەی کە دواتر بە فەزیحەی ئێران - کۆنترا ناسرا، بەرپرسانی ئیدارەی ڕیگان بە نهێنی، بە فرۆشتنی چەک بە ئێران، کە ئەوان بەهۆی شەڕ لەگەڵ عێراقی دراوسێیان لەو کاتەدا ڕازی بوون بە گەمارۆی چەک. ئەوان بە نیازی ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان بوون و پارەی کۆنتراستەکان لە نیکاراگوا دابین بکەن. هەروەها بڕیار بوو ئەو حەوت بارمتە ئەمریکییەی کە لەلایەن عیماد موغنیە لە لوبنان دەستبەسەرکرابوون، لەبەرامبەر وەرگرتنی کەرەستەی سەربازی ئازاد بکرێن. ئەم چیرۆکە دواجار بە ئاشکراکردنی ڕۆژنامەی ئەلشۆرای لوبنانی ئاشکرا بوو. بەڵام سیاسەتی بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە نێردە تایبەتەکانی تیرۆر لە ئورووپا لە هەندێک حاڵەتدا، چووە قۆناغێکی نوێوە. کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی تیرۆریستانی خۆی لە سیاسەتی ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان کەڵکی وەرگرت و سەرکەوتوو بوو لە ئازاد کردنی بەشێک لەو کەسایەتیانە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕاستیدا ڕێژێم بە بارمتەگرتن لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی وەک پاکێجێکی فرە ئەرک لە قەڵەم داوە و بە هەمان شێوە هەوڵی فراوانکردنی و کردەیی زیاتری داوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئێمە چەندین جار گۆڕانی قۆناغی ئەم تاکتیکە تیرۆریستییەمان بینیوە و گۆڕانی قۆناغی سەرەکی ئەم بارمتەگرتنانەش ئەو وشە سەرەکییە بوو کە سەید عەلی خامنەیی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٣ لە کاتی دیدار لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعات، وشەی "نفووز"ی بەکار هێناوە کە بەکارهاتووە؛ ئەم وشە سەرەکییە بووە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە ئێرانیە دوو نەتەوەکان یان بەشێک لە بیانییەکان لە کاتی سەفەرکردن بۆ ئێران تووشی کێشەی گەورە ببن و بەشێکیان بە تۆمەتی گەورە لەلایەن دەسەڵاتی ئیتلاعات و قەزایی کۆماری ئیسلامیەوە ڕەوانەی زیندانەکان کران. لە ماوەی چەند ساڵێکدا دوای ئەم وتارە، زیاتر لە ٦٠ کەسی خاوەن دوو ڕەگەزنامە و بیانی لە دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانەدا بە بارمتە گیران.

سیاسەتی بارمتەگرتنی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پێشکەوتنی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ئەوەی شرۆڤەکارانی ستراتیژی پێی دەڵێن "بارمتەگرتن" یەکێکە لەو سیاسەتانەی کە هەبووە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە بەردەوامی و بەبێ پچڕان لە هاتنە سەرکاری حکومەتە جیاوازەکان پەیڕەو دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم ستراتیژە ڕەهەندی دیپلۆماسی وەرگرتووە و بە دیپلۆماسی بارمتە ناو دەبرێت، بۆ نموونە:

لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا هەوڵی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر بارمتەکان گەیشتە پەرلەمانی بلژیک. بڕیارنامەی مشتومڕاوی پەرلەمانی بلژیک سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی دیلەکان لە نێوان ئێران و بلژیک بۆ دروستکردنی ڕێگایەک بوو بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵلا ئەسەدی دیپلۆماتکاری ئێرانی کە لەم وڵاتەدا بە تاوانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی سزا درابوو کە سەرکەوت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دیپلۆماسی بارمتەگرتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە یەکێک لە واژۆکارانی کۆنوانسیۆنی نێودەوڵەتی دژ بە بارمتەگرتنە، دەکرێتە دوو بەشەوە؛ بەشی یەکەم ئازادکردنی بارمتەکان بوو لە لوبنان لە دوو دەیەی یەکەم و بەشی دووەمیش دەستبەسەرکردنی هاوڵاتیانی هەڵگری دوو ڕەگەزنامە، لە دوو دەیەی ڕابردوو بوو.

دیارە بۆچی و چۆن ئەم دەسەڵاتە کەڵک لە بارمتەگرتن وەردەگرێت و بەو پێیەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕەفتارێکی تیرۆریستییە، بەڵام خۆی لێی بەدوور ناگرێت، پێویستە لە کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا سەبارەت بەو جۆرە کارانە ببینرێت لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

ستراتیژی و سیاسەتی دیزاین و جێبەجێکردن پێش هەموو شتێک بەشێکی سادە پەیڕەو دەکات؛ کاتێک ئەنجامەکە لە بەشی جێبەجێکردندا بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێندرێت و ئەنجامدار دەبێت، باشترە لە سنوورێکی فراوانتر و قووڵتردا بەدوایدا

بگەڕێین و پەیڕەوی لێ بکەین و بە پێچەوانەشەوە بەشی سادەی ئەم قۆناغەشە، بۆ نموونە گروپە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، دوای ئەوەی جارێک دیپلۆماتکارانی سۆڤیەتیان بە بارمتە گرت، جارێکی تر هەرگیز ئەو کارەیان نەکردەوە. لە گەرمەی شەڕی نیوخۆیی لوبناندا، بە بارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی و زەوتکردن لە حکومەتەکانیان بووەتە شتێکی باو. تاقمە تێرۆریستییەکان ڕۆژئاواییەکانیان بەبارمتە گرت و زۆرجاریش، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو بارمتەیان بۆ وەرگرتنی باج بەکارهێنا. هەندێک جار بۆ دەستخستنی چەک (وەک فەزیحەی ئێران-کۆنترا) و هەندێکجاریش بۆ ئازادکردنی ئەو تیرۆریستانە کە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرابوون و دەستگیرکرابوون. وەک ئازادکردنی بارمتە فەرەنسییەکان لە بەرامبەر ئازادکردنی ئەنیس نەقاش!

لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٨٥ گروپێکی تیرۆریستی چوار دیپلۆماتکاری سۆڤیەتیان ڕفاند و داوای ئازادکردنیان کرد. لەو نێوەندەدا وەک هۆشدارییەک دیپلۆماتکارێکی سۆڤیەتیان بە ناوی ئارکادی کاتکۆڤ کوشت و سێ کەسی دیکەیان دەستبەسەر کرد. بەڵام کاردانەوەی سۆڤیەت لە جۆری ڕۆژئاوایی نەبوو. ئەوان ئەندامانی بنەماڵەی نزیکی ئەو بارمتەگرانەیان دۆزییەوە، سەرەتا کەسێکی نزیک لە فەرماندەیەکی حیزبوڵڵایان کوشت و هەواڵی مردنەکەیان لەگەڵ دیارییەک بۆ ئەو بەرپرسەی گروپی بارمتەگرتنەکە نارد و هەمان ڕووداویش بۆ ئەندامانی دیکەی گروپەکە ڕووی دا. لە هەمان کاتدا، سەرهەنگ یوری پێرفیلییێڤ، فەرماندەی کەی جی بی لە بارەگای ئەم هێزە لە بەیروت، پەیامێکی بۆ شێخ محەمەد حوسێن فەزڵوڵڵا، کەسایەتیی کاریگەری ئەم گرووپە نارد کە ڕەنگە مۆسکۆ "بەهەڵکەوت" مووشەکێک ڕەوانەی ماڵی روحوڵڵا خومەینی یان شاری قوم بکات. دەستبەجێ ئەو سێ بارمتە "بەهەلکەوت" ئازاد کران. حیزبوڵڵا ئەو بەرپرسیارێتییەی ڕەت کردەوە و گوترا گروپێک بەناوی ڕێکخراوی ڕزگاری ئیسلامی ئەم کارەیان کردووە و بە هیچ شێوەیەک شیعە نەبوون بەڵکو سوننە بوون. سەرهەنگ یوری پێرفیلیێڤ دوای چەند ساڵێک پشتڕاستی کردەوە کە بە مووشەکی ئەتۆمی هەڕەشەی لە ماڵی خومەینی و قوم کردووە. بەڵام لە بەرەی ڕۆژئاوادا سیاسەتەکە پێچەوانە بوو، بۆیەشە بە بارمتە گرتنی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوای زیاتر لە چواردەیە هەر بەردەوامە.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## بەهەشتی زەهرا، ئاوێنەی کارەساتی دوو دەسەڵات!



بەهەشتی زەهرا ناوێکی ئاشنا و لە هەمان کاتدا جوان، ئارامکەرەوە و فریودەرە؛ ناوێکە لە مێشکدا، وێنای خەیاڵی لە کەشێکی خەون‌ئاساوە ساز دەکا و ڕەنگدانەوەی بەهەشتی بەڵێنی‌پێدراو لە نێوەرۆکی بەڵگە ئایینی و ئایینزایی لەنێو بیروڕای گشتی دروست دەکا. بەڵام بەڕاستی بەهەشتی زەهرا هەر ئەو مینای ڕووناک و دەرەوشاوەیەیە؟ ئایا مانا و چەمکی ئەو وشەیە لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو شوێنە یەکن؟

بەهەشتی زەهرا! گەورەترین گۆڕستانی ئێران لە باشوری تارانە کە لە ٢٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٤٩ای هەتاوی بە ناشتنی کەسێک بە ناوی محەممەد تەقی خەیاڵ (لە بنەماڵەیەکی ئەرتەشی و دەستڕۆیشتوو) لە بەشی یەک، ڕیزی یەک، ژمارەی یەک چالاکییەکەی دەست پێ کرا؛ لە ئێستادا بەهەشتی زەهرا بە ڕووبەرێکی نیزیک بە ٧٥٠ هێکتار نیزیکەی یەک میلیۆن و حەوسەد هەزار گۆڕی تێدایە.

ئەو گۆڕستانە بە شێوەی پارچە پارچە جیا کراوەتەوە بەڵام مەجاڵی سەردانی خەڵک بۆ هەموو پارچە یان بەشەکانی نییە؛ هێندێک لەو بەشانە بە کامێرای چاوەدێری-ئەمنی و بوونی گەشتی مەئموورە ئەمنییەکان زیاتر وەک زیندانێکی ژێر چاوەدێری چڕ و کۆنترۆڵکراو دەچێ تا گۆڕستانی مردووەکان!

لە بەهەشتی زەهرا جگە لە بەشە ئاساییەکان، بەشی بەناوبانگیش هەیە. هەروەک بەشی هەشتا و هەشت یان بەشی هونەرمەندان، بەشی چل و چوار یان بەشی شەهیدی نەناسراو، بەشی بیست وچوار کە زیاتر تایبەت بە بەرپرسان، کەسانی پایەبەرزی نیزامی و کەسانی ناسراو و بەرچاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە؛ گۆڕی کوژراو و تیرۆرکراوەکانی حیزبی جمهوریی ئیسلامی و دەیەی شەستی هەتاوییش هەر لەو بەشەدایە. میرحوسێن مووسەوی، کۆتا سەرۆکوەزیری ئێران و لە کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٨٨، دیزاینەر و تەلارسازی ئەو بەشە بووە. بەشی بیست و نۆی ئەو گۆڕستانەش ئی دیپلۆماتکاران و کەسایەتییە ناسراوە سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهە.

ئەوانە تەنیا بەشە ئاساییەکانی ئەو گۆڕستانەیە وەک هەموو گۆڕستانەکانی جیهان. بەڵام بەهەشتی زەهرا بەشی قەدەغە و ئەمنیەتیشی هەیە و هەر وەک داستانە تاڵ و بەئازارەکان، باس لە مێژووی ئاڵوگۆڕی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە و سروشتی ڕژیمەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران دەکەن.

یەکێک لەو بەشانە، بەشی بەناوبانگی سی و سێیە کە ل سێدارەدراوەکانی پێش شۆڕشی ٥٧ (لە کاتی دەسەڵاتی پەهلەویدا) لەوێ نێژاون. ئەو گۆڕی ئەندامانی حیزبی توودە، چریکەکانی فیدایی خەلق و سازمانی موجاهیدینی خەلقی تێدا کە؛ لە سەردەمی پاشایەتیدا دەوری ئەو بەشەیان بە دیوارێکی بێتۆنی گرتبوو و لە دوای شۆڕشی ٥٧ تەنیا بە کامێرای چاوەدێری لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵ گیراوە و دەکرێ بڵێین ئەو بەشە وەک پێشوو بە چڕی کۆنترۆڵ ناکرێ. ئەو کامێرایانە تەنیا بە هۆی لەژێر چاوەدێری گرتن و ناسینی ئەو کەسانەیە کە هاتووچۆی سەر گۆڕی مارکسیستەکان و مارکسیستە - موسوڵمانەکان دەکەن.

**لەنێو بەشە قەدەغە و ئەمنیەتییەکانی بەهەشتی زەهرا یان هەمان مینای ڕووناک، بەشەکانی چل و یەک، و نەوەد و سێ لە هەموویان بەناوبانگترن.**

بەشی چل و یەک میوانی بەشێکی زۆر لەو کەسانەیە کە لەسێدارە دراون یان تیرباران کراون؛ ئەو بەشە بە حەفدە کامێرای چاوەدێری، گەشتە بەردەوامەکانی مەئموورە ئەمنییەتییەکان و ئەندامانی ئەمنییەتی حەرەم و پۆستەکانی دێژبانیی ئەرتش کۆنترۆڵ دەکرێ؛ پێویست بە ئاماژەیە لە ئێستادا پاراستنی بەهەشتی زەهرا لە دێژبانیی ئەرتەش وەرگیراوەتەوە و دراوە بە یەکەی فاتحینی سوپای پاسداران.

لە ماڵپەڕی "ڕاستیاد"دا بە تەسەلی باسی ئەو بەشە لە بەهەشتی زەهرا کراوە؛ ڕووبەری ئێستای ئەو پارچەیە نیزیکەی یەک هێکتارە و مەزەندە دەکرێ نیزیک بە یازدە هەزار گۆڕی تێدا بێ. بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی سەردانی

ئەو بەشەیان کردوە، زۆربەی بەردی سەر گۆڕەکان شکاون و لە هێندێک جێدا ئێسک و پروسکی مردووەکان سەریان لە خۆڵ هێناوەتە دەر و بەشێک لە گۆڕەکانیش تێکڕووخاون. پێشتر بەشێک لەو پارچەیە جیا کراوەتەوە و پارکینگی لەسەر ساز کراوە و بە ژماردنی ئەو بەشە و لەبەرچاوگرتنی ڕای شارەزایان، دەکرێ بڵێین کە لەسەریەک نیزیکەی سێزدە هەزار کوژراو لەو پارچەیەدا نێژراوە. زۆربەی گۆڕەکانی ئەو پارچەیە یان ئەو بەشە بەزەحمەت دەناسرێنەوە، بە شێوەیەک کە ناسنامەی زۆرێک لەو نێژراوانە نادیارە. لەکارکەوتنی ئینتێرنێت و ئانتێنی تەلەفوون لەو خاڵە بەرچاوانەیە کە لەگەڵ چوونە ژوور بەو بەشە، هەستی پێ دەکرێ. تەرمی زۆرێک لە ئێعدامکراوەکانی نێوان ساڵەکانی ٥٧ تا ٦٠ی هەتاوی، ئەندامانی کۆدەتای نۆژە یان عەمەلیاتی نیقاب، ئەندامانی موجاهیدینی خەلق، کەسانی دەوڵەمەندی تاوانبار بە کۆکردنەوەی ماڵی حەرام! سزادراوان بە گەندەڵی لەسەر عەرز (افساد فی الارض)، ئەندامانی گرووپی فۆرقان، بازارییەکانی نیزیک لە جەریانی دژ بە دەسەڵات، هێندێک لە فەرماندەران، نوێنەرانی پارلەمان، نیزامی و غەیرە نیزامییەکانی نیزیک لە دەسەڵاتی پەهلەوییش لەو پارچەیەدا نێژراون.

ئەو بەشە یان ئەو پارچەیە هەمان لەعنەتاوای بەناوبانگ یان پاژی سووتاوە کە ئیزنی چاککردنەوەی گۆڕەکان و پێڕاگەیشتنی بە بنەماڵە و کەسانی نیزیکی نێژراوەکان نادرێ؛ لە ڕاستیدا ئەو بەشە کراوەتە هێمایەک بۆ تۆقاندن و هەڕەشەیەک بۆ دژبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لە دەرەنجامی دژایەتیی ئەو دەسەڵاتە.

بەش یان پارچەی نەوەد و سێ، دووهەمین بەشی تایبەت بە زیندانییە سیاسییە ئێعدامکراوەکانە کە بە نۆ کامێرای چاوەدێری-ئەمنییەتی دەپارێزرێ. دەگوترێ تەرمی زۆربەی ئێعدامکراوەکانی ساڵی ٦٣ لەو بەشەدا نێژراوە. کەسانێک کە زیاتر لە ئەندامانی چریکی فیدایی خەلق و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوون؛ زەویی ئەو بەشەش زیاتر لە بەشی چل و یەک دەچێ. گۆڕی بێ ناوونیشان و بەردی شکاوی سەر گۆڕەکان بەرچاون و هێندێکیشیان دیارە لەلایەن کەسوکاریانەوە دیسان گۆڕەکانیان نۆژەن کراوەتەوە. جگە لەو دوو بەشە، بەشی ئەمنییەتیی دیکەش لە بەهەشتی زەهرا هەیە، بۆ نموونە بەشەکانی نەوەد و یەک، و نەوەد و دووش پڕە لە تەرمی نێژراوی ئێعدامکراوانی سیاسی؛ بەشەکانی چل و دوو و هەشتا و پێنجیش لە بەشە ئەمنیەتییەکان لەقەڵەم دەدرێن کە پڕە لە گۆڕی بێ ناوونیشان لە دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە دۆخێکی ئەمنیەتیدا نێژراون.

یەک لەو گۆڕانەی بەشی هەشتا و پێنج کە سەرنجڕاکێشە و ناکرێ ڕووی لێ وەرسووڕێنی، گۆڕی میرمنداڵێک بە ناوی ئەمروڵڵا کوردیلوویە کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا ئێعدام کراوە. لە بەهەشتی زەهرا یان مینای ڕوناک و درەوشاوە، بەشێک بە ناوی بەشی سێسەد و دوو هەیە کە ئەویش پڕە لە گۆڕی بێ ناوونیشان؛ بە وتەی دژبەرانی ڕێژیم و تێکۆشەرانی مەدەنی، زۆربەی کوژراوی خۆپێشاندانەکانی ساڵەکانی ٨٨ و ٩٨ لەو بەشەدا نێژراون و هیچ داتایەکی ورد لە گۆڕە بێ



سەرچاوە
Serchawe

ناوونیشانەکانی ئەو بەشە لەلایەن هیچ نیهادێکەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە ماڵپەڕی "کەلمە" لە دەی سەرماوەزی ٩٨ دا، هەواڵێک بڵاو کراوە و بەپێی ئەو هەواڵە تەرمی سەد و پەنجا و شەش کوژراوی خۆپێشاندانەکان لە خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا لە لایەن دەزگا ئەمنییەکان برداروەتە بەهەشتی زەهرا و هیچ زانیارییەک لەسەر گۆڕ و بەشێک کە ئەو کوژراوانەی لێ نێژراون نەزاندراوە.

لە دوای شۆڕشی ژیناش زۆربەی کوژراوەکان لە بەشە جیاوازەکانی ئەو گۆڕستانەدا نێژراون، وەک حەمیدڕەزا ڕوحی لە بەشی دووسەد و یازدە، مۆحسینی شکاری لە بەشی نەوەد و دوو و یەڵدا ئاغافەزڵی لە بەشی سی و شەش لە هەرە بە ناوبانگەکانن.

بیرۆکەی بەهەشتی زەهرا یان مینووی ڕوناک و درەوشاوە بۆ کۆکردنەوەی گۆڕستانی تاران لە یەک شوێنی ئەو شارە زەبەلەحە بوو بەڵام بە پێچەوانەوە بوو بە شوێنی ناشتنی قوربانییانی مرۆڤکوژی و جینایەتەکانی ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوی و ڕێژیمی شەکەتبووی کۆماری ئیسلامی.

گۆڕستانێک کە میوانی تەرمە لەخوێنگەوزاوەکان، ئەشکەنجەدراوەکان، ئەوانەی پێش کوژران دەستدرێژی سێکیسیان کراوەتە سەر و هێندێکجار سووتێندراوەکانە؛ گۆڕستانێک کە لە مێژوودا وەک یەکێک لە بەڵگە هەرەزیندوو و حاشالێنەکراوەکانی جینایەتی دەسەڵاتدارانی تینووی خوێن، دەسەڵات، پارە و گەندەڵییە. گۆڕستانێک کە لە دوای مردنیش، ئیزنی ئارامی و حەسانەوە بە نووستوەکانی ژێر گڵ نادات و بۆتە گەورەترین میتینگی دژبەرانی ڕێژیمی پێشوو و ئێستا؛ میتینگێک بە بارتەقا و پانایی بێدەنگی!

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## هێلانەی هەڵۆ ئی هەڵۆیە!



ڕەنگە ئاسمانییەکان بە هەمان پێکهاتەی زەمینی لە دڵی دەشت و بناری زاگرۆسدا، هەموو زیندەوەران دێننە سەما؛ وەک ئەوە وایە بوون هەناسەی کردۆتە نێو شمشاڵی ڕاستی و ژیانێک هەنگاو دەنێتە سەر شانۆ. ئەو ڕاستییەی کە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر لەبیرکرابوو، لە سایەی بوونی شەیتانی زەمان و ڕووناکیی ئاگری ڕاستەقینەدا، گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەری بەکۆمەڵی نەتەوەی ئاشتی و خۆشەویستی و جوانی. دەنگی گۆرانیی سروشت، سروشتی پڕ لە بوێریی خاک و ژن و پیاوی تینووی ئازادی، بە دەستخستنە نێو دەستی یەکتر و هەڵپەڕکێ بە دەوری تینی ڕووناکیی گۆی زەویدا، چیرۆکەکانی بەرخۆدان لە بەر دەخوێننەوە و کۆی پێشهاتەکان بە نیشانەیەکی باش دەبینن. وەک ئەوە وایە خۆر هاتبێت بۆ تەماشاکردن و چارەنووسی چاوەکان، چاوەڕوانی شەڕی چاکەکاران بێت و چاوەکان ئەوەندە بە تامەزرۆییەوە سەیری مەشخەڵی گەشاوەی دەستی گەنجان بکەن، وەک ئەوەی مێژوو چاوەڕێی وەها دەرفەتێک بووە بۆ هێنانە بەرباسی ڕەمزی نەمری و مانەوەی ئەم میللەتە. کاتژمێرەکان لە وێستگەی جوگرافیای کوردستان تامەزرۆی وەستانن، دارە وشکەکان بەئاواتن لە ڕۆحی سروشتدا بسووتێن و دونیاش بەو شکۆمەندییە سەرسام بووە. شۆڕشی بەهار لەدوای شۆڕشی جیهانی ژینادا، داستانێکی نوێی خوڵقاند و سەرلەنوێ دونیای ناچارکرد بە ڕنۆش بردن؛ لە کوێی ئەم عەرزە شکۆمەندی و گەورەیی وا دروست دەبێت جگە لە کوردستان!

دەنگی خۆشی هاتنی سەری ساڵی کوردی بۆ هەموو شوێنێکی کوردستان، لەنێوان ڕەنگە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی جلی

کوردی و هەڵپەڕکێی نەتەوەیی، ڕۆح و دەروونی هەموو چاودێرێک دڵخۆش و سەرسام دەکات. ڕەنگی جوان و گرانبەها و هەڵپەڕکێی سیحراوی و مۆسیقای دڵڕفێنی گۆرانیبێژانی ژیان، لە ناخی مێژووی شکۆمەندی ئەو مرۆڤانە و خاکەکەیدا جێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە، وەک ئەوەی هەموو خەونە دەستنەکەوتووەکانی نووسەرانی بەناوبانگ لەم خاکەدا کاڵ ببنەوە و لە بەرامبەر چوارچێوەی ڕەنگاوڕەنگەکانی نەورۆز کڕنۆش دەبەن.

لە کوێ دەتوانرێ سەریساڵی کوردستان بدۆزیەوە و کام وشە دەتوانێ وەسفی وەها شکۆمەندییەک بکات؟ بەڵێ ئەگەر لە منداڵی زاگرۆس بپرسن جیاوازی نێوان ئێوە و ئەوانی تر چییە، یەکسەر وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: لە خۆشویستنی ژیاندا!

لەمێژ ساڵە کە دوژمنانی ئازادی، بەختەوەری و ژیان بەم ڕەمزە ئاشکرایەی کوردستانیان زانیوە و هەرچی لە توانایاندایە بەکاریان هێناوە بۆ دزینی ئەو شکۆمەندییە. وەهمێکی درۆیینە کە خۆشویستنی ژیان نادزرێت! کێ دەتوانێت ڕۆحی ڕاستەقینەی ژیان لەم کەسانە وەربگرێت و زیندانیان بکات؟ کام لە ئەفسانەکانیان توانایی خۆڕاگری هەیە لە بەرانبەر کانییە جوانەکانی بناری زاگرۆس؟

ئەوانە نان لە خوێنی منداڵەکانماندا دەگێڕن و ڕۆژوویان دەشکێنن؛ تەسبێح بە دەستن، ڕیش دەهێڵنەوە و چەفییە دەخەنە ملیان و بە ناوی مەرگەوە دێنە شەڕی ژیان. کراوات دەبەستن و سمێڵیان دەتاشێنن و بە ناوی کەرکەسەوە (هێمای نەتەوەیی و بەختەوەرییان) دێنە شەڕی هەڵۆ (هێمای نەتەوەیی و خۆڕاگریی کوردستان) بەڵام نازانن هێلانەی هەڵۆ هی هەڵۆیە و ئی هەڵۆ دەمێنێتەوە! ئەوان هەر لە زەمانی زووە بە هەر ناو و ڕەنگ و باوەڕێکی جیاواز و بیری دووپاتکراوەی شەیتانییەوە لە هەوڵی دزەکردن بۆ ناو ئێمە دان. ئەوەی بێزاریان دەکات، زێهن و دڵی وەک خۆی ماوە و دەست لێ نەدراومانە، و ئەوەی ئەوان لێی بێهیوا بوون و لە بەرامبەریدا لاوازن، ئیرادەی پۆڵایینمانە. بەڵێ لەکوردستان بەمشێوەیە؛ مرۆڤەکانی ژیانیان لە مردن و بوونیان لە هیچبوون و ڕەنگەکانی سروشتیان لە مەندیلە ڕەشەکان پێ باشترە!

خودای ئەوان خودای مردن و ئازارە و خودای ئێمەش، خودای ئاشتی و ئارامییە؛ کێیە کە جیاوازی وا زەق و بەرچاو نەبینێت؟ ئەوان ساڵانێکی زۆرە بەدوای داگیرکردنی ئارامی و ئاشتیدان بەڵام نازانن کە ئەو دووانەیە داگیر ناکرێن. سەرەتا پێیان وابوو شارستانیەت و کولتوورەکەمان ڕەگ و ڕیشەی لە خاکدا هەیە؛ خاکیان داگیر کرد. پاشان پێشبینیان کرد کە دیموکراسی و زیندوویی ئێمە جێگەی لە ئاوەکەمان دایە؛ دەستیان بەسەر کانیاوەکاندا داگرت. چاوی ئیرەییان لەسەر خۆڕاگری و بوێری ئێمە بوو؛ شاخەکانیان دەسبەسەر کرد. بینییان و بینییان و بینییان کە ئێمە هێشتا هەمووی ئەو شتانەمان هەیە کە ئەوان بە خەیاڵی خۆیان داگیریان کردوە و ئەوان هێشتا هیچی ئەو شتانەیان نییە کە پێیانوابوو دەستیان بەسەردا گرتوە؛ مەرجی مانەوەی ئەو سەرچاوانە، بوون و هاتن بۆ عەرزی ئەو نیشتمانە نییە بەڵکوو تاکە مەرج

خۆشویستنی ڕاستەقینەیانە!

وەها کەڕ و کوێرن و تاریکی لەناو ڕۆحیان هێلانەی کردوە کە ناتوانن لە ڕۆحی ڕاستی تێبگەن؛ چیای بەهێز، کانیاوی سەربەست و خاکی باوباپیران ناتوانرێ داگیربکرێن و دەستیان بەسەردا بگیردرێن، تەنانەت ئەگەر هێزیشیان پێ بشکێت. ئەوان چ فێڵ و ساختەیەک بۆ ئەوان ماوەتەوە کە بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی ئێمە بکێشنە ناو جیهانی نەزانی و ڕەشایی خۆیانەوە؟ کتێبیان سووتاند، کولتووریان ڕووخاند، مێژوویان شێواند و لە جیهانی ساختەی میوان کرد، گەنجانیان کوشت و چ تاوانێک ماوە کە لە بەرامبەر ئەم خاک و میللەتە ئەنجامیان نەدابێ بەڵام ئێمە هێشتا بە پێوەین و هەر وەک خۆمانین! لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و هەوڵی شێرەژن و پیاوە ئازاکانی ئەم وڵاتە، لە هیچ کەسێک شاراوە نییە کە کەمتر لە دوو ساڵ بەسەر جینایەتەکان و سەرکوت و کوشتنی بەکۆمەڵ و سیستماتیکی گەلی کورد لە کوردستان تێدەپەڕێت، و کاریگەری تاوانەکانی داگیرکەران هێشتا لە هەموو گۆشەیەکی ئەو نیشتمانەدا لەبەرچاوانە و بۆ هەمووان ڕوون و دیارە. هێشتاش گەنجەکانمان دەڕفێنن و ئەشکەنجەیان دەدەن و دەیانکوژن؛ ترس، تۆقان، مەرگ و سێبەری تاریکی لە هەموو شوێنێکی ئەم خاکەدا بڵاو دەکەنەوە و پێیان وایە کوردستانیش هەر وەک سوریا و لوبنان و یەمەن و عێراقە. تەنها هاتنی فێستیڤاڵی بەرخۆدانی نەورۆز و دەستپێکردنی جەژنی سەری ساڵی کوردی بەس بوو بۆ ئەوەی میللەتی کورد کە کۆی ڕەمز و نیشانەکانی مانەوەی، پێشانی داگیرکەران بدات!

لە نەورۆزی نەتەوەیی ژینادا ئاگری سەری ساڵی نوێی کوردەواری، کانیاو و شاخ و دەشتە جوانەکانی ڕووناک کردەوە و بەڵێنی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی دا بە بیروڕای گشتی؛ ئەمجارەیان ڕووناکایی ڕاستییەکان نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە پێتەختی تاریکی ناحەزپەرستانیش، بانگهێشتی هەموو لایەکی کرد بۆ ئەوەی لە دەوری ڕووناکایی ئاگری پۆڵایینی ئیرادەدا کۆ ببنەوە.

پاییزی دوو ساڵ لەمەوبەری ئێمەیان بە خوێن شۆردەوە و ئێمەش لەگەڵ زیندووبوونەوەی سروشت و هاتنی وەرزی ژیان، مژدەی ڕزگاری و ئازادیمان گەیاندە گوێی جیهان؛ بەڕاستی لە کوردستان کام چەک توانایی کۆت و بەندکردنی هەبووە کە لە ئێستادا جەلادە مەندیل ڕەشەکان بەو هیوایەن؟ ئەوان بە بیناکردنی هێلانە گنخاوەکانی بیرکردنەوەیان لە بەرزایی چیاکانی ئەم خاک و وڵاتە، یان بە دروستکردنی بەنداوی خیانەت و ڕێگریکردن لە سەربەستیی کانیاوەکان، لە ژێر وەهمی کوردستانیبوون و دەستبەسەرداگرتنی مێژوو و کولتووری ئێمەدا بوون. ئەوان نەیاندەزانی کە ڕۆحی خۆشەویستی و ڕووناکایی ڕاستییەکان دەستی بەسەردا ناگیرێت. نەیاندەزانی چیاکان بەرپەرچیان دەدەنەوە و کانیاوەکان بەنداوەکان دەشکێنن و گۆرانی ئازادی لە گوێی ژیاندا بۆ هەتا هەتایە دەژەنرێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان نەزانن و هەرگیز نـازانن ئەگەر بـۆ ئەوان ژینـا، تەنیـا نـاوی کچە کوردەکەی سەقز بێت، بـۆ ئێمە لە هەزاران سـاڵ لەمەوبەرەوە هەتـا ئێسـتا ڕەمـزی مـانەوەیە؛ ئەوان هەرگیـز تێنـاگەن لەوەی کە دونیـای ژن، ژیـان، ئـازادیی ئێمە چەنـدە جیاواز و دوورە لە دونیای دەستکرد و ساختەی زەن، زێندیگی، ئازادیی ئەوان!

**٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

# کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا و ئاسۆکانی بەردەمی



نەتەوەی کورد تەنیا نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە لە گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هیچی پێ نەبڕا و بچووکترین دەسکەوتی لەدوای ئەو شەڕانە دەست نەکەوت؛ بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی ئەو ناوچەیە کە زۆریان بوون بە خاوەن خاک و وڵات و دەوڵەت.

هەوڵەکانی کورد لە باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵات بەر لە شەڕی جیهانیی دووهەمیش و لەدوای ئەو شەڕەش، بەداخەوە بە ئاکام نەگەیشت و بڕیارە نەنووسراوەکان وەها داڕێژرابوون کە کورد هەر بە زۆرلێکراوی و لەژێر سێبەری نەگریسی زوڵم و زۆریدا بمێنێتەوە. بەڵام کورد هیچ کات تەنانەت بۆ یەک قۆناغی دیاریکراو و بەرچاویش وازی لە هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانج و ئاواتە ڕاستەقینەکانی خۆی نەهێنا و بە هەر شێوەیەک بووە و هەر چۆنێک بۆی لوابێ، نەیهێشتوە قەتاری ویستەکانی لە ئاهەنگی ڕۆیشتن بکەوێ؛ هەرچەندە تووشی هەوراز و نشێویش بووبێ یان لەم ڕێیەدا لە کەمی و زۆریی دابێ؛ خەباتی بێوچان لە کوردستانی چوار پارچەکراو، ئەگەر بخرێتە تای کێشی تەمەنی تێکۆشانەوە، زیاتر لە سەدەیەک لە خۆ دەگرێ و هاوشێوەی ئەمجۆرە لە خەبات و تێکۆشانە لە مێژووی هیچ چوارگۆشەیەکی ئەو گۆی زەوییەدا بەدی ناکرێ و نابیندرێتەوە.

سێ دەیەی ڕابردوو بۆ کورد، خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسی ئەو نەتەوەیە بووە لە ململانە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی

ناڤیندا؛ دوور لە ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین کورد بە دەستی بەتاڵ و ئامراز و کەرەستەیەکی زۆر کەم و تەنیا بە یەکگرتوویی و پێداگری لەسەر ئامانج و خەونەکانی و هەوڵدانی بە بێوچان، توانیویەتی لەدوای چەند دەیە سەرکوت، قەڵتوبڕ و قڕکردن و ژێنۆساید و کاولکاری، سەر هەڵێنێ و بە دەنگی بەرز و پڕ لە شانازییەوە بڵێ "هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ!"

لەو سێ دەیەی ڕابردوودا، ڕووخانی سەدام لە باشووری کوردستان دەسەڵاتی فیدراڵیی بۆ کورد ڕەخساند؛ ئاکامی ئاڵۆزی و بشێوی جوغرافیای ژێردەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد، بە لەسەرخەتبوون و تێگەیشتوویی سیاسی کورد و قۆستنەوەی هەلەکان، هەتا ئێستا بۆ کورد لە ڕۆژاوا ئاکامی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و کانتۆنی بەدواوە بووە. کێشەکانی نێوان کورد و تورکەکان لە باکووری کوردستان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە و نیزیک سەد ساڵ جینایەت و کارەسات و سەرکوتی دڕەندانە نەبۆتە هۆی کپبوونی ویستی کوردەکان لەم بەشەی کوردستان؛ بەتایبەتی دواهەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ئەمدواییانە لە باکووری کوردستان زۆر بەڕوونی دەرکەوت کە کورد پێچەوانەی دەزگای پرۆپاگەندەی دوژمنان، بەباشی لە هەوڵی تێکۆشان و لەسەرڕێ مانەوە بووە.

تێکۆشان لە پێناو بەرزڕاگرتنی مەشخەڵی مافویستی و ڕزگاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، زیاتر لە هەموو کاتەکان لە لووتکەدایە و زیاتر لە چوار دەیەیە سەرەڕای کوشت و کوشتار و زەبروزەنگی بێبڕانەوە خۆڕاگر لەدژی دەسەڵاتدارانی تاران لە سەنگەری خەباتخوازیدا ماوەتەوە. شەڕی داعش لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، گوشارە سیاسی-ئابووری و سیاسی-ئەمنی داگیرکەرانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان و هەرێمی ڕۆژاوای کوردستان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە گوشاری بەغدا و هێندێک جار ئی دەمیشق لە درێژەی گوشارەکانی ئەو دوو داگیرکەرەی دیکەدا، زەختێکی زۆری خستۆتە سەر دەسەڵاتی ناوچەیی کورد لەو دوو بەشەدا بە گشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی. پێکانی ژێرخانە ئابوورییەکانی ڕۆژاوای کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی تورکەوە و هێرشی ئاسمانیی نێوە نێوەی مەلاکانی تاران و کراواتییەکانی ئانکارا بۆ سەر باشووری کوردستان و بەردەوامبوون لە پیلان و دروستکردنی بەربەست بۆ دوو ناوچەی نیوەڕزگارکراو لە کوردستان، هەروەها دەیان و سەدان هەوڵی ناحەز و دژمرۆیی بە شێوەی ئاشکرا یان نادیار بۆ لاواز و کزکردنی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ ڕاگرتن یان پاسیڤکردنی ڕەوتی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان، تەنیا چەند نموونەی زەق و بەرچاوی پیلان و سیاسەتە داگیرکارانەکەی داگیرکەرانی کوردە لە چوارگۆشەی کوردستاندا. کۆی ئەوانەش لە کاتێکدایە کە کورد وەک سەد یان پەنجا ساڵ لەمەوبەر نییە و لەهەمان کاتدا، دوژمنانی کوردیش وەکوو پێشوو توانایی و دەرفەتی خوڵقاندنی کارەسات و جینایەت لە ئاست و شێوەی بەرچاو و بەربەرینی وەکوو پێشوویان نەماوە کە بەشێکی هەر بەرچاوی ئەو مەسەلەیە، ئاکامی تێکۆشان و تێچووی بێوچانی گەلی کوردە لە بەرامبەر ئەو داگیرکەرانەدا؛ بەشێوەیەک کە ئیتر هیچ یەک لە داگیرکەرەکانی کوردستان، ناتوانن بەئاشکرا ئیدیعا بکەن گەلێک بە ناوی کورد بوونی نییە یان بە بەڵگەی ساختە و هاوشێوەی ئیدیعاکانیان، یادگەی بەکۆمەڵی کورد



سەرچاوە
Serchawe

بشێوێنن.

لە کەس شاراوە نییە هەتا کورد ئامانجەکانی بەتەواوی مسۆگەر نەکات، داگیرکەرانی کورد دەست ناگێڕنەوە لە وەسەریەکخستن و بەڕێوەبردنی هەموو چەشنە پیلانێک بۆ وەدواخستن یان ڕاگرتنی وزەی سەرکەوتن و بە ئاکامگەیشتنی نەتەوەکەمان لە مەڕ ویستە ڕەواکانی.

پێشهاتەنەخوازراوەکان ئەگەر چی بۆ داگیرکەرانی کورد زۆر جاران سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بۆ کورد دەرفەتێکی خوازراو و گونجاوە بۆ برینی قۆناغە نوێیەکانی سەر ڕێی تێکۆشان. ڕاپەڕینی ژینا و نەورۆزی کوردەواری وەک ئاوردووی ئاگری بەتینی شۆڕشی کوردی، ئەو نەتەوەیەی خستۆتە قۆناغ و دۆخێکی نوێ لە ژیانی سیاسیدا. کوشتنی بەئانقەستی ژینا بوو بە هێمای ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلەکەی و سەرلەنوێ ئەو باوەڕەی هێنا ئاراوە کە ڕاستی ئەگەر بە دەیان و سەدان ساڵ لەژێر ژیلەمۆی ئاگری درۆیینی داگیرکەر حەشار بدرێ یان هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنی بدرێ، لەکۆتاییدا هەموو کۆت و بەند و زنجیرەکان لا دەدات و بەربەستەکان تێکدەشکێنێ و بەتەواوی هێزەوە خۆی دەردەخات. ژینا تەواوکەری مۆرکی ژن، ژیان، ئازادییە لە چوار گۆشەی کوردستانی چوارپارچەکراو کە نیشاندەری هەژمۆنی ئەو دروشمەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ناخی لەمێژینەی کولتوور و نەریتی کوردەواری.

لەدوای ڕاپەڕینی ژینا، هاتنی نەورۆزی کوردان و کۆڕبەندی سەما و هەڵپەڕکێی ئازادی و یەکگرتووانەی ئەمساڵ بوو کە وەک کۆتا بزماری دارەمەیتی داگیرکەری کوردستان دەقەبڵێندرێ و ئەو پەیامەی بە هەموو جیهان ڕاگەیاندەوە کە کورد پارچە پارچە کراوە و هیچ جیاوازییەکی مێژوویی، نەتەوەیی، کولتووری و نیشتمانی لە نێوان کرماشان و ئاکرێ و دیاربەکر و قامیشلووی نییە و ئەو نەتەوەیە بە مێژوو و کولتوور و زمان و داهێنان و ویست و تاریفی خۆی کوردە، نەک بە مێژوو و کولتوور و تاریفە ساختەکانی نێو کتێب و بەناو لێکۆڵینەوەی زانکۆکانی تاران کە لەسەر دەستی شیکارانی داگیرکەر ئەنجام دراوە و دەدرێ؛ ڕاپەڕینی مەزنی ژینا و شکۆی نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری، دەمارەکانی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بناغەی ڕزگاری و مافویستی، پتەوتر لە جاران کردۆتەوە.

پیلانە هاوبەشەکانی داگیرکەرانی کورد لە کوردستانی چوار بەشکراو، بەتایبەتی پیلانی دوو ڕۆڵگێڕی سەرەکیی ئەو سەردەمە یانی تاران و ئانکارا، کوردی لە هەموو بەشەکان خستۆتە نێو زەخت و گوشارێکی لە ڕادەبەدەر و دۆخێکی هەستیار و ناسک؛ ئەوەش بۆتە هۆی برینی قۆناغێکی نوێی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان لە درێژەی ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی مێژوویی گەلەکەمان.

ئەگەر هەتا ماوەیەک لەمەوبەر، کورد بەتایبەتی ڕێکخراو و حیزبەکان لە هەر چوار بەشە دابڕاوەکەدا لە هەوڵی نیزیکبوونەوە لە یەکتر و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان یەکدی دابوون بۆ دروستکردنی بەستێنێک لە مەڕ یەکگرتوویی زیاتری

کورد، لە ئێستادا وردە وردە کورد گەیشتۆتە ئاستێکی هەستیارتر لە ڕابردوو کە بە لێکدانەوەی وشیارانە، هەستی بە پێوستیی بوونی دامودەزگایەکی پتەوتر لە یەکگرتوویی نێوەنێوەی سیاسی کردوە کە ئەمجارەیان پێویست دەکات لەسەر بنەمای ستراتیژیی نیشتمانی دارێژرێ و قۆناغی پێشووی پڕ لە ئەزموونی خۆی کە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی بوو، ببڕێ و لە هەوڵی ئامادەکردنی بەستێن بۆ یەکگرتوویی ستراتیژی لە ئاستێکی سەرتر، بەرفراوانتر و گشتی تر دابێ.

بۆ ئەوەی بە دیاریکردنی هێڵە سوور و کەسکەکان لە چوار دەورەی نیشتمانی کوردەواری، ئەزموونەکانی ڕابردوو بکات بە بنەما و کۆڵەکە بۆ سەرکەوتن لە بەشە دژوار و تازە خوڵقاوەکان؛ هەرچەند هزری یەکگرتوویی ستراتیژی و نیشتمانی دەمێک ساڵە لە یادگەی سیاسی نەتەوەی کورد چاندراوە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هزری کۆماری کوردستان کە لە ئێستادا ڕەگی داکوتاوە، بەشێوەیەک کە کوردایەتی مانایەکی زۆر بەربەرینتر و بەرفراوانتری بەخۆیەوە گرتوە. پەیامی نەورۆز لە چوارگۆشەی کوردستانی چوار پارچەکراو بە دەرخستن و نیشاندانی هێما نەتەوەییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن و باشترین بەڵگەن!
بێدەسکەوت مانەوەی کورد لە دابەشکارییە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە لەدوای شەڕی جیهانیی دووهەم، بەمانای پاشەکشەکردنی کورد لە خواست و مافە ڕەواکانی نەبووە و نییە. بەڵکوو بە هەوڵ و تێکۆشان و لەسەریەک دانانی خشت بە خشتی خەونەکانی لە هەر گۆشەیەکی ئەو وڵات و خاکە زەوتکراوە، بەو مانایەیە کە ئەو نەتەوەیە بە کۆی دەنگ عەوداڵی وەدیهێنانی خەونە مەزنەکانی خۆیەتی و وەک هەموو گەلانی جیهان و ئەو ناوچەیە بە مافی خۆی دەزانی لە مەڕ پاراستن و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانی بە تەواوی تواناوە تێ بکۆشێ.

کورد بە ستراتیژی و تاکتیکی جیاوازی سیاسی لە هەر بەشێکی دابڕاوی نیشتمانەکەی، بەتەواوی هەستی بەم ڕاستییە کردوە کە پێویستە خۆی بۆ وەسەریەکخستنەوەی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی لە بەشی ستراتیژیدا ئامادە بکات و بە کۆدی مافی چارەی خۆنووسین، ستراتیژییەکی یەکگرتووانە لە بەرامبەر دوژمنە یەکگرتووەکانی ڕەچاو بکات و بە ئامادەکاری تەواو بۆ یەکگرتوویەکی سیاسی لە بازنەی نیشتمانیدا، لەپێناو نیزیکتربوونەوە بە ئامانجەکانی هەوڵ بدات. یەکیەتیی ستراتیژیکی نیشتمانی لە کاتی گونجاوی خۆیدا پێویستییەکی ڕوون و بەرچاوە لە داهاتووی سیاسی کورد دا و قۆزتنەوەی هەلی دامەزراندنی یەکیەتییەکی نیشتمانی بۆ داڕشتنی چوارچێوەی تێکۆشانی هەمەڕەهەندی کورد بە شێوەی گشتگیر، وەها پێویستییەکی گرینگ و چارەنووسسازە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەری بێ ماناکردنەوەی سنوورە دەسکردەکان بێنێتە ئاراوە!

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

## ئایا بە کوژرانی ڕەئیسییەکان دیسان دڵخۆش دەبن؟



هەواڵی کوژرانی سەید ئیبراهیم سەدرولساداتی ناسراو بە ڕەئیسی ڕووداوێکی نامۆ بوو، هەم بۆ نەوەی نوێ و هەم بۆ نەوەکانی پێش ئێمە و ئەوانەی ڕووخانی سیستەمی نەفرەتی پەهلەوی و هاتنە سەر دەسەڵاتی سیستەمی ویلایەتی فەقییان بینیوە.

ڕەئیسی ناسراو بە قەسابی تاران کە نازناوی دیکەی وەک ئایەتوڵڵای کۆمەڵکوژی، دادوەری مەرگ و سەیدی لێقەوماوانی بەخۆیەوە هەڵگرتبوو و بە سەرۆکی شەش پۆلی ناسرابوو، توانی بە هەنگاوێکی سادە و بچووک لەم دۆخە نالەبار و ئاڵۆزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەدا، دڵی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران و چالاکانی سیاسیی جیهان شاد بکات و؛ ئەو هەنگاوە سادەیەش شێوەی مردنەکەی بوو کە خەڵک بەجۆرێک بە وەرگرتنەوەی جەزای تاوانەکانی لێکی دەدەنەوە.

لەوەدا کە سەید ئیبراهیم ڕەئیسی وەک ڕۆڵگێرانی دیکەی ڕێژیمی مەلاکان، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سەرکوتکردن، تۆقاندن، ئەشکەنجەدان و کوشتنی گەلانی نیشتەجێی ئێراندا گێڕاوە و لە هیچ شوێنێکی جیهاندا کەسێک نادۆزییەوە کە تۆزێک ویژدانی هەبێ و ئەو وتەیە پشتڕاست نەکاتەوە، هیچ شک و گومانێک نییە. بەڵام ئەو بابەتەی لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێت، لە ڕوانگەیەکی ترەوە تیشک دەخاتە سەر کوژرانی سەید ئیبراهیم ڕەئیسی و بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری مەبەست، بژاردەی هێنانەگۆڕێی پرسیارم هەڵبژاردووە؛ ئەگەر شۆڕشگێڕێکی کورد لەسەر ئەو کردەوە جینایەتکارانەی کە ڕەئیسی

ئەنجامی داون، ناوبراوی بە سزای جینایەتەکانی گەیاندبایە، ئایا نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران دیسانیش بەم شێوە فراوان و چڕە خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی؟

بە دڵنیاییەوە هەرکەسێک کە بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی پرسیارێکی لەم شێوە دەبێتەوە، بە ناچاری تاوێک دەوەستێ و هەوڵ دەدات دوای کەمێک بیرکردنەوە وەڵامێکی گونجاو بداتەوە. هەرچەندە وەڵامدانەوەی پرسیارێک کە چیتر مەجال و دەرفەتی ئەنجامدانی نەماوە لە جاران ئاسانترە، چونکە وەڵامدەرەوە بە دڵنیاییەوە دەزانێ کە پرسیارێکی لەم شێوەیە هەرگیز ناگاتە ئەنجامی تەواو. ئەی ئەگەر ئێستا لەم پرسیارەدا وشەی ڕەئیسی بگۆڕین بۆ سەید محەممەد خاتەمی؟ بۆ ئەحمەدی‌نژاد یان محەممەد جەواد زەریف؟ یان لەباتی کوردێکی ئۆپۆزسیۆن و شۆڕشگێڕ، بەلووچێک، تورکمانێک، ئازەرییەک یان عەرەبێک، یەکێک لە دامەزرێنەران یان پلە باڵاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبری ئەم جینایەتانەی کە لەم چل ساڵەدا ئەنجامی داون سزا بدات، دیسان کاردانەوەکان هەمان دەبێ کە بۆ کوژرانی ڕەئیسی بوون؟ ئەی ئەگەر شۆڕشگێڕێکی فارس ئەو کارە بکات چی؟ بە دڵنیاییەوە بە خوێندنەوەی ئەو پرسیارانە دەچینە نێو گۆماوی فکر و بیرکردنەوە!

بەڕاستی کامیان گرنگە؟ ئەمە کە قەسابی تاران یان ئایەتوڵڵای ئێعدام یان دادوەری مەرگ کوژراوە یان ئەمە کە کێ کوشتوویەتی و بۆچی و لەبەرچی کوژراوە! پێوەرەکانی تاران بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە چین؟ ئایا لەسەر بنەمای دروستبوونی شەپۆلی نوێی هەستەکانی لەپاش ڕووداوەکانە یان لەسەر بنەمای چۆنیەتیی دروستبوونی گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکانە؟

خۆ کەم نین ئەم تاوانبار و جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی کە لەلایەن لاوانی بوێر و شۆڕشگێڕ سزای کردەوە قێزەونەکانیان دراوەتەوە، بەڵام بۆچی هیچکامیان وەک مەرگی ڕەئیسی نەبوونە هۆی شادی و دڵخۆشی بۆ گەلانی نیشتەجێی ئێران؟

ئەگەر بە سەردێڕی هەواڵی ئاژانسەکانی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەوەری "سەید ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕێبەری بێبەشان و سەرۆکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری وڵاتەکەمان، بە دەستی تیرۆریستان و گۆپاڵبەدەستانی زوردارانی جیهان شەهید کرا". هێشتا هەمان هەستی خۆشی و شادیت دەبوو؟ یان پێش بینین و بیستنی ئەو جۆرە هەواڵانە (کە خۆت بە نەیارێکی ژمارە یەکی ئەم سیستەمە دەزانی)، لەدوای بیستنی هێشتا بیر و هەستێکی وەهات دەبوو؟ یان تەنها لەم حاڵەتە و حاڵەتی هاوشێوەیدا کە ئێوە هیچ ڕۆڵێکتان تێدا نەبووە و ئەمەش لە لاوازی سیاسی و مەیدانی خۆتانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەڵوێستێکی هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندی دوژمنە کوژراوەکەتاندا دەگرن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری هاوشێوە بۆ نەتەوەی کورد، نەتەوەی بەلووچ، نەتەوەی تورکمان، نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی ئازەری سادەیە و تەنیا بە پێداچوونەوە بە ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو بە ئاسانی دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە . پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا عەقڵییەتی مەوجوود بەسەر کەشی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە شارە گەورەکانی وەک تاران و ئیسفەهان لە وەڵامی گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران نزیکە؟

وەک نموونەیەکی گونجاو و لێکچوو، دەتوانین ئاماژە بە محەممەد بروجێردی بکەین کە لە ١ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا لە لایەن بەرگریکاران و شۆڕشگێڕانی کوردەوە بە سزای کردەوەکانی گەیەندرا؛ ئایا کەسێکی وا لە عەقڵی گشتی و بیری بەکۆمەڵی نەیارانی دەسەڵاتی ئاخوندیدا بە تاوانبار و جینایەتکار دادەنرێت؟ ئایا گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران، لەوانەش کۆمەڵگەی فارس، هەتا ئێستاش دڵخۆشییان دەربڕیوە سەبارەت بە کوژرانی یەکێک لە تاوانبارانی سەرەکی جەماران؟

ڕەنگە زۆر کەس بڵێ بە هۆی جیاوازی کاتی ڕووداوەکان، کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر بیروڕای گشتی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران و دۆخی نێوخۆیی لە ڕووی دەروونی، فیکری، سۆزداری، شۆڕشگێڕی و هتد لەگەڵ وەڵامی جیاوازمان بەرەوڕوو کاتەوە و هەر بۆیە وەها هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنێک لە جێی خۆیدا نییە؛ بەڵام ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و لەڕاستیدا ئەوەی لەم بابەتەدا لەبەرچاوی دەگرین، ڕێک بەراوردکردنی ئەم دوو کەسەیە لە سەردەمی ئێستادا. بە واتایەکی تر، ئەگەر لەم ماوە زەمەنییەی ئێستادا، کوشتنی ئەم دوو کەسە پلە باڵایەی ڕێژیمی ئێستای تاران بەراورد بکەین، دەگەینە وەڵامێکی هاوشێوە و یەکسان؛ لەحاڵێکدا یەکیان (سید ئیبراهیم ڕەئیسی) بووەتە قوربانی پیلانێکی نێو سیستەم و ململانێی دەسەڵات، ئەوی دیکەشیان (محەممەد بروجێردی) لەسەر کردەوە قێزەونەکان و تاوانە بێشومارەکانی بەرامبەر بە خەڵکی سیڤیل سزا دراوە!

پێش ئەوەی بیر لە دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ پرسیارێکی لەمجۆرە و پرسیارە هاوشێوەکانی دیکە بکەینەوە، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە فیلمی غەریب لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بەرهەم هێنراوە و بڵاوکراوەتەوە (کاتی بڵاوکردنەوەی نزیکەی شەش مانگ دوای کووشتن بەئەنقەستی ژینا ئەمینی بووە) و بڵاوکردنەوەی ئۆنلاینی ئەم فیلمە لە ٢٠ی بانەمەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی بووە (هەشت مانگ لەدوای کووشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینی) و ئەم فیلمە لە کەشێکی ئاوا گرژدا پێشوازییەکی باشی لێکرا. لەکاتێکدا بارودۆخی دەرونی، فیکری، شۆڕشگێڕی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد بەتەواوەتی دژی دەسەڵاتی ئێستا بووە و ڕق و بوغز و هەستی دژی ڕژیم زیاتر لە ئەمساڵ و کاتێک بووە کە ڕەئیسی کوژراوە؛ بەڵام بۆچی پێشوازییەکی وەها بەرچاو لەم فیلمە کرا کە لە ڕاستیدا باس لە ژیاننامەی کەسێکە کە زۆر زووتر لە ڕەئیسی و پێش ئەو و زیاتر لە ئەو، دەستەکانی بە خوێنی کەسانی بێتاوان و ژن و منداڵ سوور بووە کە بە مۆرکی ئیمام و لەپێناو ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی



سەرچاوە
Serchawe

ویلایەتی فەقی لە هیچ تاوانێکی ترسناک و دژە مرۆیی دەستی نەگێڕاوە!

محەممەد بروجێردی یەکێک لە دوانزدە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداران بووە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، ڕاستەوخۆ بەرپرسی سەرکوتکردن و کوشتنی گەلانی نیشتەجێی ئێران بووە؛ ناوبراو دامەزرێنەری گرووپی چەکداری ئیسلامی تەوحید سەف، متمانەپێکراوی تایبەتی خومەینی، دامەزرێنەری هێزی جاش لە کوردستان و یەک لە ڕوڵگێرە سەرەکییەکانی کۆمەڵکوژی گەلی بێدیفاعی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران بووە. ئێستا بەرهەمهێنان و دەرهێنانی فیلمی درێژ لەسەر کەسێکی ئاوا بۆتە هۆی ستایشی جۆراوجۆر و زۆرترین خەڵاتی فیلمسازی لە وڵاتدا بەدەستهێناوە و گەیشتووەتە ئاستێک کە بە مەسیحی کوردستان ناو دەبردرێ؛ ئاوایە فکرییەتی تەواوییەتی ئەرزیخوازانی فاشیست!

تاوانبارێکی ئاوا، کە یەکێک لە بریکارەکانی چاندنی تۆوی تاوان و تاوانکارییە لە ڕیزەکانی داڕشتنی سیاسی - ئیداری ڕێژیمی تیرۆریستیدا کە تەنانەت لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نەیاران و ڕووخێنەرانی ڕێژیمی ئێستای تاران،

**وەک نموونەی پاڵەوانێکی نەتەوەیی دێتە ئەژمار!**

ئەگەر محەممەد بروجێردی کە بەرپرسی ڕاهێنانی بەشێکی بەرچاو لە ئەفسەرانی ئێستای سوپای پاسداران بووە، ئەمڕۆ لە ژیاندا بووایە، ئایا هەر بەو شێوەیە باسی دەکرا؟ یان ئەگەر ڕەئیسی لە لایەن خەباتکارێکی بەرگریکەر لە مافی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کوژرابا ، ئایا شۆڤێنیزمی زاڵ بەسەر بیروڕای گشتی شارە گەورەکانی ئێران، ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی هەمان ئەو خۆشی و دڵخۆشییەی دەدا کە لە ئەنجامی مەرگی وەها کەسێکەوە هاتۆتە ئاراوە؟

**وەڵامێکی ڕوون و ورد بۆ ئەم پرسیارە چی دەبێ کە کەنگێ و لە چ فۆرمێکدا نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بە یەک ڕادە و بە یەک شێوە دڵخۆش دەبن بە مردن یان کوژرانی ڕەئیسییەکان؟**

**١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# ئاسنی ساردکوتان




دۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ژینگەی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران، وەها ئاڵۆز و لێڵ بووە کە ئاڵوگۆڕەکان خێراتر لە چاوەڕوانییەکانی خەڵک دێنە ئاراوە؛ بەشێوەیەک کە هێشتا ئاڵوگۆڕی تازەپێکهاتوو بەتەواوی جێی خۆی نەکردۆتەوە و سەقامگیر نەبووە کە جێی خۆی دەدات بە ئاڵوگۆڕێکی دیکە یان بە هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕی نوێ، ئاڵوگۆڕەکانی پێشووش هێندێک و تا ڕادەیەک تووشی گۆڕان دەبن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەشی ئابووری وڵاتیش، بەستێنەکەی تووشی ناسەقامگیری و لاوازییەکی زۆر بووە و گەرەنتی ئابووری لەم وڵاتە هەتا کاتێکی نادیار کۆچی کردوە و کار و پیشەکان تووشی بشێوی بوون و بەرەو نسکۆ و شکەست هەنگاو دەنێنەوە؛ بەشێوەیەک کە ناسەقامگیری ئابووری کەوتۆتە بازنەی قەیرانی ئابوورییەوە.

گەندەڵیی لەڕادەبەر، جەوی تۆقێنەری ئەمنییەتی، ململانێ نێوخۆییەکان لەسەر دەسەڵات، قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی نەوەی نوێ و جیاوازی بنچینەیی لە بواری فکرییەوە لەگەڵ دەسەڵاتداران تەنیا بەشێکن لەم گێرە و گرفتانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم چوار دەیەی دەسەڵاتداریدا تووشی بووە و بەشی هەرە زۆریشی خۆی خوڵقاندوویەتی و ڕۆڵگێڕی سەرەکی ئەم دۆخەی ئێستا، تەنیا و تەنیا دەسەڵاتدارانی جەماران و بەیتی ڕێبەریی تارانن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی نێوخۆیی و کێشەی گەورەی ناوچەیی و گرفتە قوڵەکانی نێودەوڵەتی لە ململانێدایە کە کوژرانی قەسابی تاران خۆی بۆتە هاتنەئارای دۆخێکی نوێ و هەستیار؛ دۆخێک کە هەم دەرفەتە و هەم هەڕەشە بۆ کاربەدەستانی تاران لەلایەک و هەروەها بۆ گەلانی نیشتەجێ لە ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە. لە توێی چەند خاڵ و لە چەن ڕوانگەی جیاوازە تیشکی بخرێتە سەر ئەم دۆخە و ڕاستییەکانی ئەم بازنە زەمەنییە بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکۆماری لە ٨ی پووشپەڕدا.

- ناونووسی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ڕژێم و پاڵاوتنی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکۆماری، دەرخەری ململانێی قووڵ و بەهێزی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی ڕێژیمە بەتایبەتی لە بەشی بناژۆخوازەکاندا؛ ئەگەر هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر، ململانێ بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان بناژۆخوازەکان و ڕیفۆرمخوازەکان بووە لە ئێستادا ئەم ململانێیە زیاتر لە نێوان بناژۆخوازە میانەڕەوەکان و بناژۆخوازە توونددئاژۆیەکاندایە. بەشێوەیەک کە ڕیفۆرمخوازەکان بە تەواوی لە شوێنە هەستیارەکان وەلا نراون یان لانیکەم بازنەی دەسەڵاتیان زۆر کورت و بچووک کراوەتەوە یان بە کردەوە ڕەگەڵ بناژۆخوازەکان کەوتوون؛ ئەوەش خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سیاسەتی گشتیی دەسەڵاتی تاران لە بەشی نێوخۆیی وڵاتدا بەڕادەیەکی بەرچاو یەکدەست کراوە و ڕێژیم بە هۆی ترس لە ڕووخان یان دارمانی دەسەڵاتی، سیاسەتێکی بناژۆخوازانەی وەک دەسپێکی هاتنە سەرکاری بەڵام بەشێوەی جیاوازتر لەبەرچاو گرتووە.

- ململانێ سیاسییەکان لە ئاستی ماناوەندی و ناوەندی دەسەڵاتەوە، گوازراوەتەوە بۆ نووکی هەرەمەکە و لە بەیتی ڕێبەرییدا کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانی لەم چەشنە یەکلایی دەکرێنەوە؛ بە واتایەکی تر بازنەی گۆڕەپانی کایەی سیاسی بچووکتر کراوەتەوە و ڕۆڵگێرانی سەرەکی سیاسەتی گشتیی نێوخۆیی لەبواری ڕێژییەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە.

- کێشەی پرۆژەی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاژانسی ناوەکی و لە هەمبەر زلهێزانی جیهانی گەیشتۆتە ئاستێکی زەق و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و خەریکە دەگاتە ئاستی قەیران.

- قەیرانە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە هۆی ڕاپەڕینی ژینا و لێکەوتەکانی لە چەن قۆناغی ئەم ڕاپەڕینەدا هەتا ئێستاش بەردەوامە و یەک لەم هۆکارانەیە کە کاریگەریی شوێندانەری لەسەر ئەم هەڵبژاردنە دەبێ.

- زۆربوونی ڕێژەیی ناڕازییەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران بە هۆی گوشارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

- جیاوازی بنەڕەتی لەبواری فکری، کۆمەڵایەتی و نەریتی نەوەی نوێ لەگەڵ فکرییەت، ویست و ئامانجەکانی کاربەدەستانی ڕژیمی تاران.

- تێگەیشتنی گەلانی ئێران لە شێواز و جۆری کایە سیاسییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و ساردبوونەوەی لە ڕادەبەدەری خەڵک بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئەم ڕژیمە و نائومیدی لە هەمبەر چاکسازی.

- ڕێژیم چەند دەیە خەریکی دروستکردنی بووە.

- وشیاری زیاتری خەڵک بە هۆی خێرایی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە خۆی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ویستی خەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و شارومەندییەوە.

- جیاوازی جۆراوجۆری ویست و خواستی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران بەپێی ستانداردە جیهانییەکان و پێوانەکانی مافی مرۆڤ و لاوازیی وڵامدەربوونەوەی سیستەمی تەک ڕەهەندی ئایینزایی لە چەشنی ویلایەتی فەقی بەرامبەر بەم داواکارییانە.

ئەم خاڵە بەرچاوانە و کۆمەڵێک هۆکاری تر هەر وەک هاتنە ئارای بیر و هزری نوێی سیاسی، گۆڕانی فکرییەتی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ماف و ئازادییەکانی تاک و بەکۆمەڵ و هەروها گەیشتنی هوروژمی نوێی سیاسەتی گلۆبالیزم بەتایبەتی لە بەشی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و هتد، وەهای کردوە کە هەر ساتێک لە ژیانی ڕژیمی تاران بەرەورووی کۆمەڵێک کەند و لەندی کۆن و نوێ ببێتەوە. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا گرینگە و سەرنجی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و میدیاکانی جیهان و سیاسەتڤانانی وڵاتانی دیکەی ڕاکێشاوە، هەڵبژاردنی نائاسایی و نوێی سەرۆکۆماری لە ئێرانە و چاوەکان زیاتر لەسەر ئەم بەشەیە کە خەڵک چەندە بەشداری دەکات یان ناکات!

حاشا لەوە ناکرێ کە بەشدارینەکردنی خەڵک، ڕەنگە لەبواری نێوخۆییەوە هیچ کاریگەرییەکی سیاسی و کردەوەیی نەبێ لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە؛ چوون گوێدان بە دەنگ و ویستی خەڵک لە قامووسی هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و تۆتالیتێردا نەبووە هەتا لە قامووسی ڕژیمی ئێستای تاران دابێت. بەڵام ئەوە گرینگە کە خەڵک چۆن ئەم هەڵبژاردنە دەکات بە دەرفەت بۆ ئەوەی دەنگ و ویستی ڕاستەقینەی خۆی بە جیهانی دەرەوە و زلهێزەکان نیشان بدات؛ بەشدارینەکردنی خەڵک بە شێوەی زەق و بەرچاو و بە ڕێژەیەکی زۆر، ئەو پەیامە ڕوون و ئاشکرایە دەدات بە جیهان کە گەلانی نیشتەجێی ئێران ئەم ڕژیمەیان ناهەوێ و ئەم ڕژیمە هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵک و ئەم نەتەوانە نییە.

ئەوە دەبێتە هۆی دەستئاوەڵەیی زیاتری وڵاتانی جیهان بۆ ئەگەری گوشاری زیاتر خستنە سەر ڕێژیمی تاران و ئەوەش لە

بەرژەوەندی خەڵک بە گشتی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی دایە؛ ڕەنگە بەشدارینەکردنی خەڵک لە شانۆکانی هەڵبژاردنی پێشووی ڕژێمدا، گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووبێ بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ئێستادا و لەدوای ڕاپەڕینی ژینا و ڕووداوە خێراکانی ناوخۆی ڕژێم و نێوخۆیی ئێراندا، بڕیاری خەڵک لە هەمبەر ئەو شانۆیەدا ڕەنگدانەوەیەکی زیاتر و بەربڵاوتری لە ئاستی نێودەوڵەتی و بیروڕای گشتیدا دەبێت.

لەئێستادا کە بەیتی ڕێبەری خامەنەیی لە هەموو لاوە تووشی کێشە و گوشاری لە ڕادەبەدەر هاتووە، هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە دەسەڵاتی هەرەمییەکەی یەکدەستتر لە پێشوو بکات و تەنیا کەسانی گوێڕایەڵ و تەواوە لە شوێنی هەستیار دابنێ و ئەوەش بە هۆی نیگەرانییەکانی ڕژێمە لەدوای ڕاپەڕینی ژینا بە گشتی لە ئاستی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان؛ دەرکەوتنی کورتە فیلمێکی پزیشکییان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یەک لەم نیشانانە دابنێین کە بە کوردی قسان دەکات و بە لەدایکبووی مەهاباد (ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەناسێنرێ بە خەڵک و ئەوەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕێژیمی تاران هەر وەک سەرەتای هاتنە سەرکاری لە نێو هەموو گەلانی ئێراندا زیاتر ترسی لە کورد هەیە هەرچەند بەرەبەرە ئەم ترسەی لە هەمبەر ئازەرییەکانیشدا خەریکە پەرە دەستێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنە هەم بۆ گەلانی نیشتەجێ لە ئێران و هەم بۆ ڕێژیمی مەلاکان لە تاران دوو ڕووی هەیە و دەرفەتێکی لەبار و زێڕینە بۆ خەڵکە کاتێکی وەها هەستیاردا کە ئەم هەڵبژاردنە بکاتە هەڕەشەیەکی مێژوویی بۆ سەر ئەم ڕێژیمە بە هۆی بوونی قەیرانی جۆراوجۆری نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی؛ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەر لایەک بە دەرفەت بشکێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەر دەبێتە هەڕەشە و مەترسی. بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە یەکێکە لە گەورەترین گۆڕەپانەکانی ململانێی سیاسیی گەلانی نیشتەجێی ئێرانە لەگەڵ ڕژێمی ویلایەتی فەقی. هیچ شک لەوەدا نییە کە ڕێژیم خۆی بۆ بەڕێوەبردنی گەورەترین شانۆ لە چل ساڵی ڕابردوودا ئامادە دەکات و هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە بە باشترین شێوە و بە بەهێزترین پڕۆپاگەندەوە ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوە ببات و ڕوخسارێکی زۆر بەهێز بە جیهان و میدیاکان نیشان بدات؛ بەڕواڵەت وا وێدەچێ کە تۆپ لە مەیدانی ڕێژیمدا بێت بەڵام لە ڕاستیدا تۆپ لە مەیدانی خەڵک دایە و ئەوە خەڵکە کە دەریدەخات هەتا چ ئاست و ڕادەیەک ئیزنی مانەور و شانتاژکردن دەدات بە ڕێژیم.

خەڵک بەباشی لەبیریانە و ئەوە دەزانن هەڵبژاردن لە ئێراندا و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ویلایەتی فەقی، تەنیا و تەنیا شانۆیە و بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە قسەکانی کاربەدەستان و تیئۆریسییەنەکانی ئەم ڕێژیمە و دێپارتمانی فکری ویلایەتی فەقییە؛ بە واتایەکی تر، بەشداریکردن یان نەکردنی خەڵک ئاسنی ساردکوتانە.

بە دەیان و سەدان جار ویلایەتی فەقی لەلایەن تیئۆریسییەنەکانی ئەم ڕێژیمە شی کراوەتەوە و زۆربەی جارەکان کۆمەڵگە




سەرچاوە
Serchawe

و تەنـانەت خەڵـک بە مەڕ و مـاڵات نـاو بـردراون کە توانـایی لێکدانەوە و شـی کـردنەوەی دۆخـی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی و هتدیان نییە و ناتوانن بڕیاردەر بن بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان و پێویستە کە کەسێکی شارەزا وەک شوان ڕێنوێنییـان بکـات و بڕیاریـان بەسەردا بـدات بـۆ ئەوەی لە ژیانـدا تووشی هەڵە و بەلارێـداچوون نەبـن؛ ئەوە کـۆی مانیفێسـتی فکـری-سیاسـی ئایـدیای ویلایەتـی فەقیـیە کە لێکەوتەکـانی لەم چـوار دەیەدا بـۆ هەمـوو ئەوانە کە ڕاسـتییەکان دەبیـنن ڕوون و ئاشکرایە.

ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## قاسملوو زیاتر لە ناوێک و پتر لە زەمەنێک



سەبارەت بە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، زۆر وتار و بابەت نووسراوە و زۆر کەسایەتیی بەرچاو و دیاری وڵاتانی ڕۆژاواییش لەسەری دواون؛ قاسملوو ناوێکی ئاشنایە بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرە سیاسییانەیە دژبەری دەسەڵاتی پاشایەتی پەهلەوی بوون و هەروەتر بۆ هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە دژبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و هەن. هیچ مرۆڤێکی سیاسی و ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە ئێران نییە قاسملووی نەناسیبێ؛ هەر لە چەپەکان و ڕاستەکان و هەر چین و توێژێکی تایبەتی لە جیهانی سیاسەتی ئێراندا.

هەر نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرێک کە تیشکی خستبێتە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕووداوەکانی شەش دەیەی ڕابردوو لەم ناوچەیە بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی، بەبێ سێ‌ودوو ناوی قاسملوو، وتارەکانی و لێدوانەکانی هاتۆتەوە بەرچاو و سەرنجی ڕاکێشاوە. ئەوەش خۆی پرسیارێکی شیاو و جێگەی ئاماژەیە کە بۆ چی ناو و یاد و ڕەوشتی قاسملوو وەک چەترێکی بەهێز و گەورە، باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە و هیچ ناوێک توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ ناو و یاد و ڕەوشتی ناوبراوی نییە؟ بۆچی قاسملوو تێکەڵ بە لایەلایەی نیوەشەوانی دایکان و پەند و ئامۆژگارییەکانی بابەکان و خەون و خولیاکانی لاوانی کورد بووە؛ بەشێوەیەک کە هیچ گۆشە و کەناری مێژووی کورد نییە کە قاسملووی لێ نەدۆزییەوە.

لەڕاستیدا قاسملوو ئەندێشەکەی، ناوەکەی و فکرەکەی وەک دەزوویەک وایە دەنکەکانی تەسبێح لەلای یەکتری ڕادەگرێ؛ ئەو

ڕەمزی نادیاری یەکگرتوویی و لێکبەستراوەیی کوردە.

ڕاستە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، یەکێکە لە دەیان ڕێبەری بلیمەت و کۆڵنەدەری کورد کە هەتا دوا هەناسەکانی ژیانی لەسەر بیر و بڕوای خۆی مایەوە و بۆ ڕزگاری و ئازادی گەلی کورد تێکۆشا و خەونی مەزنی دەستەبەرکردنی گشت مافە زەوتکراوەکانی ئەو میللەتە غەدرلێکراوەی لە زێهن و فکردا بووە، بەڵام بۆ چی قاسملوو وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگداری نێو ئاسمانی ڕێبەرانی کوردە کە سەرنجی بینەران و سەیرکەرانی ئەو ئاسمانە زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ؟

کۆتری ئاشتی کە هەڵۆی شاخەکانی زاگرۆس بوو لە بەرامبەر دوژمندا، مەسیحی کوردانە؛ قاسملوو نەتەنیا سەرۆک و سیاسەتمەدار و ڕێبەری گەلی کوردە بەڵکوو وەک وانەیەکی پووخت و تەواوە بۆ ژیان و هێمایەکە کە دەکرێ لە هەموو بەشەکانی ژیان وەک نموونە و ئۆڵگوو چاوی لێ بکرێ. ئەو بە فکری، قسەکانی و ڕەوشتی فێری کردین کە ژیان بە هەموو شیرینی و خۆشییەوە، ئەوەندەی بایەخ نییە کە بە ئازادی و سەربەستی تێپەڕی نەکەین و ئەوەندەی بایەخ و گرینگی بە ڕزگاری، ئازادی و ماف داوە کە مەگەر ئۆکسیژن لە ژیاندا هەتا ئەو ڕادەیە بایەخ و نرخی هەبێ؛ قاسملوو جگە لە ڕێبەرێکی کاریزما، ڕێبەرێکی مەعنەویشە.

**بوودایییەکان باوەڕیان وایە کە ئاگاهی هاتۆتە قالبی مرۆڤەوە و بۆتە بوودا و مەسیحییەکان دەڵێن کە عیسا گەورەترین نیشانەی خودایە و لەلای کوردەکان، قاسملووبوون لووتکەی مرۆڤایەتی و دێمۆکراسی و ژیانی بەختەوەرانەیە.**

ئەو لەکاتێکدا بە تاران و جەماران و خومەینی گوت نا، کە دەگمەن کەسێک لەکاتی ئاوا هەستیاردا و لە دۆخێکی وەها ئەستەمدا، وەها بوێرییەکی هەیە بیر لە وشەیەکی لەمجۆرە بکاتەوە؛ لەم کاتەدا کە خومەینی و دار و دەستەکەی تەواوی گەلانی ئێران و هەموو وڵاتانی جیهانی فریو دا و وەک مەسیح و فریشتەی ڕزگاریدەری خەڵک و ناوچەکە دەرکەوت، ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە لە بەرامبەریدا ڕاوەستا و بە دەنگێکی دلێر و بە پشتئەستووریی میللەتی کورد بە خومەینیگووت نا، تۆ نە تەنیا فریشتە نی، بەڵکوو جەللادێکی خوێنمژی!

دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی شەپۆلی سیاسی سەرشەقامەکانی ئێران و نێو میدیاکان و سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی زۆر زوو نێوەڕۆکی فکر و زێهنیی خومەینی و مەلاکانی تارانی بۆ دەرکەوت و گەلی کوردی لەم دۆخە ئاگادار کردەوە. بە شانازییەوە کورد تەنیا گەلی ناو ئەم چوارچێوە جوگرافییە بوو کە لە دەسپێکی هاتنە سەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو ڕێفراندۆم و ڕاپرسییەکان نای کووت و هەتا ئێستاش لەسەر ئەم سیاسەتە داڕێژراوەی کاک دوکتور قاسملوو بەردەوامە.

لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی خومەینی لە تاران دەرگای هەر جۆرە دیالۆگ و پێکهاتن و سازانێکی داخست و فیتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دا و خوێنی کورد و ماڵ و گیان و ژیانی کوردی بە حەلاڵ پێناسە کرد، د. قاسملوو لێرەدا گوتی ئێمە شەڕمان ناوێ، بەڵام ئەوان شەڕیان بەسەردا سەپاندین. پێغەمبەری ئاشتی لەپێناو چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد، گیانی خۆی بەخت کرد بەڵام دڵ و مێشکڕەشەکانی تاران و جەماران، ئێستاش هەر باوەڕیان بە ئاشتی و ماف و پرسی کورد نەهێناوە. چوون هەتا ئێستاش فیتوای جیهادی خومەینی بەدژی کورد بەردەوامە؛ هەرچەند بە فەرمی باسی ناکەن بەڵام لە کردەوە و سیاسەتەکانی ئەم دەسەڵاتە کوردکوژە، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆیان دەدەن کورد بتوێنەوە و لە شوناس و پێناسەکانیان پاکیان بکەنەوە و بەشێک لەم پرۆژەیە بە ستاندنی ڕۆژانەی گیانی ڕۆڵەکانی کورد ئەنجام دەدەن. ڕاپەڕینی ژینا باشترین بەڵگە بوو بۆ دەرکەوتنی ڕووخساری تاران بەرامبەر بە گەلی کورد.

**بە هاتنی قاسملوو بۆ جیهانی پڕ لە ستەم و داگیرکاری کوردان، چەند خاڵی بەهێز هاتنە ئاراوە و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی قووڵ لەنێو هەناوی شۆڕش و بەرگری و تێکۆشانی ئەم میللەتەدا پەیدا بوو کە بریتین لە:**

### ١- فراوانکردنەوەی بازنەی تێڕوانین:

دوکتور قاسملوو یەکەم ڕێبەری کوردە بە شێوەیەکی زۆر ئاکادمیک و لە هەمانکاتدا سیاسییانە، چاوی لە پرس و کێشەکانی کورد لەسەر ئاستی جیهان دەکرد و لە پرس و ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەیڕوانییە ناوچەی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەمیشەوە ڕۆ دەبوە نێو کێشە و ئاڵۆزییەکانی کورد لە نێو وڵاتە پێکهاتووەکانی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم؛ ئەمجۆرە نیگا و ڕوانینە وای کرد کورد بەتایبەتی سیاسەتڤانانی کورد بە ڕوانگەیەکی دروست تر و واقعبینانە تر، بڕوانە پرسی کورد و لە مەنتقی ئێحساسییەوە بەرەو مەنیتقی ئەقڵانییەوە هەنگاو هەڵبێننەوە.

### ٢- ڕاهێنانی سیاسی بە قسە و بەکردەوە:

دوکتور قاسملوو یەک لەم سیاسەتڤانە وشیار و لەڕادەبەر ئاگایانە بوو کە هەوڵی دەدا بە شێوەیەک کار و چالاکییە سیاسییەکانی بەرەو پێش بەرێ کە بە جۆرێک بەشێک بێ لە ڕاهێنان و وانەی سیاسی و ئەمەش لە قسەکانی و لە هەڵس و کەوتیشیدا بەدی دەکرێ.

### ٣- چاندنی تۆوی دێموکراسی:

یەک لە کارە گرینگ و شوێندانەرەکانی دوکتور قاسملوو، دووبارە چاندنەوەی تۆوی دێموکراسی بە شێوازی مۆدێڕن و سەردەمیانە لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابوو؛ ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان، حیزبی دێموکرات جگە لە بەرپرسایەتی سیاسی، بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و کەلتووریش وەئەستۆ بگرێ و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەم بوارانە بە شێوەی جیددی هەوڵ بدات و تێ بکۆشێ.

### ٤- جێگیرکردنی ئێتیکی سیاسی:

یەک لە کارە دەگمەن و ناوازەکانی دوکتور قاسملوو کە بەڕاستی دەکرێ وەک شاکارێکی هونەری لە دنیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەیر بکرێ، جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی بوو لە هەموو کات و زەمەنێکدا؛ تەنانەت لەم کاتانەی کە پێبەندبوون بەم ئەخلاقە سیاسییە بۆ حیزبی دێموکرات لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا بە گران تەواو بووە. ئەخلاقی سیاسی لە دێپارتمانی فکری دوکتور قاسملوو جێگەی تایبەتی هەبووە و هەمیشە لە قسە و کردەوەکانیدا ئەو بەشە بە ڕوونی دیار و بەرچاو بووە؛ بۆ نموونە لە شەڕی سێ مانگەی کوردستاندا کە ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی دەستی لە هیچ چەشنە جینایەتێک نەدەپاراست و ڕەحمی بە ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیل نەدەکرد، سیاسەتی ئەخلاقی سیاسی و پاراستنی ئوسوولی شەڕ و یاسای شەڕ لەلایەن پێشمەرگەکان و هێزەکانی حیزبی دێموکرات بە دەستووری دوکتور قاسملوو لە لووتکە دابوو و ئەوە یەک لە سەدان بەڵگەی مێژووییە کە بۆ کورد و حیزبی دێموکرات جێگەی شانازییە.

### ٥- گرینگیدان بە خوێندن و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن:

یەک لەم بەشانەی دوکتور قاسملوو بە بەردەوامی باسی لێوە کردوە و هەوڵی بۆ داوە، خوێندن و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی ئەندامانی حیزبەکەی و لاوان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوە؛ دوکتور قاسملوو بەباشی لەم بەشە تێگەیشتووە کە بەشێک لە سیاسەتی هەرە بەرفراوانی داگیرکەرانی کوردستان، پێشگرتن لە پێگەیشتن و خوێندنی ئوسوولی و ڕێک و پێکی خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە. بۆیە کاک دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو لاوانی کورد بەتایبەتی دەبێ زیاتر لە لاوانی میللەتانی دیکە گرینگی بە خوێندن و خۆپێگەیاندن بدەن و ئەم ڕێگەیە بکەن بە پرد بۆ بەختەوەرکردنی خۆیان و میللەتەکەیان لە پێناو ئازادی و ڕزگاریدا.

## ٦- باوەڕبەخۆبوون و لەسەرپێ بوون:

دوکتور قاسملووی لێزان، وردبین و مامۆستا بە باشی ئەم بەشەی هەست پێ کردبوو کە داگیرکەران و دوژمنانی کورد، یەک لەم کەرەستە مەترسیدارانەی وەک ئامراز بەکاری دەهێنن، چاندنی تۆوی باوەڕبەخۆنەبوونی و دەستەوئەژنۆوەستان بووە؛ ئەوان بە پیلان و بەرنامە بە بەردەامی هەوڵیان داوە کە لە بواری دەروونی و فیکرییە وەها کار لەسەر کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن کە تووشی کێشەی دەروونی، فکری و ئێحساسی بن و لەم ڕێگایەوە ئەم میللەتە کۆنترۆڵ بکەن و کۆتی بکەن. د. قاسملوو لە پەنا ئەم هەموو ئەرک و هەوڵ و تێکۆشانەدا، لەم بەشەشدا زۆر مامۆستایانە هەوڵی دەدا کە شانازی و باوەڕبەخۆبوونی ئەم میللەتە لەسەرپێ ڕا بگرێ و وەبیریان بێنێتەوە کە ئەم میللەتە بە هەزاران ساڵە میللەتێکی زیندوو و لەسەر پێ بوە و بەم شێوەیە کەرامەت و باوەڕبەخۆبوونی گەڕاندەوە بۆ میللەتەکەی و لەسەردەمی ناوبراودا، هیچ کوردێکت بەدی نەدەکرد کە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە نەکات و بەوپەڕی

بوێری و لەخۆباییبوونەوە لە بەرامبەر دوژمن و داگیرکەراندا ڕانەوەستێ.

## ٧- پێشکەوتنی ئاگایی سیاسی گەلی کورد:

لە هەرە خزمەتە گەورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گشتی و دوکتور قاسملوو بە تایبەتی بە گەلی کورد، ئەوەیە ئەم میللەتەیان لەبواری ئاگایی سیاسی و لەسەرهێڵبوون وەپێش خستووە؛ بەشێوەیەک کە میللەتی کورد لە ئێستادا کە دەوڵەتی نییە و هاوکات کە لەلایەن چوار دەوڵەتی داگیرکەری جینایەتکار دەچەوسێنرێتەوە بەڵام لە ئەم میللەتە سێحەب دەوڵەتانە وشیارتر و ئاگاترن. ئەمەش بە هاتنەپێشی ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ پشتگیریکردنی کوردانی دابەشکراو و پارچەپارچەکراو لە یەکدی یەک لەم نموونانەیە و ڕاپەڕینی مەزنی ژیناش نیشاندەری لووتکەی ئاگایی و وشیاری میللەتی کوردە کە جیهانی هێنایە سەر هێڵ و بووە مایەی شانازی و ڕێزگرتنی هەموو جیهان لە کورد و کوردستان.

## ٨- پتەوکردنی هێڵی نیشتمانی لە هەمبەر هێڵی حیزبی:

د. قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و وانەکانی کۆماری کوردستان و فکرییەتی پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی حکومەتی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەباشی و ڕوونی هێڵە نیشتمانییەکانی دیاری کرد و کردی بە بەشێک لە سیاسەتە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ئێستادا ئەو سیاسەتە بووەتە بەشێک لە



سەرچاوە Serchawe

تێفکرینی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش؛ بەشیک لەم سیاسەتە دەڵـی کە بە بـێ گوێدان بە سنووره دەسکردەکان، کوردەکان دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن بە هەر جۆر و شێوەیەک کە بۆیان دەلوێ. لە هەمانکاتیشدا بە هۆی دابەشبوونی کورد بەسەر چوار وڵات و بوونی چوار جۆر سیاسەتی داگیرکاری، باشتر وایە کە کوردی هیچ بەشێک دیخالەت لە شێوازی خەبـاتی کوردەکانی بەشەکەی تر نەکات مەگەر بە مەبەستی هاوکـاریکردن و یارمەتیـدان و لە هەمانکاتیشدا لە پێنـاو بەرژەوەنـدی ئەم بەشەی کە بـۆی تێدەکۆشین، لەگەڵ داگیرکەرانـی دیکەی کوردستان تێکەڵاو نەبین کە ببێتە خەسار بـۆ بەشەکە یـان بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراو. لەڕاستیدا پتەوکردن و پەرەپێدان بە سیاسـەتی پاراستنی بەرژەوەنـدی نیشتمانی لە کاتێکـدا کە نیشـتمانت دابەش کـراوە و هـیچ دەوڵەتێکت نییە، یەکێک لە ئەرکە هەرە قـورس و ئەسـتەمەکانە کە لە هەمانکاتدا لە زۆربەی ئەرکەکانی تر گرینگترە؛ دوکتور قاسملوو ئەم هێڵە نیشتمانییانەی وەک سیاسەتێکی نەگـۆڕ و گشتی هێنا ئاراوە و لە ئێستادا ئەوە بووەتە بەشێک لە ڕەوشتی سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کاتێک چاو لە ژیاننامە و لێهاتووییەکانی کاک دوکتور قاسملوو دەکەین، ئەو بەشە دیارەمان دێتە بەرچـاو کە نـاوبراو لە هەر زانستێکدا کە پێوەندی بە پرسی کوردەوە بووە یان پێویست بـووە لەسەری ئاگـایی هەبێ بەجوانی لێی شارەزا بـووە و هەوڵی داوە فێری ببێ؛ بۆ نموونە سیاسەت، ئابووری، زمانەوانی و کار و چالاکی مەیدانی، تەشکیلاتی و سازمانی و هتد. لە ڕاستیدا ئەمەش وایکـردوە کە هەر تـاکێـک و ڕۆڵەیەکـی کـورد ئۆلگـوو و هێمـایەکی باشـی هەبـێ بـۆ خـۆ پێگەیانـدن و سەرکەوتوویی لە ژیاندا و هاوکـات تێکۆشـان لە پێنـاو ئامانجەکـانی میللەتەکەی دا؛ کاتێـک هێنـدێک دوورتـر ڕادەوەستی و سـەیری دیمەنــی ئەو کەســایەتییە گەورە و هەڵکەوتــووە دەکەی، تەنیــا یەک ئەرتەشــی یەک کەسـیت دێــتە بەرچــاو کە بەتەنیایی بەقەرا قەندیل بوێر و بەهیمەت و بەلیمەت بووە!

لە ئێستادا کە پێ دەخەینە تـاڵیادی ٣٥مین ساڵوەگەری تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیـانی کە لەسـەر مێزی وتـووێژ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، گیانی خۆیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کرد، پرسیارێک فکر و دڵ و دەروونـی هەر تـاکێکی کورد بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە و وەک خۆرە بەر بـۆتە گیـانی؛ ڤییەن کەنگێ دەیهەوێ ڕۆحـی برینـداری میللەتـی کورد بە لەبەرچاوگرتنی یاسا بۆ ئیجرای عەداڵەت لە هەمبەر تێرۆری کـاک دوکتـور قاسملوو و هاوڕێیـانی، تیمـار بکـات و پەڵەی سەرشۆڕی لەسەر لەشی دێموکراسی وەڵاتی خۆی خاوێن بکـاتەوە و لابەرێ؟ چوونکە ڕوح و کەرامەتـی کوردان لەم تـاڵیـادەدا دوو جار ڕووشا و خەوشدار کرا؛ جاری یەکەم بە تێـرۆری سەرکردە و ڕێبەرانـی و، جـاری دووهەم بە گوێنەدان بە وانەکـانی دێموکراسی بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری عەداڵەت لەلایەن ڤییەنەوە!

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## ٢٥ی گەلاوێژ، نوێنگەی دامەزرانی کوردایەتیی سەردەمیانە




بیری کوردایەتی و ئەزموونەکانی بەر لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی، بوونە هەوێنی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف. ئامانج لەویش تێکۆشان و چالاکی نوێی کورد لەمەڕ لادانی تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێی وەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەییەکان کە مەبەستی سەرەکی، سڕینەوەی ستەم و زۆرداری داگیرکەرانی ناوچەیی (ڕاستەوخۆ) و نێودەوڵەتیی (ناڕاستەوخۆ ) بوو لە هەمبەر نەتەوەی خاوەن مێژوو، دەسەڵات و پێناسەی تایبەت بەخۆی.

کۆمەڵەی ژێکاف بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و تێکۆشانی دەیان بزاڤ و سەرکردەی کورد، دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕاپەرینە مەزنەکانی ئەو نەتەوەیە و ئەزموونی کار و چالاکی کادر و تێکۆشەرەکانی، دەستی بە خەبات کرد و هەنگاونانەوە لەمەڕ پرسی نەتەوەیی، بۆ زیاتر کاراکردنی فکر و ویستەکانی، زیاتر بەشداریکردنی خەڵکانی کورد، بەجەماوەریکردنی پرسی نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە ستراکتۆری ڕێکخراوەییدا، (بە ئامادەبوون و پێوەستبوونی پێشەوا قازی محەممەد) بووە بەستێنی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی.
ئەگەر بەسەر مێژوو و بەسەرهاتەکانی ئەوکات و جەوی زاڵ بەسەر چارەنووسی گەلی کورد لەو سەردەمدا، باز بدەین و ئاوڕێکی زانستییانە و سەردەمیانە لەو ڕۆژە مەزنە بدەینەوە، دەبێ ٢٥ی گەلاوێژ نەک هەر وەک ڕۆژی دامەزرانی حیزبێکی تەمەن ٨٠ ساڵ، بەڵکوو وەک خاڵێکی گرینگی وەرچەرخانی مێژوویی سەیری بکەین کە لەو ڕۆژەوە مێژووی تێکۆشانی کورد بە بەر لە ئەو ڕۆژە و لەدوای ئەو ڕۆژە دابەش دەکرێن.

٢٥ی گەلاوێژ بەر لەوەی ڕۆژی دامەزران و لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات بێ، ڕۆژی قۆناغی گواستنەوەی ئاڵوگۆڕێکی بەربەرین و بەرفراوانە لە جۆرێ تێڕوانین، تێکۆشان و تیئۆریزەکردنی بیری کوردایەتی؛ هەروەها داڕشتنەوەیەکی نوێیە لە دێپارتمانی هزری کوردانە بۆ هەموو کوردێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی واقیعە داسەپاوەکانی ڕابردوو. چوونکی لەدوای ئەو ڕۆژەوە ڕووداو، قۆناغ و دەرفەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو نەتەوەیە دێنە پێش، و هەر کامیان خۆی دەبێتە سەکۆ و بەستێنێک بۆ ڕووداو و دەرفەتەکانی لەدوای خۆی. هەر بەوپێیە دوور لە ڕاستی نیە ئەگەر بڵێین کە ٢٥ی گەلاوێژ ئیلهامبەخشی هەموو بزاڤ، سەرهەڵدان و خەبات و تێکۆشانەکانی لەدوای خۆی بووە، هەر وەک بزاڤی خۆیبوون، هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف، هەوێنی ئیلهام و بەشێک لە پاشخانی هزری و گەنجینەی ٢٥ی گەلاوێژ بوون؛ لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە بۆتە تێکهەڵکێشێک لە هەموو بیروبۆچوونە جیاواز و جۆراوجۆری تێکۆشانەکانی گەلی کورد کە لەژێر ساباتی فکرێکی یەکگرتوو، ڕێکخراوێکی زیندوو و بەستێنێکی گشتگیر، بوو بە کاتالیزۆری بیری کوردایەتی لە هەر گۆشە و کەناری ئەو خاکە داگیرکراوە.

## حیزبی دێموکرات وەک بەستێنسازی دامەزرانی کۆماری کوردستان

پرسیار ئەوەیە ئایا بە بێ دامەزرانی حیزبی دێموکرات، دەرفەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەڕەخسا؟ بەچاولێکردن لە زۆربەی دامەزراوە سەرکەوتووەکانی دەسەڵاتداری کە خۆی لە سیستەمێکی بەڕێوەبەری گونجاودا دەبینێتەوە، بەر لە دامەزرانی دامودەزگای حکوومەتی، ڕاهاتن و ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی ئووسولی کە بەپرەنسیپێکی واقعبینانە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری زاڵ بەسەر خەڵک و کۆمەڵانی خەڵک بەشێکی پێویست و زەووره بۆ شان وەبەر کاری قورس و ئەستەمتر دان وەک سیستەمی دەسەڵاتداری و دەوڵەتی. هەروەها ڕێکخراو و کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سەرچاوەی مرۆیی، هزری و پراکتیکی چینەکانی کۆمەڵگە و هەڵقوڵانی ویست و خواستی قووڵایی ناخی بەکۆمەڵی خەڵکانی نەتەوە یان خەڵکانێک کە خاڵی هاوبەشی جۆراوجۆریان زیاتر لە ڕادەی پێویست هەیە.

بۆ دامەزرانی یان دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە نوێنگە و نوێنەری ویست و سۆزی خەڵک بێ، ئەوە ڕێکخراوەیە کە دەتوانێ هەست و سۆز و هەروەها ویست و داخوازی خەڵک، تیئۆریزە و پراکتیزە بکا و بەستێنی خووڵقانی بخاتە بەردەست یان هەوڵی بەردەستبوونی بدا. بەتایبەتی ئەگەر بەشێوەی لۆکاڵی چاو لەو سەردەمە و دۆخی خەڵکی کورد لەو کاتەدا بکەین، بەهۆی جەوی زاڵی ئەمنی، هەژاریی بەئانقەست و پەرتەوازەیی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەبواری فکری، ڕادەی تێگەیشتن و ئاستی ویست و داخوازییەکانیان، ڕێکخستنی خەڵک بۆ خوڵقان یان خوڵقاندنی بەستێنێکی لەبار لەمەڕ دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداری، پێویستیی بێ ئەملاوئەملا بە داڕشتنەوە و بونیادنانی ڕێکخراوەیەکی

خەڵکی و بەهێز بووە.

بۆیە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژ هەتا دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەنیا چەند رۆژ پتر لە پێنج مانگی خایاندووە، ئەوەش ئاشکراکردنی ئەو پەیامەیە کە گەلی کورد، خاوەن ئەزموون و ڕابردوویە لە تێکۆشان و خەباتدا و لەلایەکیشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک لەو سەردەمەدا لەو بارەوە ئامادەیی زێهنی تەواویان هەبووە و خاڵی گرینگتر لەو دووەش، ئەوەیە کە دامەزرانی ڕێکخراو و حیزبێکی وەها، لەلایەن خەڵکەوە خوازراو بووە؛ تەنیا نیازی پێویست، بوونی ئەندازیارێک بووە هەتا ئەو کەرەستانە کە هێندێک جار پەرتەوازەیی یان جۆری خۆجەییان پێوە دیار بووە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بەڕۆژ ڕێک و وێک بخا و دێپارتمانێکی نوێیان بۆ دابمەزرێنێ.

ڕاستە کەشوهەوای زاڵ بەسەر ئەوکاتی ئێران و ناوچەکە و جیهانیش جیاواز و لەکاتی شەڕدا بووە، وە دەرفەتی کار و تێکۆشان و چالاکی بە زۆر نەتەوە بەخشیوە. بەڵام هیچ نەتەوەیەک بەدی ناکرێ کە لە دۆخی سیاسی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی ئابووری گەلی کورددا بێ و بتوانێ لە ماوەیەکی کەم و بەشێوەیەکی گونجاو و سەردەمیانە دەست بکا بە دامەزراندنی ڕێکخراو و خۆڕێکخستن و دامەزراندنی دەوڵەت و حکومەت و بەڕێوەبردنیشی بەمجۆرە و لەو ئاستە باشەدا؛ ئەوە تەنیا لە کاتێکدا دەکرێ کە بەڕێوەبەران و ڕێبەرانی سەردەمەکە زۆر وشیار و لێزان بن و ئەوانەش هەمووی لەسەر ویست و خواستی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک بن.

### پێویستیی دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک وێستگەیەکی کورتماوە

کۆمەڵەی ژێکاف بۆ وەڵامدەربوونەوەی ڕەوتی سیاسیی تێکۆشانی تێکۆشەرانی کورد جێی خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ حیزبیش وەک پێشنیاز و بەستێنێک، هەلی وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردی ڕەخساند و کۆماری کوردستان بوو بە نوێنگەی ویست و خواستی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو. بەشداری تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. هەرچەند بەهۆی بارودۆخی ژیان و ئامرازی هاتوچۆ و دەیان هۆکاری تر، بەشداری لە ئاستێکی بەرفراواندا نەبووە بەڵام ئامادەبوونی کەسانی دیار و بەرچاو لە ڕەوتەدا، تەنیا بەو مانایەیە کە کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو کوردان و ویستی هەر تاکێکی کوردی تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێست بووە.

**لەو پرۆسەیەدا ناوی دەسەڵات، ستراکتۆری دەسەڵات و هێماکانی دەسەڵات یەک لەدوای یەک خووڵقێندران یان لە حاڵەتی سوونەتییەوە بۆ شیوازی بەڕۆژ و بەسیستەمکراو گۆڕدران، هەر وەک:**

- دیاریکردنی سنووری حکوومەت بە دوو شێوەی واقعی و حقیقی

- دیاریکردنی ئاڵا وەک هێمای خاک، نەتەوە و وڵات
- دیاریکردنی هێزی چەکدار و ناودێرکردنیان بۆ جیاکردنەوەیان لە هێزە چەکدارەکانی نێوخۆی ئێران، ناوچە و جیهان
- دیاریکردنی سروودی نەتەوەیی
- دیاریکردنی ویست و خواستەکانی دەسەڵات لەمەڕ وەڵامدەربوونەوە بۆ نیاز و ویستی خەڵک، لە حکومەتدارییەوە بۆ بەڕێوەبەریی و بەخەڵکیکردن و چەسپاندنی دێموکراسی
- ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە شێواز و جۆری تێکۆشان لە ئاستی ڕادەیی و ڕێژەیی هەروەها چۆنیەتیی و چەندایەتی بۆ وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد
- بەرفراوانکردنەوەی بیری کوردایەتی بەشێوەی زێهنی و پراکتیکی.
- پێناسەی نوێ لە گەلی کورد بە خۆدیتنەوەی هەموو کوردێک لەو بازنەیەدا
- گۆڕینی وەرگرتنی ئیمتیاز یان دانوستان لە عەشیرەیی و ناوچەیی بۆ سەپاندنی ماف و ویستی گەلی کورد بەشێوەی سەرانسەری لەسەر بنەماکانی ستانداردی جیهانی و نێودەوڵەتی و دەیان خاڵی هاوچەشن و بەهێزی تر.

## ئیلهامدەریی ٢٥ی گەلاوێژ و میراتی کوردستان وەک بناغەی کوردایەتی

لەدوای هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشان لەمەڕ پرسی کورد و لێدرانی چەخماخەی چەسپاندنی ئیرادەی گەل لە ٢٥ی گەلاوێژ و لێکەوتە و دەرکەوتەکانی دوای ئەو کاتە مێژووییە، بەڕوونی دەبیندرێ کە ئەو ڕۆژە جیا لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا بووە هۆی جۆرێک بەخۆداچوونەوە، دارشتنەوە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە جۆری ڕەهەندی خەبات و کوردایەتی.

دەسکەوتەکانی ٢٥ی گەلاوێژ کە لووتکەی هەڵوێستی گەلی کوردە لە دۆخی هەستیاری ناوچەیی و جیهانیدا، بووە وێستگە و بەستێنی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، درێژەدانی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵات لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات بە مانەوە لە باشووری کوردستان، پتەو و بەهێزتربوونی ڕۆحی هاوکاری لەنێوان کوردەکان بەتایبەت لە بەشە دابەشکراوەکانی تری کوردستان، زاڵبوونی هەژموونی نەتەوەیی بەسەر ویستی لۆکاڵی، عەشیرەیی و بنەماڵەیی، ئامادەیی زێهنی و واقعی بۆ خۆسازدان لەمەڕ دامەزراندنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بە بوونی جوگرافیای تا ڕادەیەک ڕوون و دیاریکراو و هەروەها هێماکانی نەتەوەیی وەک گەلانی تر، چەسپاندنی بیری دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ وڵاتی سەربەخۆ و گواستنەوەی ویست و خواستەکانی گەلی کورد بۆ قۆناغێکی تر لە خەبات و تێکۆشان؛ دیاریکردنی ماف و ویستەکانی گەلی کورد وەک نەتەوە بەپێی ستانداردەکانی نێودەوڵەتی و دانپێدانراوی جیهانی، پەروردەبوون و دەرکەوتن و ڕاهێنانی تێکۆشەرانی بەوەج و کارامە و خۆنەویست لەمەڕ پرسی نەتەوەیی، و لە


سەرچاوە
Serchawe

هەموویان گرینگتر کۆکەرەوەی گەلی کورد لەمەڕ یەک ویستی ڕوون و ئاشکرا کە وێستگەی کۆماری کوردستان خولقێنەری ئەو یەکگرتوویی و یەکدەنگییە و پێویستیی ئەو دووە وەک ئامرازێکی دیار و بەرچاو بووە.

لە ۸۰ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ولە ۲۵ی گەلاوێژدا و لەدوای گەنجینەیەک لە دەسکەوت و تێپەڕاندنی قۆناغی قورس و هەوراز و نشێوی ڕێی خەبات، ئەوەی بەڕوونی دیار و ئاشکرایە و دەبێ دانی پێ دابنرێ، ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات و هەموو لایەنەکان و ڕێکخراوەکانی تر، دەبێ خۆیان بۆ قۆناغەکانی تر ئامادە بکەن و بەستێن بۆ وەدیهاتنی ڕێژەیی ویست و ئامانجەکانی نەتەوەیی گەلەکەمان بڕەخسێنن؛ هەتا ئەمانەتی ۲۵ی گەلاوێژ و ویستی ڕاستەقینەی گەلی کورد بێتە دی.

۱۹ی خەرمانانی ۲۷۲۵

## بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی و میکانیزمی ماشە



بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسە ئەمنیەتییە نێودەوڵەتییەکانی دوو دەیەی ڕابردووە. ئەم بەرنامەیە تەنیا لە لایەنی تەکنیکی پیتاندنی یۆرانیۆمدا سنووردار نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە کێبڕکێی ژئۆپۆلەتیکی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی زلهێزەکانی جیهان و ململانێی ناوچەیی و پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە. ئێستا بە چالاککردنی "میکانیزمی سنەپ بەک" لە لایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە، پەروەندەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیارترەوە، کە دەرئەنجامەکانی کاریگەری لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووریی جیهانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەبێ. بەرنامەی ناوکیی تاران لە یەک کاتدا بە پرۆژەیەکی پیشەسازی و ئامرازێکی دیپلۆماسی و هێمای دەسەڵاتی نەتەوەیی دادەنرێ. گەڕانەوەی سزاکان یان چالاککردنی میکانیزمی سنەپ بەک نەک هەر گوشاری ئابووری دروست دەکا، بەڵکوو توانای تاران بۆ ڕێگریکردن و دانوستان لە ئاستی ناوچەییدا دەکاتە ئامانج. ئەم گوشارانە دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان کوتلە ناوخۆییەکان دروست بکەن: فراکسیۆنی توندڕەو کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی و بەرخۆدان دەکاتەوە، کوتلەی میانڕەو جەخت لەسەر سەقامگیری ئابووری و دیپلۆماسی دەکاتەوە؛ یان دەتوانن ببنە هۆی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری فراوانتر لە هەردوو ڕەهەندی چەندایەتی و چۆنایەتیدا.

### ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و پەرەسەندنی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران

ڕەوتی بەرنامەی ناوکیی ئێران لە دەیەی سیی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد، کاتێک ڕژێمی پەهلەوی بە پرۆژەی

"ئەتۆمەکان بۆ ئاشتی" هاوکاری ئەمریکای کرد. ڕیاکتۆری توێژینەوەی تاران لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوییەوە کەوتە کار و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرنامەی گەورەتر بۆ وێستگە ناوکییەکان داڕێژرا، لەوانە پرۆژەی وێستگەی کارەبای بوشێهر بە بەشداری ئەڵمان بوو. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، زۆرێک لە پرۆژە ناوکییەکان ڕاگیران و سەرچاوەکانی وڵات بۆ کاروباری بەرگری تەرخان کران.

لە دەیەی هەشتای هەتاویدا، وردە وردە ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردنی چالاکییە ناوکییەکان بە تایبەتی پرۆژە ژێرزەمینییەکان و هاوکاری لەگەڵ چین و ڕووسیا و پاکستان دەستی پێ کرد. پرۆژەی ئاماد (آماد) کە بەرنامەی ئەندازیاری چەکی ناوکیی پەیڕەو دەکرد بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕەتکرایەوە. ئاشکراکردنی ئیمکاناتی نەتەنز و ئەراک لە لایەن سازمانی موجاهدینی خەڵقەوە لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بووە هۆی گوشاری نێودەوڵەتی و دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی کۆماری ئیسلامی ئێران هەندێک چالاکی ڕاگرت و پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی واژۆ کرد، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد لە ساڵی ١٣٨٤، پیتاندنی یۆرانیۆم دەستی پێکردەوە.

دوابەدوای فراوانبوونی پیتاندن و چالاکییەکانی ڕیاکتۆری ئاوی قورسی ئەراک و دامەزراندنی سایتی فۆردۆ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بڕیارێکی گەمارۆی وەک سزای دەرکرد. هێرشی ئەلەکترۆنی ستۆکسنێت لە ساڵی ١٣٨٩دا دەریخست کە بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە ئامانجێکی پیشەسازی بووەتە میحوەرێکی کێبەرکێی ئەمنی و ستراتیژیکی نێودەوڵەتی.

ڕێککەوتننامەی ناوزەدکراو بە بەرجام لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویدا سنووردارکردنی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دیاری کرد و لە بەرامبەردا سزاکان هەڵگیران. جێبەجێکردنی بەرجام لەلایەن ئاژانسەوە هەتا ساڵی ١٣٩٦ بە ڕاپۆرتی ئەرێنی پشتڕاست کرایەوە. بەڵام کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە و گەڕانەوەی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە، بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆت و بەندەکان پێشێل بکات و یەدەگی یۆرانیۆم و چالاکیی سانتریفیوژەکان زیاد بکات.

## میکانیزمی سنەپ بەک

میکانیزمی سنەپ بەک ئامرازێکە کە بە پشتبەستن بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕێگە بە سەپاندنەوەی خێرای سزاکان دەدات. ئەم میکانیزمە بەبێ پێویستی بە دەنگی ئەنجوومەنی ئاسایش چالاک دەکرێ و تەنیا هەتا ٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی دەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە ٦ی ڕەزبەری ئەوساڵدا، وڵاتانی ئەورووپایی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئاڵمان) لە کاردانەوە بە پێشێلکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێسای بەرجام، میکانیزمی سنەپ بەکیان بۆ سەپاندنەوەی سزاکان چالاک کرد.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕوانگەی سیاسییەوە، میکانیزمی سنەپ بەک تەنها ئامرازێکی یاسایی نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ فشاری خێرا و ستراتیژییانە. ئەم ڕێوشوێنە دەتوانێ کاریگەری دەروونی بەهێزی لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێ و کوتلە ناوخۆییەکان یەکبخات یان ببێتە هۆی پێکدادانیان. لە هەمان کاتدا ڕووسیا و چین دژی چالاککردنی سنەپ بەکن و بە ئامرازێکی تاکلایەنەی دەزانن کە دەتوانێ کاردانەوەی توندی تارانی لێ بکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە بەستێنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ژێر گوشارە سیاسی، ئابووری، بەڕێوەبەری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگبێ هەرکات بگاتە خاڵی تەقینەوە و تەنانەت زیاتر لە پێشووش ئاگری تووڕەیی سەرتاسەری هەڵبگیرسێنێ.

ڕژیمی تاران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا سیاسەتی ناوچەیی خۆی لەسەر سێ میحوەر دامەزراندووە: قووڵایی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەکردنی تاقم و گرووپی تیرۆریستی و توندڕەوەکان و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و سەربازی بۆیان، بردنەسەری توانایی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ زیادکردنی مەودای مەترسییە شاراوەکان و فراوانکردنی بازنەی شەڕی دەروونی، و هەروەها بەرنامەی ناوکی وەک ئامرازێکی موزایەدە و زیادکردنی زۆرترین گوشار. کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە کە بەرنامەی ناوکی دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا، و تاران لە ناوچەکە بەهێزتر لە جاران و دەرفەتی دەستێوەردان و خۆسەپێنی بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

ئەمە لە کاتێکدایە کە کێبڕکێی نێوان زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان لە جاران ئاڵۆزتر بووە : ئورووپا بە شێوەیەکی کارا و چالاک بە دوای دانوستان و سنووردارکردنی ڕژیمی ئێرانە ، بەڵام ئەمریکا زۆرترین گوشاری ئابووری و سیاسی دەخاتە سەر، و لەولاوە ڕووسیا و چین هەوڵ دەدەن نفوزی ئابووری و ژێئۆپۆلەتیکی خۆیان بپارێزن و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی فارسیش هەوڵ دەدەن کە ڕێژیم بەتەواوی سنووردار و کۆنترۆڵ بکرێ.

لەناو خوودی ڕژیمدا، لایەنە توندڕەوەکان لە ڕێگەی گوشاری دەرەکی و جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی ناوکی و هاژەکی، لە هەوڵی زیاترکردنی شەرعیەتی خۆیان دان و پێیان وایە تەنیا هێزی ناوکی و مووشەکیی بەرچاو دەتوانێ ڕێگری (بازدارندگی) و مانەوەی سیاسی دابین بکا. لەکاتێکدا کوتلە میانڕەوەکان لە هەوڵی کەمکردنەوەی گوشارە ئابورییەکان و دروستکردنی کەشێکی دانوستان و گفتوگۆ دان. ئەو ململانێ ناوخۆییانە، جیا لە تووڕەیی جەماوەری و خۆڵەمێشی کوژاوەی ناڕەزایەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر داهاتووی دیپلۆماسی ناوکی و سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم هەبووە.

## کاریگەرییە بازرگانی و ئابوورییەکان

گەڕانەوەی گەمارۆکان کاریگەری بەربڵاوی لەسەر ئابووریی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە؛ هەناردەکردنی نەوت کەم دەبێتەوە

و بازاڕەکانی ئاسیا سنووردار دەبن، ئەوەش ڕەنگە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی نەوت، کە بێگومان بە گوشاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپا بۆ سەر وڵاتانی تری بەرهەمهێنەری نەوت، کۆنترۆڵکردنی بازاڕ بەدوور لە چاوەڕوانی و قورس نییە. لە لایەکی دیکەوە دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی بانکی جیهانی بۆ دەسەڵاتی تاران سنووردار بووە و تێچووی مامەڵە داراییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکا. پیشەسازییەکانی پترۆکیمیایی، بەرهەمە نەوتییەکان، پۆڵا و تەکنەلۆژییەکان گوشارێکی زۆریان لەسەر دەبێ و وەبەرهێنانی دەرەکیش بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

ئابووریی ناوخۆ بەرەو بازرگانی نافەرمی و هاوکاری لەگەڵ چین و ڕووسیا دەڕوا، بەڵام ئەم بەدیلانە ناتوانن بە تەواوی جێگەی بازاڕە فەرمییەکان بگرنەوە و کاریگەرییەکانی سزاکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە، بەجۆرێک کە لێکەوتەکانی لە ڕای گشتی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بسڕنەوە. هەڵاوسان، بێکاری و کەمبوونەوەی هێزی کڕینی خەڵک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم بارودۆخانە دەبێ و گوشارەکان لەسەر ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام زیاد دەبن.

## لێکەوتەکانی سنەپ بەک

چالاککردنی میکانیزمی سنەپ بەک لێکەوتەی ناوخۆیی جیددی دەبێ. گەمارۆ بەفراوان و هەمەلایەنەکان، دەبێتە هۆی گوشاری ڕاستەوخۆ و لەڕادەبەدری ژیانی ڕۆژانە، وەمەترسیکەوتنی داهاتووی نەوەی نوێ لە هەموو بوارەکانی پێویستیی ژیانی ئەو سەردەمەی؛ هەژاریی لەڕادەبەر، بێکاریی بەردەوام، گرانی زیاتری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی پێداویستییەکانی سەرەتایی بۆ ژیان و دەیان قەیرانگەلی ورد و درشتی تر کە کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار و هەستیار دەبا. بەپێی ڕابردووی پاک و بێگەردی ئەو ڕێژیمەش! پلان و بەرنامەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە قەیرانانە و هەوڵدان بۆ لێ دەربازبوونی، دەست دەکا بە تۆقاندنی خەلک و زاڵکردنی جەوێکی تۆقێنەر لەمەڕ سەرهەڵنەدانەوەی خۆپێشاندان و بزاڤی گشتگیرتر لە ئی سێ ساڵی لەمەوبەر.

لەو دۆخەدا تەنیا قوربانی و دۆڕاوی سەرەکی، گەلانی نیشتەجێبووی ئێرانن و بۆ پێچەوانەکردنەوەی لێکەوتەکانی میکانیزمی سنەپ بەک، تەنیا ڕێگە هەوڵێکی جیددی لەلایەن خەڵکانی هەموو گەلانی ئێرانە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی تاران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن هێزە ڕاستەقینەکانی خەڵک؛ لە هەر حاڵەتێکدا دەرئەنجامەکانی هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم یان مانەوە لە دۆخی پاسیڤیەت و چاوەڕوانی، تەنیا بۆ خوودی خەڵک دەگەڕێتەوە.

دۆسیەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران تێکەڵەیەک لە ڕەچاوکردنی تەکنیکی، سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتییە. چالاکبوونی

میکانیزمی سنەپ بەک، گەمارۆ ئابوورییەکان و گوشاری سیاسی ئەو ڕێژیمەی خستۆتە دۆخێکی سەختەوە. کاردانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاوسەنگی نێوخۆیی فراکسیۆنەکانی، گوشاری ناوچەیی، ڕۆڵی زلهێزەکانی جیهان و ویستی بە کردەوەی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران، ڕێڕەوی داهاتوو دیاری دەکا. هەر بڕیارێک تاران بیدات، کاریگەری قووڵی لەسەر ئاسایش، ئابووری و سەقامگیریی ناوچەکە دەبێ؛

**ئێمە ئێستا لە ساتێکی هێندە چارەنووسسازداین کە ئەم سیناریۆیانەی خوارەوە دەکرێ لەبەرچاو بگرین:**

– **سیناریۆی زۆرترین گوشار:** لەگەڵ گەڕانەوەی گەمارۆکان و شکستی دیپلۆماسی و داخستنی پەنجەرەی دیالۆگ، گوشاری ئابووریی توند دروست دەبێ و ڕەنگە هەڵوێستی کردەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو بەرپەرچدانەوە ئاراستە بێ؛ ئەم ڕێوشوێنانە چۆن و بە چ شێوەیەک دەبن، بەندە بە کات و بارودۆخی ناوخۆیی و تواناکانی ڕژێم و کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئورووپا و لەئێستادا ئیسرائیلیش.


– **سیناریۆی دانوستانی نوێ:** گەمارۆکان هاندەری زیاتر بۆ دانوستانەکان دروست دەکەن و لە کاتێکدا ئەگەری مەرجی توندتر و چاودێری توندتر هەیە، ڕژێم تەسلیمی ئیرادەی زلهێزەکانی جیهان بێ.

– **سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچەیی:** زیادکردنی توانای ناوکی یان کشانەوە لە پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی، ڕەنگە ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەلایەن ئیسرائیل یان هاوپەیمانی ڕۆژئاواییەوە؛ ڕەنگە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەنگاو بنێتە ڕێگەیەکی بێ گەڕانەوە و هەوڵی ئەوە بدات ببێتە وەشانێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆریای باکوور.

– **سیناریۆی سەرهەڵدانەوە بزاڤی ژینا:** لەگەڵ زیاتربوونی تێچووی بژێوی ڕۆژانەی خەڵک، قورستربوونی ژیانی ئاسایی، بەئەمنیەتیکردنی زیاتری ژینگەی خەڵک و بەزاندنی لەڕادەبەدەری سنوورەکانی مرۆڤایەتی لەلایەن ڕێژیمەوە، تووڕەیی نادیاری خەڵک ببێتە هۆی هەڵاییسانی ئاوری کوژاوەی بزاڤی ژینا و گواستنەوەی قۆناغی ئەو بزاڤە بۆ شۆڕش و کۆتاییهاتن بە هەموو نەهامەتییە بەرهەمهێنراوەکانی ویلایەتی فەقی!

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## ویلایەتی فەقیهـ کۆماری ئیسلامی ئێران؛ قەیران لە هەموو ئاستەکاندا



ویلایەتی فەقیهـ، بیرۆکەیەک بوو کە دوای شۆڕشی ٥٧ لە ئێران کرا بە پایەی ناوەندی سیستەمی سیاسی ئێران. ئەم تیئۆرییە شەرعییەتی دەسەڵاتداری خستە دەستی پیاوانی ئایینی و وەلی فەقیهـ و پێکهاتەی سیاسیی ئێرانی گۆڕی بۆ سیستەمێکی ناوەندگەرا، ناڕوون و تاکڕەو بە سنووردارکردنی توندی ئازادییەکانی و پێشێلکردنی بونیاتەکانی مافی مرۆڤ. جگە لە لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، چڕبوونەوەی دەسەڵاتی بێ مشتومڕ بووەتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی بڕیاردانی داخراو و قۆرخکراو کە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی دوور لە ڕاستییەکانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران وەک ئۆمەتێک بە واتا و تاریفێکی نوێ ڕێگری لە گەشەکردنی دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و توانای داهێنانی کۆمەڵایەتی دەکا.

### ڕەوتی مێژوویی و پێکهاتنی ویلایەتی فەقیهـ

ویلایەتی فەقیهـ لە تیئۆرییەکانی خومەینی پێش شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی داڕێژرا و وەک پێنجەمین بنەما و ئەسڵی یاسای بنەڕەتی لەدوای شۆڕش چەسپێنرا. ئەم پێکهاتەیە ڕێگەی بە ڕێژیم دا کە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەسەر بڕیارە سیاسی، سەربازی و ئابوورییە گەورەکاندا هەبێ و هەموو دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانی بەشداربوو، ببن بە بەرهەمهێنەرەوەی دەسەڵات بۆ ڕێژیم. جگە لەوەش قۆرخکاری دەسەڵات ڕێگری لە دروستکردنی کەشێکی ڕەخنەیی تەندروست و ڕۆیشتنی

ئازادانەی زانیاری کردوە و بۆیە ئەگەری چاکسازیی پێکهاتەیی زۆر سنووردار و هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مەحاڵ بووە.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران زیاتر سەرنجی لەسەر پاراستنی هێژموونی و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی ناوخۆی خۆی بێ نەک دەسەڵاتێکی گونجاو و وەڵامدەرەوە، هەر ئەوە بۆتە هۆی کۆنترۆڵ و خۆگرتنی دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان. گرنگیدان بەو ئایدیۆلۆژیایە، بڕیار و پلانە گشتی و درێژخایەنەکانی وڵاتی بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو مانەوەی ڕێژیم و ڕەوتی توندڕەوەکان ئاراستە کردوە، نەک گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی، بەرژەوەندیی نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران، گەشەپێدانی گشتی و ژێرخانە گرینگەکان.

## پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی ویلایەتی فەقیهـ

ویلایەتی فەقیهـ ناوەندی هەموو بڕیارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانە و ڕۆڵی سەرپەرشتیاری بەسەر پەرلەمان، دەوڵەت و دەسەڵاتی دادوەریدا هەیە. جگە لە دەسەڵاتی دەرکردنی بەرپرسە سەرەکییەکان و دیاریکردنی سیاسەتی ئابووریی گەورە و ئاراستەکردنی دامەزراوە سەربازییەکان، دەتوانێ سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی وڵاتەکە دیاری بکا بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان بکا. ئەم پێکهاتە تێکەڵاو و ئاڵۆزە وای کردوە کە سووڕانەوەی هێز لە دەسەڵاتدا مەحاڵ بێ و دامەزراوە مەدەنی و دەوڵەتییەکان تەنیا بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی وەلی فەقی کاربکەن و بە کردەوە وەک باسکی ویستەکانی ڕێبەری ئەو سیستەمە مامەڵە بکەن. لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا،

ئەسڵەکانی ٥، ٥٧، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢ باس لە هەڵبژاردنی وەلی فەقی (ڕێبەری ڕێژیم)، ڕادەی دەسەڵات، ڕێژەی شایستەیی و ئەرکەکانی دەکەن؛ بە وردبوونەوە لەو خاڵانە و تاریفی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ، تەنیا ئەو تاکانە دەچنە بازنەی ئۆمەتەوە کە خۆیان لە بازنەی ئەو فکرییەتەدا ببینەوە و لە بنەڕەتدا میللەت و نەتەوە بابەتێکی تەواو داخراو و بێ واتایە.

## کۆماری ئیسلامی و چڕبوونەوەی دەسەڵات

کۆماری ئیسلامی ئێران بە تێکەڵکردنی دامودەزگا ئایینی و دەوڵەتییەکان، سیستەمێکی بە ڕواڵەت نیمچە جەماوەری و نیمچە فەقیهی دروستکردوە. هەڵبژاردنەکان بە ڕواڵەت ئازادن، بەڵام کاندیدەکان لە لایەن شۆرای نیگابانەوە لە فیلتەر تێدەپەڕێنن، کە وەک چاو و باسکی وەلی فەقی کار دەکەن و پەرلەمان و حکوومەت ڕۆڵێکی تەواو جێبەجێکارانە دەگێڕن. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە بووەتە هۆی قەیرانی لێپرسینەوە و وەڵامدەربوونەوە، قەیرانی شەرعییەت و دابەشبوونێکی قووڵ



سەرچاوە
Serchawe

لە نێوان دەسەڵات و نەتەوەکانن نیشتەجێی ئەو چوارچێوەیە. لە ڕواڵەتی پێکهاتەی نیمچە جەماوەریی ڕێژیم، ڕێئاکتۆرەکانی بەرهەمهێنانی پاوانخوازی خۆیان حەشار داوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە مەبەستی دابینکردنی وزەی پێویست بۆ لەسەرپێ ڕاگرتنی ئەو سیستەمە، زیاتر وەگەڕ دەکەوێ؛ بۆیە سیستەمی ڕێژیم توانای ڕاکێشانی نوخبە سەربەخۆکان و بەرزکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان نیە. کێبڕکێی سیاسیی ڕاستەقینە بەهۆی بایەخدان بە سەقامگیریی ڕواڵەتی، کراوەتە قوربانیی نرخی بەشداریکردن و ئازادی ڕاستەقینە.

چڕبوونەوەی دەسەڵات لەم سیستەمەدا بە ڕادەیەک بەرز بۆتەوە کە وەلی فەقی یان ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە سەرووی یاسای بنەڕەتی، یاسا ئاساییی و عورفییەکانی وڵات هەڵسوکەوت بکا و لەهەر بەشێکی سیستەمی سیاسی - ئیداری، سەربازی-ئەمنییەتی و ڕێبازە دەرەکییەکانی وەک دیپلۆماسی و کارلێکی نێودەوڵەتییەکان، تەنیا بە یەک بڕیار لەژێر ناوی بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی بەشێک یا هەمووی ستراتیژییە گەورە و هەستیارەکان بپارێزێ یان هەڵبۆوەشێنێتەوە. لە بەرانبەریشدا هیچ دامەزراوەیەکی فەرمیی دەوڵەتی یان ناحکوومی، شەرعییەتی داواکردنی ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە یان پرسیارکردنی نیە؛ بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی، سەرکردەی سیستەمێکی لەو جۆرە دەخاتە دۆخی دەسەڵاتێکی بێسنوور بە بێ لێپرسینەوە. داکۆکیکارانی مافێکی وەها بۆ وەلی فەقی، بەرگرییەکانیان بەپێی مادەکانی ٥٧ و ١١٠ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانن و ئەم دوو ئەسڵە بە سەرچاوە و وەرگیراوەکانی بڕیاری حکوومەتی پێناسە دەکەن. وە لە هێندێک حاڵەتدا یاسای بنەڕەتی، دامودەزگاکانی دەوڵەتی و هەموو سەرچاوەکان وەک خزمەتکار و جێبەجێکەری ویست و خواستەکانی وەلی فەقی دەژمێرن و بە ئاشکرا یاسا بە ژێردەستەی وەلی فەقیهـ و ڕێبەری ڕێژیم ناو دەبەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە یاسای بنەڕەتی دەبێ بەتەواوی ڕوون و بە بێ هیچ جێی پرسیار یان پێویست بە شیکردنەوەی بێ و لەو دوو ئەسڵەدا (هەرچەندە بە تەواوی دژایەتیی لەگەڵ پێوەرە مرۆیی، مافەکانی مرۆڤ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی هەیە) هیچ مەبەستێکی ڕاستەوخۆی یاسایی لێ دەرناکەوێ کە ڕێگە بە یاساییبوونی بڕیاری حکوومەتی درابێ.

بەڵام بەشێک لە داکۆکیکاران و لایەنگرانی ڕێژیم بۆ یاسای "بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی" پەنا بۆ قسەیەکی خومەینی دەبەن کە دەڵێ: هەموو دەسەڵاتەکانی ویلایەتی ڕەهای فەقی لەم یاسایەدا نەهاتووە. لە ڕاستیدا ئەو لێدوانەی خومەینی کە یەکەمین وەلی فەقی و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بوو، لە یاسای بنەڕەتی تێدەپەڕێ و بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی دەبێتە فەرمانێکی ویلایی و ئیجباری؛ بە واتایەکی تر تەنیا ئەو قسەیەی خومەینی بوو بە تەنیا پێوەری ڕەوایی بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی و ئەوەش هەمان پاوانخوازی تەواوی پاشاکانی سەردەمی کۆنە کە خۆیان بە نوێنەر و سێبەری خودا زانیوە.

## ویلایەتی فەقیھ و دەرئەنجامە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی

**چڕبوونەوەی دەسەڵات دەرئەنجامی چەند چینەی هەیە:** سەرکوتی سیاسی، سنووردارکردنی ئازادییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەڵاواردنی ئایدئۆلۆژی. جگە لەوەش نارازیبوونی گشتی و دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بێمتمانەیی نێوان خەڵک و ڕێژیم گەیشتووەتە لوتکە. هەروەها فشارە دەروونییەکان کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی بەردەوام و زیادبوونی بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکانەوە سەرهەڵدەدات، جیا لە دابەزین و کەمبوونەوەی دەستپێشخەریی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، سنووردداربوونی لەڕادەبەدەری چالاکییە مەدەنی و کولتوورییەکانیش بەهۆی دانانی بەربەستی مرۆیی و دەستکرد، بوونە هۆی نەخۆشییە دەروونییە بەکۆمەڵەکانی وەک خەمۆکی، بێهیوایی، پاسیڤییەت و قەیرانی شوناس. لە ئێستادا، کۆمەڵگە لەژێر ئەو گوشارانەدا، توانای بەرخۆدانی بنیاتنەر و کارایی کۆمەڵایەتی لەدەستداوە و بێمتمانەیی بەربڵاو بووەتە پەتا؛ بەشێوەیەک کە نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو جوگرافیایە لە حاڵەتی چاوەڕوانی بەر لە هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕی گەورە و بنچینەیی دان، ئاڵوگۆڕێک کە دیار نیە کەنگێ و چۆن پێداویستییە وەپشتگوێخراو و سەرکوتکراوەکان و قەیرانە کەڵەکەبووەکان دەکاتە ئاوردووی ئاوری ڕق و تووڕەیی و ناڕەزایەتی داهاتوو.

## ویلایەتی فەقیھ لە ئاوێنەی سیاسەتی دەرەوەدا

ویلایەتی فەقیھ کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا هەیە و بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئامانجی ئایدئۆلۆژی و ڕێگریکردن لە قاڵب دەدرێن. بەکارهێنانی بەرنامەی ناوەکی و هاژەکی، دەستێوەردانی ناوچەیی کە هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ئەو ناوچانە، پشتیوانی لە دامەزراوە تیرۆریستییەکان بۆ پێکانی ئامانجی وەک سپیکردنەوەی پارە و... هتد، بووەتە هۆی گۆشەگیری نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەمان سناپ بەک. ئەم سیاسەتانە بازنەی مانۆڕی دیپلۆماسییان سنووردار کردوە و توانای ئێرانی بۆ پەیوەندیی بنیاتنەر لەگەڵ جیهانی کەم کردوەتەوە. هاوکات تێچووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهۆی گۆشەگیری، لەگەڵ گەندەڵیی بە سیستەمکراو، گوشاری ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر ژیانی ئەو خەڵکەی لەو جوگرافیایەدا دەژین و توانای ڕێژیمی بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کەمکردۆتەوە؛ بەجۆرێک کە زۆرێک لە لاوازییەکانی نەک لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە، بەڵکوو دەرئەنجامی بێتوانایی و ناکارامەیی ئەو ڕێژیمەیە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## وەلیی فەقیھ لە چوارچێوەی ئابووریدا

ئابووریی گەورە لەژێر کۆنترۆڵ و دەستی دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان دایە و زۆربەی سەرچاوە داراییەکان بۆ پرۆژەی

سەربازی و ناوەکی خەرج دەکرێن، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و گەندەڵیی بەربڵاو، هەڵاوسان و بێکاری. جگە لەوەش چڕبوونەوەی ئابووری، داهێنان و کێبڕکێی لە کەرتی تایبەتدا سنووردار کردوە و بەرهەمهێنانی ئابووریی گەورەی کەمکردۆتەوە. گوشارە نێودەوڵەتییەکان و ناکارامەیی بەڕێوەبەری بۆتە هۆی زیادبوونی کەلێنی داهات و کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک، ئەمەش تەنیا یەکێکە لە هۆکارەکانی ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەم سیستەمە بە چڕبوونەوەی دەسەڵات، سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی، چەقبەستوویی ئابووری و سنووردارکردنی چالاکییە کولتووری و مەدەنییەکان و گوشارە دەروونییەکانی، سیستەمێکی دروستکەری قەیرانی پێکهێناوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە هەبووە و ڕێگری لە گەشەسەندنی بەردەوامی کردوە. چاکسازییە بچووکەکان ناتوانن قەیرانە پێکهاتەییەکان چارەسەر بکەن و گۆڕانکاری ڕاستەقینە، پێویستی بە داڕشتنەوەی بنەڕەتی دامەزراوەکان و ناناوەندگەرایی دەسەڵات هەیە، کە بە بوونی لیڤەری ویلایەتی ڕەهای فەقیە. ئەنجامی ئەو کارانە و لەبەرچاوگرتنیان بە کردەوە مەحاڵ دەنوێنێ.

## ویلایەتی فەقیە لە کارلێککردن لەگەڵ کولتووردا

ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقی لە ڕێگەی شۆڕشی فەرهەنگ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و نەریتییەکان، هەوڵیدا کەلتوور لە ئاستی گەورە و بچووکدا پێناسە بکاتەوە و کولتووری دینامیکی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بشێوێنێ؛ لەم ڕێیەدا نەک هەر بە سانسۆر، کۆنترۆڵی توند و دیاریکردنی سنوورە دیاریکراو و داخراوەکان هەموو لایەنەکانی گەمارۆ دا، بەڵکوو هەوڵی دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ژنان و گەنجانیشی دا. بە ناوی بەها ئیسلامییەکانەوە سنوور و چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنێتی جلوبەرگ و تەنانەت ئارەزووەکانیشی دیاری کرد و چوونەدەر و هەڵاتن لە ئەو بازنەیەی بە پێشێلکردنی کەرامەت، گەندەڵی و هێندێک جاریش لادان لە ئایینی زانیوە و زیاتر لە ٤ دەیەیە بووەتە هۆی گەورەترین فشاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لەسەر ژنان، پیاوان و نەوە جیاوازەکان؛ لە ڕاستیدا تاکە کولتوری قبوڵکراو و ڕەوا، کولتوری ئیسلامیی ویلایەتی فەقیە و هیچی تر.

## کۆتا قسە

ویلایەت فەقیە وەک ناوەندی بڕیاردانی ڕەها، هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی، دادوەری و سەربازی کۆنترۆڵ دەکا. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە بووەتە هۆی پێشێلکردنی بەدووپاتکراو و سیستەماتیکی دێموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕین، بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی کێبڕکێی سیاسیی ڕاستەقینە؛ ئەم جۆرە ڕێژیمانە بە شێوەیەکی کردەیی توانای

ولامدەربوونەوەیان لاواز و ناتەواوە و لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان بە دروستکردنی قەیران، هەوڵی ئاسایی نیشاندانی کێشەکان و خۆدزینەوە لە بەرانبەر پرسەکان دەدەن.

بەردەوامی چڕبوونەوەی دەسەڵات گوشارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری زیاتر کردوە و قەیرانی شەرعییەتی سیاسیی ئەو ڕێژیمەی گەیاندووەتە لوتکە. گوشارە ئابوورییەکان و سەرکوتە بەردەوامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وای کردوە، نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران زیاتر ئامادەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە مەدەنییە بەربڵاوەکان بن؛ هەروەها سزاکان و گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی، دەرفەتی چاکسازییان بە ڕادەیەکی بەرچاو سنووردار کردوە و نارەزایی ناوخۆییان زیاتر لە جاران کردوە. لە ئاکامدا تەنیا گۆڕانکاریی پێکهاتەیی، وەک کەمکردنەوەی چڕبوونەوەی دەسەڵات، چاکسازیی بەرفراوانی یاسای بنەڕەتی بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پرسە ناوخۆییەکان، گۆڕانکاریی لە ڕێبازی ئایدئۆلۆژی بۆ ڕێبازێک کە هاوتەریب بێ لەگەڵ داواکاریی گەلانی نیشتەجێی ئێران، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەتوانێ ڕووناکاییەکی کزی باشتربوونی ئەو دۆخەی ئێستا بخاتە بەر ئاسۆی دیدی کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام بەداخەوە بە سەرنجدان بە مێژووی حوکمڕانی و ڕەفتارەکانی سیستەمی ئێستا، مەحاڵە لەژێر ناوی ویلایەتی ڕەهای فەقیدا، گۆڕانکاریی پێکهاتەیی لە ڕێکخستنێکی لەو شێوەیەدا بکرێ؛ مێژوو دەریخستووە ئەو سیستەمانەی کە هیچ دوودڵییەکیان نیە لە پشتگوێخستنی ئەم جۆرە پرسانە، ناتوانن لە دارمان و ڕووخان ڕزگاریان بێ.

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## ئابووریی ئەشکەنجە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



ئەشکەنجەدان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ سەرکوتکردن و تۆقاندنی کۆمەڵگەی ژێردەستە، هەندێکجار ئەم دامەزراوەیە وەک کارگەیەکی بازرگانی و هێڵی بودجە دەردەکەوێت؛ بە واتایەکی تر لە زۆربەی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا ئەشکەنجە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بێدەنگکردنی دەنگی نەیاران و سەرکوتکردنی هاووڵاتیان، بەڵکوو پێکهاتەیەکی گەورەی ئابوورییە کە دەیان دامەزراوە و سەدان کۆمپانیا و هەزاران بەرپرس و مەئموور کەڵکاژۆی ماددیی لێ وەردەگرن و لەو ڕێگەیەوە داهاتیان دەست دەکەوێت.

ئەم پێکهاتە ئابوورییە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڕاپۆرتە فەرمییەکان، ڕۆژنامە سەرانسەرییەکان و نامەنووسیی ئۆرگانە ئیدارییەکاندا نابینرێت، بەڵکوو لە پرۆژەیاسای بودجە، گرێبەستە نهێنییەکان، کۆمپانیاکانی سەر بە سپای پاسداران و بودجەی "پۆلێنکراو"دا پەرش و بڵاو کراوەتەوە. بەڕاستی لە سیستەمی سەرکوت و ئەشکەنجەدانی ڕێژیمدا چەندە تێچووی ماددی دەکرێت و کێ سوودی لێ وەردەگرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئاوڕێک لە نێو سیستەمی ئیداری و ئەمنی-نیزامیی ڕێژیم بدەینەوە و بە وردی چاوێک بخشێنین بەسەر ڕەفتاری سیستەم لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتییەکەی و هەروەها ڕاپۆرتی قوربانییەکان و ئەو کەسانەی لە سیستەم هاتوونەتە دەرەوە و وازیان لە ڕێژیم هێناوە.

ئەشکەنجە لە ئێران سیستەمێکی بەڕێوەبردنە نەک ڕووداو و پێشهات! بەپێچەوانەی گێڕانەوەی ڕێژیم کە ئەشکەنجە وەک پێشێلکارییەکی تاکەکەسی، نەزانیی کارمەندان و هەندێکجاریش وەک هەڵسوکەوتی ئارەزوومەندانەی ئەندامەکانی دەخاتە ڕوو، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ناوەندی دەستبەسەرکردنی فەرمی و نهێنی، دامەزراوەی ئەمنیی هاوتەریب، دادوەریی ئەمنییەتی، پزیشک و نەخۆشخانەکانی سەر بە خۆی و کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئامێری ئەشکەنجەدانی هەیە. ڕێژیم ئەم جۆرە کەرتانەی لە ئیکۆسیستەمێکی تایبەت بە سەرکوتکردندا بە بودجە، کارمەند و پەرسۆنێلەوە داناوە کە بە کردەوە وەک دامەزراوەیەکی خۆبژێو مامەڵە دەکەن و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە کردەوە دەستڕاگەیشتن بە چەندایەتی و چۆنایەتیی داتاکانی بە شێوەیەکی ورد و دەقیق مەحاڵە؛ بە واتایەکی تر، ئەو ئیکۆسیستەمە وەک کۆمپانیایەکی ئابووری - ئەمنییەتی کار دەکات کە تێچوو و قازانجکردنی بەشێکی جیانەکراوەیە لێی.کەرتێکی ئەمنیی کە پلەبەندی، پۆلێنکردن، بودجە، ئاسانکاری و ئامانجی تایبەت لەخۆ دەگرێت، پێویستە وەک کەرتێکی ئابووریی یان کارگەیەکی ئابووریی کە ئاراستە و ئامانجی سیاسی-ئەمنیی هەیە، سەیر بکرێت، نەک وەک کردەوەیەکی تاکەکەسیی یان هەنگاوێکی ئارەزوومەندانە لەلایەن چەند پەرسۆنێلێکی ئیدارییەوە.

**بودجەی کراوەی ئەم جۆرە دامەزراوانە کە ناتوانرێت لە پرۆژەیاسادا بشاردرێتەوە! لە بودجەی فەرمیی ئێراندا چەندین دامەزراوەی سەرەکی و هەستیار ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە سەرکوت:**

١- ڕێکخراوی زیندانەکان کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بودجە فەرمییەکەی چەند جارێک زیادی کردووە، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە بودجەی ڕاستەقینەی دامەزراوەیەکی لەو جۆرە لانیکەم دوو هێندە زیاترە لە ژمارە ڕاگەیاندراوەکەی، چونکە بەشێک لە تێچوونەکان لە هێڵی بودجەی "خەرجییە نهێنییەکان"ەوە دابین دەکرێت.

٢- وەزارەتی ئیتلاعات کە بودجەکەی بە فەرمی لە پرۆژەیاسادا دێت، بەڵام بەشێکی زۆری لە هێڵی لێکۆڵینەوەی ئەمنیی و پاراستنی زانیاری و پرۆژەی نهێنیی لە بودجەی خەرجییە نهێنییەکاندا دانراوە، کە لە ڕاستیدا بۆ دەستبەسەرکردنی نافەرمیی و ئۆپەراسیۆنی ڕاوکردنی نەیاران و تۆڕی سیخوڕی لە سەرتاسەری وڵات و کڕینی کەرەستەی لێپرسینەوە بەکار دەهێنرێت.

٣- سپای پاسداران (ئیتلاعاتی سپا)، کە لە بودجەی فەرمیدا نێوێک لەو کەرتەی سپای پاسداران ناهێنرێت، بەڵکوو هێڵەکانی وەک پاڵپشتیکردنی ئەرکەکانی دەرەوەی وڵات، چالاکییە ئەمنییە ستراتیژییەکان، و ڕاهێنان و مانۆڕە تایبەتەکان، بەشێکی زۆری پارەکە بۆ ئەشکەنجەدان و دەستبەسەرکردن دابین دەکەن؛ لە ڕاستیدا سوپای پاسداران بە دەوڵەمەندترین ئەکتەری ئەم سیستەمە دادەنرێت. بودجەی شاراوە یان خەرجییە پۆلێنکراوەکان، کە هەمان هێڵی بودجەی



سەرچاوە Serchawe

خەرجییە نهێنییەکانن، لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکیی خەرجییەکانی ئەشکەنجەن و ئەو هێڵانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە "ئاسایش". ئەم بەرگ و پۆششانە ناوی وەک تێچووی ئامێری تایبەت، خزمەتگوزارییە نهێنییەکان، پشتگیریی پاراستن، پاراستنی ئاسایشی نێوان لایەنەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە نەرمەکان و بەهێزکردنی تواناکانی بەرگریی نارێکخراوەیی لەگەڵدایە کە کاریگەری و ئامانجەکانیان بە تەواوی بۆ کۆمەڵگە ڕوون نییە. بەڵام لە ڕاستییەکانی ئێستای دامودەزگا ئەمنییەتی-نیزامییەکانی ڕێژیمەوە دەتوانین تێبگەین کە ئەم هێڵانە لە ڕاستیدا خەرجییەکانی وەک کەرەستەی ئەشکەنجە و لێپرسینەوە، کەرەستەی پێویستیی ژووری ئەشکەنجە، سیستەمەکانی گوێگرتن، ئامێری دۆزەرەوەی درۆ و تەنانەت تێچووی ڕاهێنان و خولی جۆراوجۆر بۆ لێکۆڵەران دەگێڕێتەوە.

دەیان کۆمپانیای سوپای پاسداران بە ڕواڵەت لەژێر پەردەی هاوردەکردنی ئامێری ئەمنییەتی و سیستەمی چاودێری و ئامێری پۆلیس کار دەکەن. پۆلیسی ئەمنییەت و یەکە تایبەتەکان بە بودجەیەکی زۆر لە پڕۆژە ئەمنییەکان وەک گرێبەست بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ یاریگاکان و کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییەکان و فرۆشتنی کەرەستەی خۆپارێزی بە کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت و مەشقپێکردنی هێزەکانی سەر شەقامەکان داهاتیان دەست دەکەوێت و داهاتی ئەم کەرتەش ڕاستەوخۆ دەچێتە ئۆپەراسیۆنەکانی سەرکوتکردنەوە. سوپای پاسداران کە گەورەترین بەکاربەر و پشکداری بودجەی نهێنییە، ناوەندی دەستبەسەرکردنی تایبەت و ئامێری لێپرسینەوە و پسپۆڕانی ئەشکەنجەدان و مووچەی تایبەتیی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی کاریگەر بووەتە کەرتێکی "تایبەتمەند"ی سەرکوتکردن.

بەڵام بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەشکەنجە خەرج دەکات؟ لە کەشی ئاڵۆز و هەستیاری نێوخۆدا کە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبن و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵاوسان و بێکاری و کەمترین تێچووی بژێوی، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، زیادبوونی نەیاران و نارازییان و دەستپێکردنەوەی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەکان لە ئاستێکی فراوانتردا بەکردەوە حاشاهەڵنەگرە. لە بەرامبەر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکی مافخواز و داواکار، کارمەند و بریکاری ئەمنیی و سەرکوتکار لە خزمەت ڕێژیمدان؛ لە کەشێکی وادا، بە مەبەستی پێشگرتن لە لەدەستدانی هێز و ڕاکێشانی هێزی سەرکوتکاری نوێ، ڕێژیم ناچارە مووچە زیاد بکات، کەرەستەی ئەشکەنجە و سەرکوت زیاد بکات، ئیمتیازاتی ڕێکخراوەیی زیاد بکات و کرێی ئابووریی بە شێوەی جۆراوجۆر دروست بکات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی. بەتایبەتی دروستکردنی بێکاری و هەژاریی دەستکرد لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەتییەوە، هەندێکجار وەک فێڵێک بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی هێزی زیاتر ڕابکێشێت و کەمترین ناشیرینیی دامەزراندن لەم جۆرە ڕێکخراوانەدا بێتە بەرچاو. ئەم شێوازە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە لە کوردستان، بەلوچستان و خوزستان بە شێوەیەکی کردەیی جێبەجێ کراوە. لەم حاڵەتەدا مووچەی ئەفسەرانی ئەمنییەتی زیاد دەکات، کۆمپانیاکانی ئەمنییەت کرێ وەردەگرن، هاوردەکردنی ئامێرەکان ملیاردها قازانج دەکات و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردنی ئەهلیی بودجەی تایبەت

وەردەگرن. ئەم جۆرە شێوازانە بە کردەیی ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانێت بە ئامانجە سەرەتایی و لاوەکییەکانی خۆی بگات.

ئێستا پرسیارێکی تر ئەوەیە، چەندە پارە بۆ ئەشکەنجە و سەرکوت خەرج دەکرێت؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە کەس بە وردی نایزانێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی فرەچەشنیی ئامێرە ئەمنییەکان، تۆڕەکانی هاوتەریب، زانیاریدەر و سیخوڕ، خەرجیی مەیدانی، دابینکردنی ئامرازەکانی ئەشکەنجە و سەرکوتکردن، کەرەستەی ئەمنیی و هتد، دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ لەسەدی بودجەی ڕاستەقینەی ئێران بۆ دەزگا ئەمنییەتییەکان خەرج دەکرێت؛ ئەگەر بۆ نموونە بودجەی ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ٢٠ ملیارد دۆلار وەربگرین، ٤ بۆ ٥ ملیارد دۆلار تەنیا بۆ دەزگای سەرکوتکردن خەرج دەکرێت و لەو بڕە پارەیە، مەزەندە دەکرێت زیاتر لە یەک ملیار دۆلار تەنیا بۆ گرتن و لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان خەرج بکرێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە تێچووی هەر دۆسیەیەکی ئەمنیی نزیکەی چەند ملیۆن تمەنێکە، تێچووی هەر ناوەندێکی دەستبەسەرکردن دەیان ملیارد تمەنە لە ساڵێکدا، و تێچووی هەر لێکۆڵەرێک دەیان ملیۆن تمەنە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە ئێراندا هەزاران کەس ڕاستەوخۆ بژێوی ژیانیان لە ڕێگەی ئەشکەنجەوە دابین دەکەن: لێکۆڵەر، ئەفسەری ئیتلاعات، کارمەندی ناوەندی دەستبەسەرکردن، پزیشکی هاوکار، شۆفێری ئۆتۆمبێلی ئەمنیی، تەکنیکاری ئامێر، دابینکەرانی خۆراک، پاسەوانەکان، هێزە شاراوە و نهێنییەکان و سیخوڕەکان کە بژێوی ژیانیان بەندە بە بەردەوامیی سەرکوتەوە. واتە ئەگەر ئەشکەنجە بوەستێت، هەزاران کەس بێکار دەبن و سەدان کۆمپانیا دادەخرێن و تۆڕی دارایی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات تووشی زیانێکی ئابووریی قورس دەبن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەشکەنجە پایەی مانەوەی ڕێژیمە و بەبێ سیستمی تۆقاندن و سەپاندنی تێچووی قەرەبوونەکراوە، خێراییی ئاستەنگیی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبوو و نارەزایەتی و بزووتنەوەکان بەربڵاوتر دەبوون. بێ گوێدانە پرسی سیاسیی و ئەمنییەتی و مانەوەی ڕێژیم، ئەشکەنجە بووەتە پیشەسازییەکی پارەپەیداکردن کە دەیان دامەزراوە و هەزاران کەس ڕاستەوخۆ لێی سوودمەند دەبن و تاکە خەمی ئەو جۆرە کۆمپانیا و تاکانە، قازانجی زیاترە لەسەر حیسابی ژیان و چارەنووسی ئەندامانی کۆمەڵگە.

٢١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

## ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە (خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەمزێک لە کوردستان)




### بەشی یەکەم

### پانۆرامایەکی گشتگیر بۆ پێشمەرگە

لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا هەندێک ڕۆڵ و ڕووداو و تاک دەبنە توخمەکانی شوناس، کولتوور و سیمبۆلیزمێکی زیاتر لە چوارچێوەی بابەتیی خۆیان. لە فەرهەنگی کوردیدا "پێشمەرگە" یەکێک لەو هێما گرینگانەیە. هەرچەندە لە بنەڕەتدا وشەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، "پێش" و "مەرگ"، بە واتای "کەسێک کە لەبەردەم مەترسیدا وەستاوە"، بەڵام لە زێهنی بەکۆمەڵی گەلی کورددا زیاتر لە پێناسەیەکی وشەیی یان ئەرکێکی سەربازییە و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک بەها وەک قوربانیدان، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پاراستنی گەل و پابەندبوون بە بنەما ئەخلاقییەکان دەکا.

### مانای وشەیی و ئیدیۆماتیک

لە زمانی کوردیدا وشەی "پێشمەرگە" جگە لە مانای ڕوونی "پێشمەرگە"، هەڵگری قورسایەتییەکی تایبەتی کولتوورییە.

ئەو وشەیە لە وێژەی زارەکیی کوردستاندا، پێش ئەوەی بۆ هێزە ڕێکخراوەکان بەکار بهێنرێت، مانای ئەخلاقی هەبووە: بەو واتایە کە کەسێک پێش هەموو شتێک خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ پاراستنی ئەوانی تر، یان کەسێک کە بەرەو پێشەوە بچێت و ژیانی خۆی بەخت بکا. ئەم چەمکە لە جیهانبینی کۆمەڵایەتی و شاخ (هێمای بەرخۆدان)ی کوردستاندا جێگەیەکی گرنگی هەیە، چونکە لەو پێکهاتانەدا بەهاکانی وەک بوێری، خۆبەخشین و "قوربانیکردن بۆ پێکهاتە" تۆخمە سەرەکییەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بوون.

## لە سەدەی مۆدێرن دا

### ئا؛ گۆڕانی ئەرکەکان لە جیهانی نوێدا

لەگەڵ پەرەسەندنی شارنشینی و پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی پێکهاتە ئەمنییەتییەکان و گۆڕانی شێوازی ژیان، ڕۆڵی پێشمەرگەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لە حاڵەتی دامەزرانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگە جیا لە پرسی پاراستن و بەرگری، ئەرکی دیکەی پەیوەستکراو بە سەقامگیری، بەردەوامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەش لەخۆ دەگرێ.

### ب؛ تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پێشمەرگە لە سەردەمی نوێدا

کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان زیاتر لە جاران جەخت لەسەر لایەنی "کۆمەڵایەتی و مرۆیی" ڕۆڵی پێشمەرگە دەکاتەوە؛ ئەم ڕوانگە ڕۆشنبیرییە پێشمەرگەی وەک ڕەمز و هێمایەکی ئەخلاقی دامەزراندووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و گەشەی بزووتنەوە شوناسییەکان، چەمکی پێشمەرگە وردە وردە لە ڕۆڵێکی ئەخلاقی و تاکەکەسییەوە بۆ ڕۆڵێکی ڕێکخراو گۆڕا. توێژەران ئەم پرۆسەیە بە جۆرێک لە "دامەزراوەییکردنی کۆمەڵایەتی" چەمکی پێشمەرگە دەزانن. ئەم پەرەسەندنە بە واتای گواستنەوەی ڕۆڵە لە ئاستی "ڕواڵەتی تاک - ئەخلاقی" بۆ "ڕۆڵێکی بەکۆمەڵ - ڕێکخراو."

لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زنجیرەیەک پێشهاتی سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە وەک هێزی بەرگریی جەماوەری ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە کۆمەڵگەدا ببینێ.

هەڵبژاردنی ڕۆژێکی ڕۆژمێری بۆ پێشمەرگە لە پرۆسەی بەفەرمیکردنی شوناس سەری هەڵدا. کۆمەڵناسەکان ئەم پرۆسەیە

بە جۆرێک لە "ڕێکخستنی یادەوەری" دەزانن؛ واتە کۆمەڵگەکان هەندێک هێما لە شێوەی ڕێوڕەسم و بۆنەدا بۆ چەمکسازی ناسنامەی بەکۆمەڵ دادەمەزرێنن.

ئەم ڕۆژە وردە وردە بووەتە بەشێک لە گێڕانەوەی گشتی لە کوردستان سەبارەت بە قوربانیدان، بەرپرسیارێتی و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی. بەرزنرخاندنی ئەو ڕۆژە بەشێوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم، یادکردنەوە و بۆنە ڕەمزییەکان، لێکەوتەی گرینگی شوناسی وکۆمەڵایەتی هەیە.

بەو پێیەی کە بەشێکی زۆری پێشمەرگە لە هەناوی کۆمەڵگە وەرگیراون، پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان خەڵک و ئەو پێکهاتەیە دەقی گرتوە. ئەم پەیوەندییە بووەتە هۆی ئەوەی کە چەمکی پێشمەرگە لە عەقڵی گشتیدا نەک وەک هێزێکی جیا، بەڵکوو وەک بەشێک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی هەست پێ بکرێ.

**پێشمەرگە جگە لە ڕۆڵی ئەمنییەتی – سەربازی خۆی لە زۆر قۆناغدا، ئەرکی وەک:**

– یارمەتیدانی گوندنشینان
– فریاکەوتن لە قەیرانەکاندا
– پاراستنی ڕێگاکان
– بەشداریکردن لە نەزمی کۆمەڵایەتیدا

لە ئەستۆ بووە، بۆیە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامە و شوناسیان "مەدەنی - کۆمەڵایەتی"یە.

## پێشمەرگە لە وێژە و کولتووردا

لە گێڕانەوەی زارەکی، کۆپلێت و چیرۆکە حەماسی و ناخهەژێنە نەتەوەییەکانی کورددا، پێشمەرگە زۆرجار سیمبولی مرۆڤایەتی و قوربانیدانە. ئەم بوونە کولتوورییە، ڕێگەی بە مانەوەی ڕۆڵی پێشمەرگە لە عەقڵی گشتیدا داوە. لە وێژە، مۆسیقا و فۆلکلۆری کوردیدا پێشمەرگە هێمای بەرخۆدانی مرۆڤە و تەنیا ڕۆڵێکی سەربازی نییە. لە زۆرێک لە شیعر و گێڕانەوەکاندا پێشمەرگە وەک کارەکتەرێک دەناسێنرێ کە ئەرکی سەرەکی بەرگریکردنە لە گەل و بەها ئینسانییەکان. بە تێپەڕبوونی کات ئەم وێنەیە بەردەوامیی ڕەمزی چەمکی پێشمەرگەی بەهێزتر کردووە؛ تەنانەت لە هەندێک بەرهەمی سینەمایی و هونەریشدا وێنەی پێشمەرگە خراوەتە ژێر پرسیارەوە و ڕەهەندە مرۆیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕۆڵە تاوتوێ کراوە.

## ئاوڕدانەوەیەک لە پێناسەی گشتی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا هێزێکی چەکداری سیاسی نییە، بەڵکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی و ئەخلاقییە کە زیاتر لە حەوت دەیە لە پێشهاتە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا چەندین ڕۆڵی هەبووە. لە ڕوانگەی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵناسیەوە، پێشمەرگەی کوردستان بەرهەمی تۆڕی خزمایەتی و پێکهاتەکانی شار-گوند و بەستێنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و پرۆسەکانی بەرخۆدان لە بەرامبەر بە ناوەندگەرایی ڕێژیمی ناوەندی بووە. داتا مێژووییەکان لە ساڵی ١٩٤٥ تا دەیەکانی دوایی (١٩٤٥: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ١٩٧٩ - ١٩٨٩: شۆڕشی ١٩٧٩ و شەڕ لە کوردستان؛ دەیەی ٢٠٠٠: چەسپاندنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێشمەرگە) نیشان دەدەن کە پێشمەرگە بۆتە دامەزراوەیەکی بەردەوامی خۆڕاگری و بەرهەمهێنانەوەی شوناسی بەکۆمەڵ لە شار و گوندی ناوچەکانی کوردستان لە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک، پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، و دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

٢٦ی سەرماوەز وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" هێمای ئەم پێگە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە کە زامنی بەرهەمهێنانەوەی ئەخلاق، شوناس و یادەوەری بەکۆمەڵی کورد لە کوردستانی ئێران دەکا. لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە کوردەوە، زۆرجار پێشمەرگە وەک هێزێکی چەکدار و سیاسی شی دەکرێتەوە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووری ئەوان پشتگوێ دەخرێ. ئەم ڕوانگەیە بووەتە هۆی کەم سەیرکردنی پێگەی ڕاستەقینەی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پێشمەرگە بە پێچەوانەی نموونە بیانییەکانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی خۆیدا، بە تۆڕی بەکۆمەڵ و هەمیشەییەکان کاریان کردووە.

### شیکاری مێژوویی و کۆمەڵناسیی پێشمەرگە دوو بایەخی هەیە:

**یەکەم:** تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهاتنی دامەزراوەی بەردەوام لەو ناوچانە.

**دووەم:** ڕوونکردنەوەی گرینگی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕەمزێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناس و ئەخلاقیی بەکۆمەڵ کە ڕۆڵێکی گرینگی بۆنەیی و کولتووری لە کۆمەڵگەدا هەیە.

### ئەم دوو گرنگییە هاوتەریبە لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی پێگەی پێشمەرگە:

**وەڵام: پەیوەندی ئۆرگانیک بە کۆمەڵگەوە:** پێشمەرگە هەر لە هەناوی ناوچە، بنەماڵە و تۆڕی خێزانی و کۆمەڵایەتیی کوردستان سەری هەڵداوە.

**ب: دووانەی ڕۆڵ:** پێشمەرگە لە سەرەتای بوونییەوە وەک دووانەی سەربازی - کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە؛ ئەم تێڕوانینە فرەلایەنە، دەرخەری ئەرک و بەرپرسیارێتی زیاترە.

**ج: دامەزراوەی ئەخلاقی:** پێشمەرگە هەڵگری بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەیە و شەرعیەتی خۆی نەک هەر لە یاسا یان ئایدۆلۆژیا، بەڵکوو لە متمانە و پشتیوانی خەڵکەوە وەردەگرێ؛ سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی هێزێکی لەو جۆرە بنکەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە.

## پێشمەرگە لە یادی بەکۆمەڵدا

یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی مانا و ناسنامەی بەکۆمەڵیشە. پێشمەرگە وەک هێمایەکی ئەخلاقی و خۆڕاگری، بە بەشێک لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد دادەنرێ و ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕێوڕەسمێکی ساڵانە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو یادەوەرییە دەبینرێ.

## شیکاریی ڕەمزیی ٢٦ی سەرماوەز

**ئا؛ ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕێوڕەسمێکی بنیاتنەری ناسنامە/** بە پێی تیۆری هالبواچ، کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی ڕێوڕەسم و بۆنەکانەوە شوناسی خۆیان دادەمەزرێنن و ٢٦ی سەرماوەز لە نێو نەتەوەی کورددا یەکێکە لەو ڕێوڕەسمانە.

**ب؛ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی/** ئەم بۆنەیە بە دروستکردنی هەستێکی هاوبەش، یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتە، چوارچێوە و چینە جیاوازەکانی کوردستاندا.

**ج؛ وەبیرهێنەرەوەی بەها ئەخلاقییەکان/** ٢٦ی سەرماوەز دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە لە پرسەکانی وەک: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، قوربانیدان، پاراستنی مرۆڤەکان، ئەخلاقی بەکۆمەڵ و بەرخۆدان و پارێزەریی لە شکۆ و کەرامەت.

٢ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی – بەستێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان

### بەشی دووهەم:



### پێکهاتەی جوگرافی و سروشتی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافییە تایبەتەکانییەوە، کەشێکی گونجاوی بۆ پێکهێنانی بەرخۆدانی ناوچەیی و پێکهاتە ئۆتۆنۆمییەکان دابین کردوە. چیای زاگرۆس بە لێوارە بەرزەکانی و ڕێڕەوی تێپەڕنەکراو و ناوچە دوورەدەستەکانی، ئەگەری بوونی هێزێکی دەسەڵاتی ناوەندیی سنووردار دەکرد. ئەم هەلومەرجە سروشتییانە نەک هەر بووە هۆی سەربەخۆیی ڕێژەیی پێکهاتەکانی ناوچەکە، بەڵکوو تۆڕی خزمایەتی و بەستێنە جیاوازەکانی شار و گوندەکانی بەهێزتر کرد و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ دەرکەوتنی "پێشمەرگە" وەک پارێزەری ناوچەیی دابین کرد. لە ناوچە شاخاوییەکان، گوندەکان و گوندە بچووکەکان تۆڕی بەرگریی نێوخۆییان هەبوو کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک بە پەیوەندیی خزمایەتی و نەریتیی ناوخۆیی ڕێکخرابوون. ئەم پێکهاتەیە وای کرد پێشمەرگە وەک توخمێکی خۆڕاگریی نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی بەبێ پێویستی بە پشتیوانیی دەرەکی مامەڵە بکات.

### پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی

پێش ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و گوندنشین بوو. دەسەڵات لە

ناوچە جیاجیاکاندا تا ڕادەیەکی زۆر بەدەست پیرەکانی خێڵ و سەرکردە نێوخۆییەکان بوو و پەیوەندیی خزمایەتی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و دابینکردنی ئاسایش و دابەشکردنی سەرچاوەکان. ئەم سیستەمە خێڵەکییە هەم سەرچاوە مرۆییەکان و هەم سەرمایەی کۆمەڵایەتیی دابین دەکرد کە بۆ پێکهێنانی یەکەم یەکەکانی پێشمەرگە پێویست بوو. تۆڕە خێڵەکییەکان ڕێخۆشکەر بوون بۆ کۆکردنەوەی خێرای هێز لە کاتی هەڕەشەکاندا کە نەزمی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی بە یاسا ئەخلاقی و نەریتییەکان پێناسە دەکرا. یەکەم پێشمەرگەکان لەو پێکهاتانەدا تەنیا جەنگاوەر نەبوون، بەڵکوو چاودێرانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیش بوون؛ بە واتایەکی تر، بەرگریکردن لە کۆمەڵگە بریتی بوو لە: پاراستنی فیزیکی و بەرزڕاگرتنی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان.

## سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و ناوەندگەرایی

ساڵانی ١٢٩٠ و ١٣٠٠ی هەتاوی، قۆناغی ناوەندگەرایی چڕوپڕی دەسەڵاتی ناوەندی بوو لە تاران؛ لەو ماوەیەدا ڕەزاخانی میرپەنج کاریگەریی زۆری هەبوو و دواجار گەیشتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات؛

### سیاسەتەکانی بریتی بوون لە:

**ئا – لاوازکردنی ئۆتۆنۆمیی عەشیرەتەکان و دەسەڵاتی ناوخۆیی:** ڕەزاخان هەوڵیدا دەسەڵاتی گەورەی عەشیرەتەکان سنووردار بکات و بیانخاتە ناو پێکهاتەی دەوڵەتەوە.

**ب – مەرکەزیکردنی ئاسایش و سپای نیشتمانی:** هێزەکانی حکوومەت بە بەردەوامی دەچوونە ناو ناوچەکانی کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆنترۆڵی ناوەندی.

**ج – چاکسازییە ئابووری و ژێرخانییە سنووردارەکان:** ڕێڕەو و ڕێگاکانی بازرگانی کۆنترۆڵ کران و سەرچاوە ئابوورییە نێوخۆییەکان خرانە ژێر چاودێریی حکوومەت؛ لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکیی ئەم چاکسازییانە ئاسانکاری بوو بۆ پرسە لۆجستیکی و دابینکردنەکان بۆ سپا و هێزە ناوەندگەراکان. ئەم سیاسەتانە کە بە سەرکوت و کوشتار و ئەندازیاریی ناواقیعیی ڕاستیيە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتوورییەکان جێبەجێ کران، بوونە هۆی زیادبوونی کەشوهەوای ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و داواکاریی ناوچەیی بۆ هێزێکی بەرگریی سەربەخۆ، وەک پێشمەرگە.

## بارودۆخی ئابووری و بژێویی ژیان

ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی کۆن و نەریتی بوو. فشارەکانی باج لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی و سنووردارکردنی ئابووری کە لە ئەنجامی ناوەندگەراییەوە هاتە ئاراوە، وای کرد کۆمەڵگەی گوندنشین بە شێوەی خۆویست تۆڕی بەرگری دروست بکەن. زۆرجار پێشمەرگە لەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە سەری هەڵداوە و وەک نێوەندگیری نێوان کۆمەڵگە و هەڕەشە دەرەکییەکان مامەڵەی کردوە.

### ئابووریی بژێوی، پەیوەندیی خزمایەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەیان بە پێشمەرگە دا کە:

- خۆراک و چەک لە کاتی پێویستیدا دابین بکەن.
- تۆڕی پشتگیریی نێوخۆیی دروست بکەن.
- شەرعییەتی ئەخلاقییان لە کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکەن.

ئەم ڕۆڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بناغەیەکی گرنگی بۆ پێشمەرگە لە دەیەکانی دواتردا ڕەخساند کە ببێتە دامەزراوەیەکی بەردەوام.

## ئەزموونی مێژوویی بەرخۆدان و شوناسی بەکۆمەڵ

لەو ماوەیەدا پێشمەرگە زیاتر وەک بەرخۆدانی نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی چالاکیی دەکرد. ئەوان نەک تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکوومەتدا ڕۆڵیان هەبوو، بەڵکوو لە چارەسەرکردنی ناکۆکیی ناوخۆیی و پاراستنی زەوی و سامان و بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوخۆییەکانیشدا ڕۆڵیان هەبووە. ئەم ئەزموونە بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا وەک "هەڵگری بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە" بمێنێتەوە. ناسنامەی بەکۆمەڵی کورد لەم قۆناغەدا شێوەی نوێی وەرگرت و پێشمەرگە وەک هێمای خۆڕاگری و بوێری لە کولتووری زارەکی و گۆرانی و چیرۆکی نێوخۆییدا دامەزرا. ئەم شوناسە بەکۆمەڵە بنەما و بەستێنی پێویست بوو بۆ ڕێکخستنی فەرمیی پێشمەرگە لە ساڵانی دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا. لە ڕاستیدا پێشمەرگە بەرهەمی تێکەڵەیەک لە پێکهاتەی سروشتی، داواکاریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فشارە سیاسییەکان و ئابووریی نێوخۆیی بوو و تەنیا دەرئەنجامی بڕیاری سیاسی یان ئایدۆلۆژیای حیزبی نەبووە.

## دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و سازمانی پێشمەرگە (بەستێنە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم)

ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان/کوردستانی ئێران بوو. کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووهەم و لاوازبوونی ڕێژەیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، دەرفەتێکی بۆ ڕەنگدانەوەی داواکارییە جەماوەرییەکان ڕەخساند. بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و کاریگەرییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە، کەشێکی سیاسیی نوێی خوڵقاند کە لە ئەنجامدا حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردەوە دامەزرا.

### لەم ماوەیەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بنەما و هۆکاری پێکهێنانی حیزبیان مسۆگەر کرد:

**ئـا- گشتگیربوونی داواکارییە گشتییەکان:** داواکارییە جەماوەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە پێکهاتە و چینە جۆراوجۆرەکاندا گەیشتە لوتکە و ئەوپەڕی ڕادەی کۆمەڵایەتی.

**ب – نەبوونی کۆنترۆڵی تووندی دەسەڵاتی ناوەندی:** دەسەڵاتی تاران دوای جەنگی جیهانیی دووهەم ڕووبەڕووی لاوازیی جێبەجێکاری بووەوە و کۆنترۆڵی سنوورداری بەسەر ناوچەکانی وەک کوردستان هەبوو.

**ج – ئەزموونی مێژوویی بەرخۆدانی لۆکاڵی:** ئەو تۆڕە نافەرمییانەی پێشمەرگە و هێزە عەشایەرییەکان کە پێش ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی چالاک بوون، بنەما و ناوەکی سەرەتایی ڕێکخستنی فەرمییان پێکهێنا.

**د – پێشهاتە هەرێمییەکان:** پێکهێنانی حیزب و حکوومەتە خۆجێیەکان لە باشووری کوردستان/کوردستانی عێراق و فشارە نێودەوڵەتییەکان شێواز و مۆدێلێکی بۆ پێکهێنانی ئەو حیزبە ڕەخساند.

### دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بوونی خۆی ڕاگەیاند.

### ئامانجە سەرەتاییەکانی حیزب بریتی بوون لە:

- پاراستنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد
- دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/کوردستانی ئێران.
- ڕێکخستنی هێزێکی چەکدار بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد.

حیزب توانی هێزی پێشمەرگە لە تۆڕە خێڵەکی و ناوچەییەکان کۆ بکاتەوە و وەک ڕێکخراوێکی سەربازی و سیاسیی یەکگرتوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنێت.

## پێکهێنانی فەرمیی ڕێکخراوی پێشمەرگە

حیزبی دێموکرات لە سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بە فەرمی سازمانی پێشمەرگەی پێکهێنا. ئەم ڕێکخراوە یەکەمین نموونەی دامەزراوەیەکی فەرمیی پێشمەرگە بوو لە ئاستی کوردستان و ئێراندا و خاوەنی

### ئەم تایبەتمەندییانە بوو:

**ئا– پلەبەندییەکی ڕوون و دیاریکراوی سەربازی:** پێشمەرگە ڕاهێنانی بەردەوامی سەربازیی دەدیت و پلەکانی فەرماندەیی دیاریکراو بوون.

**ب– خۆگونجاندن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان:** پێکهاتەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ تۆڕە خێڵەکی و نێوخۆییەکاندا تێکەڵ بوو، بەجۆرێک کە شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە لە خەڵکی نێوخۆیی و ناوچەیی مسۆگەر بوو.

**ج- پەیوەستبوون بە ئامانجە سیاسییەکانی حیزبەوە:** پێشمەرگە تەنیا خەباتکار نەبوو، بەڵکوو نوێنەری ئامانجە سیاسییەکانی حیزب لە ئاستی نێوخۆیی و ناوچەییدا بوو.

**بەم شێوەیە پێشمەرگە وەکوو دامەزراوەیەکی دووانەیی سەریهەڵدا:** هەم سەربازی و هەم کۆمەڵایەتی - سیاسی.

## کاردانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و هەڵوسانی سیاسی

پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی پێشمەرگە بووە هۆی کاردانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران. هێزەکانی دەسەڵات، لە شێوەی سپا و جەندەرمە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکان و سەرکوتکردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد کەوتنە کار.

### ئەم کاردانەوەیە بە شێوەی خوارەوە بوو:

– گەمارۆدان و هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی حیزب و پێشمەرگەکان.
– هەوڵدان بۆ لاوازکردنی کاریگەریی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە.
– هەوڵدان بۆ دروستکردنی درز و مەودا لە نێوان عەشیرەتەکان و پێشمەرگەکان.

سەرەڕای ئەو فشارانە، ڕێکخراوی پێشمەرگە توانی بە پشتبەستن بە تۆڕە نێوخۆییەکان و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە لایەن خەڵکەوە درێژە بە چالاکییەکانی بدات. ئەم قۆناغە یەکەم تاقیکردنەوەی جیددیی پێشمەرگە بوو، وە دەریخست کە ئەوان تەنیا گرووپێکی سەربازی نین، بەڵکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیشن کە پشتیوانیی جەماوەرییان هەیە.

## ڕۆڵی پێشمەرگە لە کۆمەڵگەدا

**ڕێکخراوی پێشمەرگە هەر لە سەرەتاوە زۆر زیاتر لە ئەرکی شەڕکردن، هەڵسوکەوتی دەکرد:**

**ئا– پاراستنی ئاسایش:** پێشمەرگە گوند و ڕێڕەوی بازرگانیی لە تاڵان و هەڕەشەی نێوخۆیی پاراست.
**ب– چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:** پێشمەرگە نێوەندگیریی لە نێوان عەشیرەتەکاندا دەکرد و ڕۆڵی دادوەریی نێوخۆیی دەگێڕا.
**ج– پاڵپشتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی:** پێشمەرگە خۆراک و شوێنی حەوانەی بۆ خەڵک دابین دەکرد و لە کاتی قەیرانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی فریاگوزاریی دەگێڕا.
**د– پاراستنی دەستکەوتەکان:** پێشمەرگەی کوردستان جگە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەژێر ئاڵای داخوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرپرسیار بوو لە پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵک، هەربۆیە کاریگەرییەکی بەرچاو و قووڵی کۆمەڵایەتی و دەروونیی لەسەر خەڵک هەبوو.

**پێکهاتەی ڕێکخراوی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانی کۆمەڵگەمەحوەرە.**

**چارلز تیلی پێی وایە بزووتنەوە چەکدارییەکان کاتێک سەقامگیر و پایەدار دەبن کە:**

**– بەڕێوەبردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتی و مرۆییە نێوخۆییەکانیان وەئەستۆ بگرن.**
**– شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە خەڵک بەدەست بهێنن.**
**– تۆڕە نێوخۆییەکان وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن.**

پێشمەرگە بەتەواوی ئەم سێ تایبەتمەندییەی هەبوو. ئەوان شەرعییەتی خۆیان لە کۆمەڵگەوە وەردەگرت نەک لە دەوڵەت یان پشتیوانێکی دەرەکی و ئەوە بووە هۆی مانەوە و کاریگەریی درێژخایەنیان.

**٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## نسکۆی حکوومەتی کۆماری کوردستان (١٣٢٥)

### بەشی سێهەم،



**حکوومەتی کۆماری کوردستان لە زستانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا تووشی نسکۆ هات؛ هۆکارەکانی ئەم نسکۆیەش بریتی بوون لە:**

**ئا؛ گوشاری سەربازی لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی:** سپای ئێران بە پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی هێزە بیانییەکان، هێرشی بەرفراوانی بۆ سەر ناوەندەکانی کۆماری کوردستان ئەنجام دا.

**ب؛ لاوازیی پشتیوانیی نێودەوڵەتی:** بەپێچەوانەی باشووری کوردستان/کوردستانی عێراق، حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ئێران، پشتیوانیی سیاسی و داراییی دەرەکیی لێ نەکرا.

**ج؛ گرژییە نێوخۆییەکان:** ناکۆکیی نێوان سەرکردە نێوخۆییەکان و یەکنەگرتنی تەواوەتیی هێزی پێشمەرگە، توانای خۆڕاگریی کەم کردەوە.

**د؛ پێشگرتن لە کارەسات:** کابینەی حکوومەتی کۆماری کوردستان ڕێگای لێبوردەیی و ئاشتیی گرتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگریی



سەرچاوە
Serchawe

تـاوان و چەوسـاندنەوەی زیـاتری گەلـی کـورد لە لایەن سپا و جەنـدرمەی ڕێژیمـی مەرکەزیـیەوە بکـات؛ هەرچەنـدە مێـژوو سەرەڕای ئەم بارودۆخانە، شایەتحاڵی تاوانەکانی هێزەکانی ناوەندگەرایە.
لە ئەنجامدا کۆماری کوردستان لە ئێران ناچار بوو لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ئەزموونی حوکمڕانیی جەماوەریی نەتەوەی کورد ڕابگرێت و زۆرێک لە پێشمەرگە ناچار بوون ڕوو لە ناوچە شاخاوییەکان و گوندە دوورەدەستەکان بکەن.

## پێکهاتنی بەرخۆدانی نافەرمی

دوای ڕاگیرانی ئەزموونی حکوومەتی کۆماری کوردستان، پێشمەرگە چیتر لە شێوەی حکوومەتی فەرمیدا چالاکیی نەدەکرد، بەڵکوو بوو بە هێزێکی خۆڕاگریی نافەرمی و پێکهاتەیی.

### ئەم قۆناغە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبوو:

**ئا؛ ئۆپەراسیۆنی پارتیزانی و پەرشووبڵاو**: پێشمەرگە بە شێوەی گرووپی بچووک و سەربەخۆ لە ناوچە شاخاوییەکان چالاکیی دەکرد.
**ب؛ پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ کۆمەڵگە**: پشتیوانیی دانیشتووانی ناوچەکە و تۆڕەکانی خێڵەکی و گوندەکان هۆکارێک بوو بۆ مانەوە و شەرعییەتیان.
**ج؛ دوو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی**: پێشمەرگە جگە لە چالاکیی سەربازی، بە چاودێریی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکەری ناکۆکییە نێوخۆییەکان ناسرابوو.
ئەم قۆناغە دەریخست کە پێشمەرگە زیاتر لە هێزێکی سەربازی، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بووە کە لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ کراوە و شەرعییەتی لە بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ڕۆڵی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە

لەم ماوەیەدا پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنی نەزمی کۆمەڵایەتی و پاراستنی بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە بەهۆی نەبوونی ئامادەیی کاریگەرانەی حکوومەتی ناوەندی؛ لە ڕاستیدا لە مێشکی گشتیدا پێشمەرگە بەرگریکاری گەل بوو، نەک جەنگاوەرێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە.

### هەندێک لەو شتانەی کە پێشمەرگە لەم ماوەیەدا وەک ئەرکی خۆی ئەنجامی دەدا:

- نێوەندگیری لە نێوان عەشیرەتەکاندا: چارەسەرکردنی ناکۆکی و کەمکردنەوەی گرژییە نێوخۆییەکان.
- ڕێگریکردن لە شەڕی خوێنی خێڵەکان.
- هاندانی گەنجان بۆ هۆشیاریی سیاسی.
- قسەکردن لەگەڵ خەڵک سەبارەت بە ماف، دادپەروەری، خۆسەپێنی و ئۆتۆنۆمی.
- بەرگریکردن لە زمان، جلوبەرگ و ڕێوڕەسمی کولتووریی کوردەواری.
- بەخشینی هەستی شانازی و شکۆ بە خەڵک کە دەبینرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێت.
- پابەندبوون بە شەرەف، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ حکوومەتی کۆماری کوردستان و سوێندەکانیان.

ماوەی ساڵانی ١٣٢٥ - ١٣٤١ نموونەی بەرخۆدانی ڕۆژانەیە؛ پێشمەرگە بە ژیان لە ناخی کۆمەڵگە،

### پاراستنی مرۆڤەکان و کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە نێوخۆییەکان توانی:

١- شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بپارێزن.
٢- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بکەن.
٣- مانەوەی ڕێکخراوەکەیان بەبێ پشتیوانیی دەرەکی مسۆگەر بکەن.

هەروەها پێشمەرگە بە ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی مرۆیی و چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان زیاد کرد، ئەمەش بووە هۆی زیاتربوونی متمانەی کۆمەڵگە پێیان.

### ئەزموونی مێژوویی و چەسپاندنی شوناس

ئەم قۆناغە شوناسی بەکۆمەڵی پێشمەرگەی چەسپاند. سەرەڕای ڕاگیرانی ئەزموونی کۆماری کوردستان، یادەوەری و چیرۆکەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگە لە فەرهەنگی زارەکی، گۆرانی و گێڕانەوەی نێوخۆییدا پارێزراو بوون. خەڵک پێشمەرگەی نەک هەر وەک شەڕڤان دەبینی، بەڵکوو وەک هێمای ئەخلاق و ئازایەتیی کۆمەڵگەش دەبینی؛ ئەم قۆناغە دەریخست کە پێشمەرگە دەتوانێت ببێتە هێزێکی سەقامگیر، بەردەوام و شەرعی بەبێ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، بەڵام بە پشتیوانیی کۆمەڵگە.

### داڕشتنەوەی ڕێکخستن و گۆڕینی پێکهاتەیی پێشمەرگە

پاشخانەکان بۆ داڕشتنەوەی دووپاتەی کوردستانی ئێران لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا لەگەڵ پێشهاتە سیاسییە نێوخۆیی و

ناوچەییەکان بەرەوڕوو بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕاگیرانی ئەزموونی کۆماری کوردستان و بەرخۆدانی نافەرمیی پێشمەرگە، هەوڵی ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی خۆی و ڕێکخستنی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی پێشمەرگەی دا.

### ئەم خۆڕێکخستنەوەیە بەم ئامانجانە ئەنجام درا:

**ئا؛** دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەربازیی یەکگرتووتر بە پلەبەندییەکی ڕوون و ڕاهێنانی ڕێکوپێک.
**ب؛** بەهێزترکردنی شەرعییەتی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە لە کۆمەڵگەی نێوخۆییدا.
**ج؛** دیاریکردنی ڕۆڵی سیاسیی پێشمەرگە لە چالاکییەکانی حیزب و کارلێککردن لەگەڵ ڕێژیمی ناوەند.
**د؛** پەرەپێدانی تۆڕە نێوخۆیی و سنوورییەکان بۆ پاراستنی ناوچەکانی کوردستان.

### ڕێکخستنەوەی نوێی حیزبی دێموکرات

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی ڕێکخستنەوەی دامەزراوەی پێشمەرگەی لە شێوەی ڕێکخراوێکی سەربازی - سیاسی مۆدێرندادا.

### ڕێوشوێنە سەرەکییەکان بریتی بوون لە:

- **دابەشکردنی ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن:** ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەپێی گرنگی و ژمارەی دانیشتوان بەسەر بەشی بچووکتردا دابەشکران و هەریەکەیان فەرماندەی تایبەتی خۆیان هەبوو.
- **ڕاهێنانی سەربازیی پیشەیی:** خولی ڕاهێنانی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ پێشمەرگە داڕێژرابوو، لەوانە تاکتیکی پارتیزانی و ڕاهێنانی چەک و لێهاتوویی لە شەڕی شاخ.
- **پێکهاتەی فەرماندەیی پۆلێنکراو:** پێشمەرگە بۆ زیادکردنی هەماهەنگی و لێپرسینەوە لە پلە نزمەکانەوە تا فەرماندەی نێوخۆیی و ناوچەیی ڕێکخرابوو.

ئەم داڕشتنەوەیە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە توانای ئۆپەراسیۆنی خۆی زیاد و ئامادەی بکات بۆ وڵامدانەوەی گوشارە سەربازییەکانی ڕێژیمی پەهلەوی و هەڕەشە ناوچەییەکان.

### گۆڕینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پێشمەرگە

داڕشتنەوەی ڕێکخراوەیی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی، ڕێگەی زیاتری بە ڕۆڵی ئەوان دا و جیا لە

هێزێکی سەربازی بەردەوام بێت و زیاتر پەرە بە ڕۆڵ و دەوری خۆی بدات.

**ئا؛ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ:** پێشمەرگە بەردەوام بوو لە پاراستنی گوندەکان، ڕێڕەوی بازرگانی و ناوچە سنوورییەکان.

**ب؛ نێوەندگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی:** پێشمەرگە ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان خەڵک و داواکارییەکانیان و هەندێکجاریش بابەتی کۆمەڵایەتی بینی.

**ج؛ سیمبولی ئەخلاقی و کولتووری:** پێشمەرگە بە نوێنەری حیزب ناسرابوو، هەڵگری بەهای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بوو.

ئەم دووانەیی ڕۆڵە، ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە شەرعییەتی خۆی لە هەردوو گۆڕەپانی سەربازی و کۆمەڵایەتیدا بپارێزێت.

## چالاکیی سەربازی و سیاسی

لە نیوەی دووەمی دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا، پێشمەرگە چەندین ئۆپەراسیۆنی تایبەت و ئامانجدار لەدژی هێزەکانی ڕێژیمی پەهلەوی ئەنجام دا. ئەم ئۆپەراسیۆنانە زۆرجار بە ئامانجی بەرگریکردن لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری، پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێوخۆیی و هەبوونیان لە کوردستان بوو؛ ئەم جۆرە کردەوانەش بەهۆی زیادبوونی بەرچاوی داواکارییە جەماوەرییەکان بوو لەسەر پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا و لەسەر ئاستی سیاسی،

### پێشمەرگە یارمەتیی حیزبی دێموکراتی دا بۆ ئەوەی:

- پەیوەندییە نێوخۆییەکان سەقامگیر بکات.
- تۆڕە حیزبییەکان پتەوتر بکات.
- دەرئەنجامەکانی فشارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی ئیدارە بکات.

بەم شێوەیە پێشمەرگە جگە لە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی، بوو بە دامەزراوەیەکی سەقامگیرکەری کۆمەڵایەتیش.

## پرۆژەی ناسنامەی بەکۆمەڵ و ڕەمزی

لەم قۆناغەدا، پێشمەرگە جگە لە ڕۆڵی سەربازی، وەک ڕەمزی شوناسی بەکۆمەڵی کوردیش خزمەتی کرد. خەڵکی ناوچەکە، پێشمەرگەیان بە نوێنەری کۆمەڵگە و بەها ئەخلاقییەکان دەزانی و چیرۆک و گۆرانییەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگە لەم دەیەیەدا زیاتر جێگیر بوون. ئەم هێماسازییە بوو بەهۆی مسۆگەرکرانی ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئاستی ناوچەکەدا و تەنانەت

لە بەرانبەر فشاری لەڕادەبەدەری سەربازی و سیاسیشدا، شەرعییەتی پێشمەرگە بپارێزرێت و ڕۆڵی ئەوان لە یادەوەریی بەکۆمەڵیی خەڵکدا بەهێزتر ببێت. ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە لە ساڵانی دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا، نموونەی ئیدارەکردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانە.

**چارلز تیلی پێی وایە ئەو بزووتنەوانەی کە:**

١- سوودمەندن لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی.

٢- شەرعییەتی ئەخلاقی.

٣- تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵگە.

توانایی بەردەوامیی زیاتریان دەبێت و پێشمەرگەش ڕێک ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوو. بێ پشتبەستن بە زلهێزە دەرەکییەکان و تەنیا پشتبەستن بە سەرچاوە نیشتمانییەکانی کوردستان، توانیان لە یەک کاتدا تۆڕە نێوخۆییەکانیان، شەرعییەتی کۆمەڵایەتی و توانای ئۆپەراسیۆنی خۆیان بەهێزتر بکەن.

**٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

---

## خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان

### بەشی چوارەم و کۆتایی



شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بووە هۆی دارمانی ڕێژیمی پەهلەوی و دەرفەتێکی مێژوویی لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕەخساند. بەهۆی ڕابردووی مێژوویی خۆڕاگریی ناوچەیی و بوونی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێران، ئەو ناوچەیە بوو بە یەکێک لەو ناوچانەی ڕۆڵی پێشمەرگەی لە هەموو کاتێک زیاتر بەرچاو بوو.

**لەم ماوەیەدا:**

**ئا؛** دەسەڵاتی ناوەندیی نوێ بەتەواوی سەقامگیر و جێگیر نەببوو و ناوچە کوردستانییەکان تا ڕادەیەک لەژێر کۆنترۆڵ و فشاری ناوەند ڕزگاریان بوو.

**ب؛** بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەرفەتی چالاکییان بۆ ڕەخسا.

**ج؛** مەجالی دروستکردن و بەهێزترکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان بەتایبەت هێزی پێشمەرگە لەبار بوو.

ئەم هەلومەرجانە، بەستێنی بۆ ململانێی ڕاستەوخۆی نێوان ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ و پێشمەرگەی خۆش کرد.

## ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئاسایش و نەزمی کۆمەڵایەتیدا

بە سەرنجدان بە ئامادەبوونی کاریگەر و ئەو دەرفەتەی کە هاتەئاراوە، پێشمەرگە جگە لە چالاکییە سەربازییەکان، ڕۆڵی سەقامگیرترکردنی نەزمی کۆمەڵایەتیشی لەئەستۆ گرت.

هەروەک:

- پاراستنی گوند و ڕێگای شاخ
- نێوەندگیری لە نێوان خەڵک و چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکان
- پێشکەشکردنی فریاگوزاری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە ناوچە قەیراناوییەکان.

ململانێ چەکدارییەکان لەگەڵ ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ لە نێوان ساڵانی ١٣٥٧ بۆ ١٣٦٧ پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە دوو ڕەهەندی بەرەیی و پارتیزانیدا لەگەڵ هێزە سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا تووشی شەڕ بوو.

ئەم شەڕانە بریتی بوون لە:

- گەمارۆدانی شار و گوندەکان لەلایەن سپای پاسداران و بەسیجەوە.
- شەڕی پەرشوبڵاو لە شاخ.
- پەرچەکرداری پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و بەرگریکردن لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری.

سەرەڕای شەڕ و ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییەوە، پێشمەرگە توانی تۆڕە نێوخۆییەکانی خۆی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ و وەک پارێزەری خەڵک خەریکی بەرگریی ڕەوا و پەرچەکدار بێ.

## کاریگەریی شەڕی ئێران و عێراق

شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩ - ١٣٦٧) کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکییەکانی پێشمەرگە هەبوو. ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەهۆی نزیکی لە عێراقەوە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بوون.



سەرچاوە Serchawe

پێشمەرگە جگە لە بەرگریی نێوخۆیی، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی قەیران و پشتیوانی لە ئاوارەکان و خەڵکی شەڕلێدراویشی لەئەستۆ گرت.

**ئەم قۆناغە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە:**

- دووپاتە شەرعییەتی کۆمەڵایەتییەکەی بەهێزتر بکا.
- ئەزموونی ئۆپەراسیۆنی فراوانتر بەدەست بهێنێ.
- ببنە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی - سیاسی بەهێز و تەنیا وەک هێزێکی سەربازیی سەیر نەکرێ.
- نیشاندانی توانای پاراستنی خەڵک و داواکارییەکانیان و بەرگریکردن لە سەرمایە سەرەکییەکانی خۆیان وەک شەرعییەتی جەماوەری.

**بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵ لەم ماوەیەدا ڕەفتار و مامەڵەی پێشمەرگە بووە هۆی ئەوەی کە:**

**ئا؛** سەقامگیرکردنی کولتووری خۆڕاگری و بوێری.
**ب؛** بەرهەمهێنانەوەی بەها بەکۆمەڵەکانی وەک دڵسۆزی، هاودەنگی و پابەندبوون بە کۆمەڵگە.
**ج؛** ڕۆڵگێڕی لە پاراستنی هێما و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان.
**د؛** بەهێز و فراوانترکردنی ئەدەبیاتی بەرخۆدان و داواخوازی.

ناسنامەی بەکۆمەڵی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا بە تەواوی لە یادەوەریی خەڵک و فەرهەنگی زارەکیدا دامەزرا و ڕوونکرایەوە، و دواتر بنەمای ناساندنی ٢٦ی سەرماوەزی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" ڕەخساند.

**پێشمەرگە لەم ماوەیەدا نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی:**

- سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگە وەرگرتووە.
- شەرعییەتی ئەخلاقی و کولتوورییان هەبووە.
- تۆڕە نێوخۆییەکانیان بەهێزتر کردووە.
- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان یارمەتیدەربوو لە مانەوەی ئەم دامەزراوەیە.

## قۆناغی دوای ململانێ و چەسپاندنی دامەزراوەی پێشمەرگە

دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی سەرەکیی ململانێی بەردەوام و بەرفراوانی ئێران و کوردستان (١٣٦٧ - ١٣٨٠)، حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە کەوتنە قۆناغێکی سەقامگیری ڕێژەیی و خۆڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی.

### ئەم قۆناغە بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە تایبەتمەندە:

ئا؛ کەمبوونەوەی گوشاری سەربازیی ڕاستەوخۆی ڕێژیم لە ناوچە سنووری و شاخاوییەکان.
ب؛ پێویستیی بنیاتنانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕەکان دوای زیانەکانی شەڕ.
ج؛ زیاتر گرنگیدان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەییەکان بۆ چەسپاندنی شەرعییەتی نێوخۆیی پێشمەرگە
د؛ جیا لە ئامادەبوونی مەیدانی، لەم قۆناغەدا پێشمەرگە زیاتر لە هەر قۆناغێکی تر، بوو بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی و ئەخلاقی.

### ڕێکخستنەوە و پیشەییکردنی ڕێکخراوە

لە ساڵانی ١٣٧٠ی هەتاویدا، پێشمەرگە چەند هەنگاوێکی سەرەکی بۆ چەسپاندنی دامەزراوەکەیان ناوە:

- **دروستکردنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی پیشەیی:** زنجیرەی فەرماندەیی یەکگرتووتر بوو و ڕاهێنانی سەربازی و سیاسی بەشێوەیەکی سیستەماتیکتر ئەنجام درا.
- **دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان:** پێشمەرگە بەسەر دوو لقی جیادا دابەش کرا: لقێکی سەربازی بۆ بەرگری و لقێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری.
- **پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگە:** تۆڕە نێوخۆیی و شار و گوندەکان بە پێشمەرگەوە گرێدرابوون و ئەم پەیوەندییە شەرعییەتی کۆمەڵایەتی زیاتر کرد.

ئەو ڕێوشوێنانە پێشمەرگەیان کردە دامەزراوەیەکی سەقامگیر و خۆڕێکخراو کە توانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و بەردەوامی و سەقامگیریی شەرعییەتی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ.

## ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێشمەرگە

**لەم ماوەیەدا پێشمەرگە زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی گێڕا:**

**ئا؛** پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و نەزمی کۆمەڵایەتی: پێشمەرگە بە بوونی کاریگەریی خۆی وەک بریکارێکی ڕێگریکەر، ڕێگربوو لە پانتایی و قووڵایی تاوانەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان و ڕێگرتن لە گرژییە نێوخۆییەکان بەشێک لە ئەرکیان بوو.

**ب؛** چالاکی فەرهەنگی و پەروەردەیی: پێشمەرگە قوتابخانەی نێوخۆیی و چالاکییە کولتوورییە نێوخۆییەکانی دامەزراند بۆ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی کورد و گواستنەوەی بەهاکانی بەرخۆدان و ئەخلاقی بەکۆمەڵ؛ هەروەها هانی کۆمەڵگەیان دەدا و پشتگیرییان دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە.

### بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵ

هالبۆکس پێی وایە یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی مانا و ناسنامەی بەکۆمەڵە. لەو ماوەیەدا پێشمەرگە لە ڕێگەی چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانیانەوە یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردیان بەرهەم هێنایەوە؛

### ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

- چیرۆکی زارەکی و گێڕانەوەی بەرخۆدانی پێشمەرگە
- هێماکانی بوێری و ئەخلاقی بەکۆمەڵ
- بەهاکانی دڵسۆزی و هاودەنگی و پشتیوانی بۆ کۆمەڵگە

ئەم وەچەخستنەوەی شوناسە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا تەنانەت لە نەبوونی دەسەڵاتی فەرمی و بوونی مەیدانییەکی گەورە، لە سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا وەک سیمبولی شەرعییەت و شوناسی بەکۆمەڵ بمێنێتەوە.

**ماوەی ساڵانی ١٣٦٧ - ١٣٨٠ نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانی کۆمەڵگەمیحوەرە.**

**تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:**

**ئا؛ بەردەوامیی کۆمەڵایەتی:** پێشمەرگە توانی شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە و بەهێزتری بکاتەوە.

**ب؛ وەچەخستنەوەی کولتووری و ناسنامە:** چالاکییە پەروەردەیی و کولتوورییەکان بووە هۆی چەسپاندنی زیاتری ناسنامەی بەکۆمەڵ.

**ج؛ تۆڕە نێوخۆییەکان:** پشتیوانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان و گوندەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگەی زیاتر بەهێز کرد.

**گۆڕینی نەوەیی و چەسپاندنی شوناسی کولتووری پێشمەرگە:**

دەیەی ١٣٨٠ی هەتاوی لە کوردستانی ئێران بە گۆڕانی نەوەکان، فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی بە بنیاتنانەوەی کولتووری تایبەتمەندە. نەوەی نوێی پێشمەرگە کە دوای ململانێکانی حەفتاکان و سەقامگیری ڕێژەیی هەشتاکان مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابوو،

**بە ئامانجەکانی زیاتر لە شەڕی سەربازی هاتنە ناو ڕیزی تێکۆشانەوە:**

**ئا؛** پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و ئەخلاقی بەکۆمەڵ.

**ب؛** بەهێزکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی پێشمەرگە.

**ج؛** ئامادەکردنی بەستێن بۆ چالاکییە پەروەردەیی و مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی نێوخۆیی.

**د؛** پێناسەکردنەوە و فراوانکردنی مەودای شوناسی بەرخۆدان و پەرەپێدانی فەلسەفەی بوونی پێشمەرگە.

**ه؛** کاریگەریی دەستەواژەی پێشمەرگە لە کایە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی دیکە وەک پێشمەرگەی ژینگەپارێز و پێشمەرگەی سپی پۆش (پرسنێلی پزیشکی لە کوردستانی ئێران) و...هتد.

**و؛** پێناسەی بێسنووری پێشمەرگە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردی کە بۆ قازانجی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ.

**ز؛** دابەشبوونی نەریتی دەستەواژەی پێشمەرگە بۆ لایەنی سیاسی (ڕێکخراوەیی لە حیزبی دێموکرات) و لایەنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

ئەم نەوە نوێیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دامەزراندنی پێگەی پێشمەرگە وەک ڕەمزی بەرخۆدان، شوناسی بەکۆمەڵ و پەرەپێدانی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی پێشمەرگە.



سەرچاوە
Serchawe

## چالاکیی کولتووری و پەروەردەیی

**نەوەی نوێی پێشمەرگە گرنگییەکی تایبەتی بە چالاکییە کولتووری و پەروەردەییەکانی دا:**

- **دامەزراندنی قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییە نێوخۆییەکان:** فێرکردنی زمانی کوردی، مێژووی کوردستان و بەها ئەخلاقییەکانی پێشمەرگە.
- **ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ گەنجانی پێشمەرگە:** ڕاهێنانی سەربازی تێکەڵ بە پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی.
- **چالاکی فەرهەنگی:** ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و بۆنە نەریتییەکان، پێشخستنی مۆسیقا و ئەدەبی کوردی.
- **چالاکیی مەدەنی:** هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەکۆیەکی گونجاو بۆ دابینکردنی هەلومەرج بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستێکی فراوانتر.
- **دەرکەوتن وەک ڕەمزێکی نیشتمانی:** بە مۆدێلکردنی کۆمەڵایەتی - ئەخلاقی پێشمەرگە و دەرکەوتنی پێشمەرگە وەک ڕەمز و براندێکی نیشتمانی لە شێوازە ڕەفتارییەکانی نەوەی نوێ و گەنجاندا.

## ڕاگەیاندنی ڕەمزیی ٢٦ی سەرماوەز

لەو ماوەیەدا ٢٦ی سەرماوەز بە فەرمی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" دامەزرا.

## گرنگی ئەم ڕۆژە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

**ئا؛** یادکردنەوەی مێژووی بەرخۆدانی پێشمەرگە.
**ب؛** ڕێزگرتن لە ئازایەتی و قوربانیدانی نەوەکانی ڕابردوو.
**ج؛** بەرهەمهێنانەوەی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

## ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و شەرعییەت

جگە لە ڕۆڵی کولتووری، نەوەی نوێی پێشمەرگە (لە هەردوو پێناسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا)

**ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزتر کرد:**

- **نێوەندگیری نێوخۆیی:** چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنی قەیرانە نێوخۆییەکان.
- **پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی:** یارمەتیدانی خێزانە زیان لێکەوتووەکان و ئاوارەکان.
- **دروستکردنی تۆڕی مەدەنی:** هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێوخۆییەکان و پەرەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان.
- **بەهێزکردنی کولتووری بەشداریکردنی گشتی:** هاوکاری ژینگەیی، مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتی ئاڕاستەکراو.
- **مارکەی نیشتمانی:** پێناسەیەکی نوێ بۆ پێشمەرگە وەک مۆدێلێکی فراوانتر لە هێزێکی ڕێکخراوەیی و ڕەمزی نەتەوەیی، بە ڕوونکردنەوەی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەناو بازنەی ئەم وشە و زاراوەیەدا.

ئەمڕۆ وشەی پێشمەرگە لە پێناسەی کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان تێپەڕیوە و زیاتر لە حەوت دەیە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئایدیالی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی نەتەوەی کورد، دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناچار بە دووپاتە پێناسەکردنەوەی ئەو چەمکە کردوە؛ چونکی لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی جێی سەرنج، ڕوون و حاشا هەڵنەگرە کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە کە هەنگاو دەنێتە سەر ڕێبازی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری - هونەرییەکان، بە نائاگایی یان بە ئاگاییەوە، بەشێوەیەکی دەرەکی، چ لە گوتاری ڕۆژانەدا، چ لە جلوبەرگ و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەدا، بەرەو خۆگونجاندن لەگەڵ ئێلێمێنتەکانی پێشمەرگەدا دەجوڵێتەوە؛ بە زاراوەیەکی سادەتر، چاکسازیخوازانی کۆمەڵایەتی، چالاکانی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی و ئەوانەی لە پیشەیەکدان کە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، خۆیان بە پێشمەرگە، پێشەنگ و پەرستراوی ئەم میللەتە دەزانن؛ چونکە وشەی پێشمەرگە بە جوانترین جلوبەرگی مێژووی نەتەوەی کورد دەزانن. و لە ئێستادا پرسیار ئەوەیە کە کێ لەم کۆمەڵگەیەدا دەتوانێ بە قەڵەم یان کردەوە حەقی خۆی بە وشە و مانای پێشمەرگە بدا؟

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## بنیاتنانەوەی متمانە یان قووڵکردنەوەی کەلێنەکان



گواستنەوەی سیاسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئەزموونێکی درێژخایەنی پاوانخوازی و چڕبوونەوەی دەسەڵات و ململانێی شوناسیان هەبووە، بە ناچاری پرسی "قەیرانی متمانە" لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە ئێراندا پەیوەندیی نێوان ناوەند و نەتەوەی کورد لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بە مۆدێلی حوکمڕانیی ناوەندگەرایی، سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی کولتووری، ڕوانگە ئەمنییەکان، سەرکوتکردنی ترسناک و توندی داواکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکان داڕێژراوە. ئەم ڕەوتانە کە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، لە سەردەمی ڕێژیمەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی جیاواز درێژەی هەبووە، بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی بەرچاوی بێ متمانەیی بە پێکهاتە فیکری و پراکتیکییەکانی ئەم دوو ڕێژیمە.

لە هەلومەرجی دوای کۆماری ئیسلامیدا، بنیاتنانەوەی ئەم متمانەیە تەنیا پێویستییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو مەرجی پێشوەختەیە بۆ پێکهێنانی نەزمێکی سیاسیی بەردەوام و گشتگیر؛ چونکە زیاتر لە سەدەیەک تاوانی لە ڕادەبەدەر و هەمەچەشن بژاردەی بەردەوام بووە و هیچ وەڵام و چارەسەرێکی لۆژیکی و پراکتیکی لەم ڕووەوە لەبەرچاو نەگیراوە. ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ بێ متمانەیی نەتەوەی کورد بە ناوەند، پێویستییەکی مێژوویی و ئەرکێکی نەتەوەیی هەموو تاکێکی کوردە، کە دەبێ وەک پێشمەرجێک بۆ گەڕاندنەوەی میکانیزمەکانی پێکهاتەی داهاتوو لێی بکۆڵدرێتەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکان بە نیازپاکی دابنرێت.

## بەردەوامیی مێژوویی ناوەندگەرایی و سڕینەوە

یەکێک لە تایبەتمەندییە نەرێنییە دیارەکانی مێژووی هاوچەرخی جوگرافیای ئێستای ئێران، درێژەی مۆدێلی ناوەندگەراییە لە حوکمڕانیدا. لە سەردەمی ڕەزاشادا، پرۆژەی دەوڵەتسازیی مۆدێرن، کە جەختی لەسەر یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکردەوە، بووە هۆی ئەوەی سیاسەتگەلێک کە بە شێوەیەکی کردەیی، فرەچەشنی نەتەوەیی و زمانەوانی و کولتووری بە شێوازەکانی سەرکوتی بەربڵاو و توندوتیژانە پەراوێز بخات؛ زۆرێک لە بەشەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بووە هۆی تاوانی گەورە دژی کۆمەڵگە مرۆییەکان (پرۆسەیەک کە لە تورکیەی ئەتاتورکیشدا بە زەبری چەک بۆ نەتەوەی کورد جێبەجێ کرا)؛ ئەم ڕەوتە لە سەردەمی محەممەد ڕەزا پەهلەویدا بە سیاسەتی کەمتر توندوتیژانە، بەڵام بە سیاسەتی بەرواڵەت نەرم لە هەمان چوارچێوەدا بەردەوام بوو. هەرچەندە کەمبوونەوەی چڕییەکەی بە سەردەمی باوکی بەراورد کرا، بەڵام لە چەشنی خۆیدا دەکرێ لە چوارچێوەی تاوانەکانی دژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە تەواوی لێی بکۆڵدرێتەوە.

لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران، چاوەڕوان دەکرا کە پێکهاتە سیاسییە نوێیەکە، دەرفەتێک بۆ پێناسەکردنی پەیوەندیی نێوان ناوەند و پەراوێزخراوەکان بڕەخسێنێت. بەڵام لە پراکتیکدا زۆرێک لە نەخشەکانی پێشوو، بە تایبەت لە بواری چڕکردنەوەی دەسەڵات و ڕوانگەی ئەمنی لەسەر ناوچە پەراوێزخراوەکان، بەردەوام بوون. لە ئەنجامدا داواکارییەکانی نەتەوەی کورد وەک بەشێک لە دیالۆگێکی نەتەوەیی پێناسە نەکرا، بەڵکوو زۆرجار لە شێوەی پرسێکی ئەمنیدا پێناسە دەکرا و سیستەمی یەکدەستکردن تەنیا جۆر و شێوازی گۆڕدرا، هەروا بەردەوام و بەشێک بووە لە سیاسەتەکانی ناوەند. تێڕوانینی دوژمنکارانە، پێناسە و پێناسەکردنەوەی ناواقیعی بۆ نەتەوەی کورد و داواکارییەکانی، شێواندنی نیازپاکیی نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە سەردەمە جیاجیاکاندا، هەوڵدان بۆ بێ بایەخکردنی داخوازییە مرۆیی و نەتەوەییەکان و... هتد، تەنیا بەشێک لە گەمە سیاسییە مەترسیدار و دژەمرۆییەکانی ناوەند لەهەمبەر کورددا بووە.

## سیاسەتە کولتوورییەکان و پرسی شوناس

یەکێک لە میحوەرە سەرەکییەکانی گرژی، سیاسەتەکانی پەیوەست بە شوناسی کولتووری و زمانەوانی بووە. زمانی کوردی وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەی کورد لە سیستەمی پەروەردەیی و ئیداریدا، پێگەیەکی فەرمیی نەبووە. ئەم دۆخە دەتوانرێت لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردندا شی بکرێتەوە؛ ئەو سیاسەتانەی کە تێیدا هەمەجۆریی کولتووری، لەبری ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندکردن هەژمار بکرێت، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی نیشتمانی دادەنرێت، و ئەم هەڕەشەیە، هەمیشە ڕووبەڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی ئەمنی، ئابووری و

کولتووری بووەتەوە.

ڕوانگە و ڕەفتارێکی لەم شێوەیە، لە درێژخایەندا، نەک هەر نەبووە هۆی بەهێزبوونی یەکگرتوویی، بەڵکوو هەستی دوورخستنەوە و نامۆبوونیشی توندتر کرد؛ بەجۆرێک کە فاشیزم چووە ناو پەیکەری دۆکتۆرینی سیاسیی ناوەندەوە و بووەتە دابونەریت و تێڕوانینێکی هاوبەش و ئاسایی بۆ ئەو گەلانەی کە لە جوگرافیای ئێراندا دەژین. لێکۆڵینەوەکانی بواری کۆمەڵناسیی سیاسییش دەریانخستووە کە تکۆڵیکردن یان هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و نەتەوەیی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ململانێی بەردەوام.

## بەئەمنییەتیکردنی داواکارییەکان

فاکتەری گرنگی دیکەی کەڵەکەبوونی بێ متمانەیی، ئەمنییەتی کردنی داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەو داواکاریانەی کە دەکرا لە شێوەی دیالۆگی سیاسی و چاکسازیی دامەزراوەیی بوروژێندرێن، وەک هەڕەشە هەستیان پێ کراوە. ئەمەش فەزای کارلێککردنی سنووردار کردووە و بووەتە هۆی سوورێکی گرژی و بێ متمانەیی.

بەئەمنکردن، جگە لە دەرئەنجامە کورتخایەنەکان، کاریگەریی درێژخایەنیشی هەیە. ئەم کاریگەرییانە بریتین لە: دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی شەرعییەتی دامەزراوەکانی دەسەڵات و زیادبوونی دووریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا تەنانەت ڕەنگە هەوڵەکانی چاکسازییش بە گومان و بێ متمانەیی بەرەوڕوو ببنەوە.

## لە شەرعییەتەوە بۆ بەشداریکردن

لەم چوارچێوەیەدا دەبێ چەمکی متمانە لە دەرەوەی هەستێکی تاکەکەسی لەبەرچاو بگیرێت. متمانە، لێرەدا، بە واتای قبوڵکردنی شەرعییەتی پێکهاتەی سیاسی، متمانە بە دادپەروەریی دابەشکردنی سەرچاوەکان و باوەڕبوون بە ئەگەری بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیاردانداییە. بە بێ وەدیهاتنی ئەو سێ پێکهاتەیە، هەر هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ناوەند لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەتەوەی کورد، ڕووکەش و ناسەقامگیر دەبێت.

بە واتایەکی تر متمانە بە دروشم دروست ناکرێت، بەڵکوو بە گۆڕانکاریی بەرجەستە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات و داڕشتنی سیاسەتدا دەردەکەوێت. لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەرەوڕووی پێشێلکاریی بەرفراوانی مافەکانیان بوون، دادپەروەریی ئینتقالی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ بنیاتنانەوەی متمانە سەیر دەکرێت. ئەم ڕێگەیە بریتییە لە: دەستنیشانکردن، بەڵگەنامەکردن و

لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی ڕابردوو. بەبێ پرۆسەیەکی لەو شێوەیە، ڕابردوو وەک برینێکی کراوە دەمێنێتەوە؛ ئەمەش دەبێ لە سەرەتای هەر پرۆسەیەکدا بۆ دامەزراندنی توخمەکانی سیستەمێکی نوێ و گشتگیر ئەنجام بدرێت و دەستپێشخەریی ناوەند لەم ڕووەوە و جێبەجێکردنی، وەک نیشانەیەکی ئەرێنی و بەرچاو سەیر دەکرێت.

ناناوەندگەرایی وەک هەنگاوی یەکەم دەتوانرێت وەک نموونەیەک لە ئەرکی ناوەند بۆ دامەزراندنی دادپەروەری و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی و بەدیهێنانی داواکارییە مرۆییەکان سەیر بکرێت. ناناوەندگەرایی واتە دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانیدا، دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی لێپرسینەوە و بەشداریکردن. لە بارەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە کە لە جوگرافیای ئێراندا دەژین، ئەمە دەتوانێت لە ڕێگەی گواستنەوەی دەسەڵاتی تەواو لە چوارچێوەی فیدراڵیزم و پێکهاتەیەکی هاوشێوەدا بێت.

جگە لە ناناوەندگەرایی، پێویستە پرسی فرەکولتووری بەجیددی لەبەرچاو بگیرێت، کە جەخت لەسەر دانپێدانانی فرەچەشنی شوناس دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا شوناسی نەتەوەیی نەک وەک پێکهاتەیەکی یەکپارچە، بەڵکوو وەک کۆمەڵێک شوناسی فرەیی پێناسە دەکرێت و پێویستە بەپێی چوارچێوەیەک بێت کە لەسەر بنەمای ستانداردە جیهانییە پەسەندکراوەکان ئەنجام بدرێت.

## پێداویستییە کردارییەکان بۆ بنیاتنانەوەی متمانە

**یەکەم:** پێویستە بەفەرمی دان بە مافەنەتەوەیی، زمانەوانی و کولتوورییەکاندا بنرێت، لەوانەش پەروەردە بە زمانی دایک، لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا. ئەم پێوەرە تەنیا ڕەمزی نییە، بەڵکوو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستی کەرامەت و سەربەخۆیی هەیە؛ هەنگاوێکی بچووکە بەڵام زۆر گرنگ و مانادارە لە هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دیموکراسیدا.

**دووەم:** دانانی میکانیزمی ڕاستەقینەی بەشداریی سیاسی، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە بڕیاردانی ماکرۆدا بگێڕێت و جیاکاریی ئەرێنی بە نیشانەی نیازپاکی دادەنرێت.

**سێیەم:** کەمکردنەوەی نایەکسانیی ئابووری لە ڕێگەی سیاسەتی گەشەپێدانی ئامانجدار و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەهۆی جیاکاریی ئابووریی دەیان ساڵەوە سەپاوە؛ زۆرجار بۆشاییە ئابوورییەکان وەک نیشانەی جیاکاریی پێکهاتەیی لێک دەدرێنەوە.

**چوارەم:** داوای لێبوردنی فەرمی و چاکسازی لە گوتاری فەرمی و میدیاییدا، بەجۆرێک کە وێنای گەلی کورد لە چوارچێوە

ئەمنییەکان دوور بخرێتەوە و گوتارە فەرمییەکانی دەیەکانی پێشوو وەک لادان و بەلاڕێبردن و ڕوانگەی دژەمرۆیی هەژمار بکرێن.

دەبێ لەبیرمان بێت سەرەڕای پێویستیی ئەم چاکسازییانە، ئاستەنگی بەرچاو لە ئارادایە. ئەم ئاستەنگانە بریتین لە: بەرخۆدانی دەستەبژێر سیاسییەکان لە بەرانبەر گواستنەوەی دەسەڵات، ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە و ئاستی بەرزی بێ متمانەیی کەڵەکەبوو. جگە لەوەش هەر چاکسازییەک دەبێ بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە ڕێگری لە دروستبوونی گرژیی نوێ بکات. ئەمەش پێویستی بە ڕێبازێکی هێدییانە، ئارام و ڕوون لەسەر بنەمای دیالۆگ و هەوڵە پراکتیکییەکان هەیە؛ لەڕاستیدا دووپاتە بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان ناوەند و نەتەوەی کورددا، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕابردوو و چاکسازیی پێکهاتەیی لە ئێستا و داهاتوودا، مومکین نییە.

**لە ئێرانێکی دوای کۆماری ئیسلامیدا، سەرکەوتنی پرۆژەی نوێی بنیاتنانی دەوڵەت، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە توانای دانپێدانانی فرەچەشنی نەتەوەیی و دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دروستکردنی میکانیزم بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینەوە هەیە، ئەگەرنا مەترسیی دووپاتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان نەخشە و ڕەوتە کۆنەکان لەبەردەمدا دەبێت.**

٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان و کورد و کوردستان میدیا**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جووڵای ٢٠٢٦ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ زانیار حوسێنی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

